رۆمان

# دۆزەخی پیرۆز

## رۆمانێکی سینەماییە

ن: بورهان شاوی
و: حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب: دۆزەخی پیرۆز
بابەت: ڕۆمان
نووسینی: بورهان شاوی
وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف
پیتچنین: ڕزگار حەساری
هەڵەچن:زنار محەمەد
دەرهێنانی هونەری: فازیل کولۆسی
چاپخانەی: کارۆ

## پێڕست


*- پێشکەش

*- ئاماژەیێک

1- لای کانیاوەکە

2- پاسەونی ئێشکگر

3-شەکسپیر و سەربازان

4- عەزابی زمان

5- سەبریش سنووری خۆی هەیە

6- مەدام دی رینال...ستندال

7- رینوار...ی کورد

8- ئەفسەران..سەربازان...و...

9- دوو ژن

10- خیانەت

11- شەوانی عەبدوڵڵای سەرباز

12 - هێرش

13- خەڵکی حیکایەتی خۆیان هەیە

14- چیاکان دەسوڕێن

15- جەنازەی کوڕ، شینی دایک دەژنەوێ

16- لوورەی گورگ

17- فیرقەی حەوت

18- شەوێکی رۆژهەڵاتیانە

19- مەتریالیستان و ئایدیالیستان

20- کەروێشك

21- بەڵێننامە

22- دۆزەخی لاوازیی

23- خۆڵەمێشی ئاگری ئاینده

پێشکەشە بە:

نیشتمانە چکۆلەکەم، خێزانەکەم

جەمیلەو حەسەن- سامان‌و روناك کە

بە سەبرو حەوسەڵەیەکی جوانەوە باری قورس

ئەم سەفەرە درێژەیان دەگەڵ هەڵگرتم.

بورهان

## ئاماژەیەك

لە ساڵی 1987دا، کاتێ کە مینحەی نووسەری ئەڵمانی بە ناوبانگ هاینریش بولی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 1983م بۆ دەرچوو، کە تەرخانە بۆ نووسەرانی بیانی پەناهەندەی تاراوگە، ئەم کارە ئەدەبیەم (دۆزەخی پیرۆز) نووسی، (دەبوایە ئەم کارە لە زەرق شەش هەیڤدا تەواو بکەم، کە لە ماوەی ناڤبریدا تەواوم کرد.)

لەم دەقەدا هەوڵمداوە هەموو ئەو تەکنیکە درامییە سینەماییانە بەکار بێنم، کە لە کاتی خوێندنی سینەمادا لە مۆسکۆ، فێریان بوو بووم. هەوڵمداوە هەڵوەستەیەك لەسەر قۆناغێکی یەجگار گرینگی مێژووی گەلەکەم، گەلی عێراق بکەم، کە وەکو پێویستو بە باشی لێی نەکۆڵدراوەتەوە، ئەویش قۆناغی – وەرچەرخانی نێوان ئاوا بوونی دەسەڵاتی سەرەك بەکرو هاتنە سەر حوکمی سەدام حسەینە. دەقاو دەق ماوەی نێوان ساڵانی (1977- 1979)م مەبەستە، کە لەم قۆناغو ماوەیەدا هەر هەموو ئەو ڕەوتە هزری و فیکریو سیاسیانەی کە لە هەناوی کۆمەڵگەی عێراقیدا مێرولەی دەکرد، پاکسازی کران. پیاو ڕاست بڕوات، کاتێ کە ئەم دەقەم نووسی بە تەما نەبووم حیکایەتێکی سیاسی تۆماربکەم، بەڵکو هەوڵمداوە هەندێ لە وردە بابەتەکانی ئەزموونە شەخسیەکانی خۆم بگێڕمەوە،و پاشماوەی ناڵەو کوڵو کوڤانو ئازارو سوێیە ئینسانیەکانی ئەو کەسانەی لە کاروانی ژیاندا ناسیمن بەرجەستە بکەم، ئەو ناڵەو کولو کوڤانانەی کە تەنانەت لە شەوانی ساردو سڕی، دوورو درێژی غوربەت و تاراوگەشدا هەر لە دووم بوونو بەرۆکیان بەر نەدەدام.

ئەوە بوو بە هاندانی هزرڤانی عێراقی، هادی عەلەویی ڕەحمەتی، چەند بەندێکم لەم کارە، لە ڕۆژنامەی (الغد الديمقراطي)دا بڵاوکردەوە کە لە کۆتایی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی رابردوو لە لوبنان دەردەچوو، بەڵام هەر بەو دەقەوە لە کتێبخانەکەمداو لە نێو کتێبو دەستنووسەکانمدا دامناو بیرم چووەوە، تا لە دواییدا، کاتێ روحو گیانمان گەردو تۆزی غوربەتو تاراوگەی لە خۆی تەکاند، پاش روخانی دکتاتۆر،و پاش ئەم وێرانیە جوانە، دۆزیمەوە. ئەوجا بە دوو دڵی، دام بە هاوڕێی ئەدیبو رەخنەگرم دکتۆر سەلمان گاسد، تا سەرنجو تێبینییە ئەدەبیو رەخنەییەکانی خۆی لە بارەوە دەربڕێت، بە تایبەتی کە لە مێژوو، بونیاد، شێوازی رۆمانی عێراقیدا پسپۆرو شارەزایەکی زەبەردەستی لێهاتووی، کارامەی سەرنج تیژو وردبینە... مەگەر هەر خۆم بزانم چەند خۆشحاڵ بووم کاتێ کە هانی دام، وەکو خۆی، بێ ئەوەی حەرفێکی بۆ زیاد بکەم، بڵاوی بکەمەوە، بۆیە سوپاسگوزارو منەتباریم.

بورهان، ئەبو زەبی 2003

((1))

## لای کانیاوەکە

ئاسمانو دەشتو چیا نقومی تیشکی دڵرفێنی هەتاوە، دۆڵێکی پانو بەرین، لە نێوان دوو زنجیرە چیادا ڕاکشاوە. دارودرەختان وەك ئەوەی لێکدی نەبان بن هەر بڕێکیان ڕوویان کردووتە لایەك، لە لایەکەوە کانیاوان لە نزیکی یەکترەوە قوڵە قوڵ ، هەڵدەقوڵێن، ئاوی سازگارو زوڵاڵ لە سەرچاوەی خۆی سەر دەکاتو دەڕژێتە وردە جۆگەلانەوە، لەمبەرەوە تا چاو بڕ دەکات دەشتێکی پانو بەرین ڕاکشاوە. گوندێکی نیمچە چۆڵ لە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا قیت بووەتەوە، ئەمە گوندی (قاینجەیە) کە لە شارۆچکەی سەید سادقەوە، کە کەوتووتە کۆتایی دۆڵەکەوە، زۆر دوور نیە. لە پێچی زنجیرە چیایەکەدا، ئاسۆیەکی بەرین دەکرێتەوە، ئەو ڕێگایانەی بۆ شاری سلێمانیو بۆ هەڵەبجە دەچن یەکتر دەبڕن... هەمان ڕێگا بە دۆڵەکەدا بەرەو شاری پێنجوێن دەکشێت.

لە دەستەکەی دیکەی دۆڵەکەدا،و لە هەوەڵی بناری چیایەکەدا گوندێکی چکۆلە بە ناوی (کانی سکان) لە نزیکی سەرچاوەیەکدا ڕاکشاوە کە ژمارەی ماڵەکانی لە دە ماڵ تێناپەڕێت.

لەو دیوی ئەم گوندەوە سەربازگەیەك هەیە، پڕە لەو سەربازانەی کە چارەنووسو قەدەری شوومیان تۆڕی داونەتە ئەم دەڤەرە جوانەوە، بەڵام دوورە لە کەسوکارو دۆستو ئاشنایان.

گۆڕستانی گوندەکە کەوتووەتە پاینی سەربازگەکەوە، هەر گۆڕەو بەبێ تەرتیب لێرەو لەوێ ڕاکشاوە، دیوارێکی بەردینی کەڵەکەچنی بە چوار دەورا کێشراوە. گۆڕەکان بەبێ تەرتیب لە باوەشی گۆڕستانەکەدا ڕاکشاون، مەگەر بە کێلەکانیاندا یان بەو کەڵەکە بەردانەی لەسەریان هەڵچنراوە بناسرێنەوەو لێکدی جیا بکرێنەوە. بەشەریش سەیرە، لەوە دەچێ تا هەناسەی لەبەر بێ هەر پابەندی جیاوازی بێ، تەنانەت لە مەرگیشدا، کە بەبێ جیاوازی لە تاریکستانی خۆیدا بە یەکسانی لە بن باڵی ناون، هەر پابەندی جیاوازی بێ.

گۆڕستانەکە هی گوندی (کانی سکان)ـە، گۆڕی ئەو ڕۆڵانەیانی لە خۆ گرتووە کە لە بارەگای فیرقەی حەوتەمی سەر بە فەیلەقی سوپای عێراقیدا ئیعدام کراون، هەروەها گۆڕی ئەوانەشی تێدایە کە بەدەم بەرەنگاربوونەوەی ئەو سوپایەوە کە دەسەڵاتی بەغدا ناردبووی تا گوندو دارستانو باخو خەڵكو خواو بەردو بە شەری ناوچەکەیان بسووتێنێو کوردستان بکات بە دۆزەخ.

نیوەڕۆیەکی زۆر گەرمە. بەشەر دەسووتێ. سەربازێك لە سەربازگەکەوە بە دیارکەوت، بەسەر دیوارە کەڵەکەچنەکەی نێوان سەربازگەکەو گۆڕستانەکەدا بازی دا، بە حوکمی لێژی ئەرزەکە، بە غار بۆ ناو گۆڕەکان داگەڕا، لەلای قەبرێکەوە وەستا، پشتێنەکەی کردەوە، پانتۆڵەکەی هێنایە خوارێو دانیشتە سەر پێشاو.

گۆڕستانەکەو سەربازگەکە، لە خوار گوندەکە لە بنار چیایەکەدان. بۆیە گوندەکە لە دوورەوە وا دەنوێنێ کە ڕێك بەسەر گۆڕستانەکەو سەربازگەکەوەیە.

کچۆڵەیەکی قەدباریك بە جلی کوردی شۆڕەوە سەرکەوتە سەربانەکەی خۆیان، نیگای بە ئاراستەی گۆڕستانەکەدا هەڵدا، دانیشت، سەری، بە ئاراستەی حەوشەی ماڵەکەیان، دانەواند، دەتگوت یەکێکی بانگ کرد، زوو بە زوو ژنە کوردێك بە جلی سووری ئاڵەوە، سەرکەوتە سەربان، بە دوو قۆڵی نیگایان بەرەو گۆڕستانەکە هەڵدا، ئەوسا بە جووتە کەوتنە دەست جوڵان، لە دوورەوە وا دەهاتنە بەرچاو کە دەست بەرز بکەنەوەو لە خواوەندی ئاسمان بپاڕێنەوە. زۆر جار سەربازەکان لە پەنای گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکانیاندا دەستیان بە ئاو دەگەیاند. هەندێ لە پیرە پیاوماقولانی گوند، چوون بۆ لای فەرماندەی سەربازگەکەو گلەیی ئەوەیان کرد کە ئەم گۆڕانە هی ڕۆڵەو ئازیزانیانەو هیچ ڕەوای هەق نیە کە سەربازان، بە بەر چاوی خۆیانەوە، میزیان بەسەردا بکەن. فەرماندەی سەربازگەکە نەك هەر شکاتی نەپرسین، بەڵکو دەریکردن و هەڕەشەی لێکردن کە ئەگەر جارێکی دی بێنەوە، ئەوانیش دەکات بە خەڵکی گۆڕستانەکە،و سەربازەکان گاڵدەدات کە شەوو ڕۆژ گوو بەسەر گۆڕەکانیاندا بکەن. خەڵکی گوند بە ناچاری ئەم سووکایەتیەیان قووت دا، ئیدی کردیان بە عادەت کە ڕۆژانەو لە دوورەوە چاودێری ڕیتن و میزتنی سەربازەکان بکەن، زۆرجار دایکێك کە ڕۆژێ دەبوری و نەیدەبینی کەسێك لەلای گۆڕی کوڕە شەهیدەکەیەوە دەست بە ئاو بگەیەنێ، لە دڵی خۆیدا هەستی بە شادمانییەکی شاراوەو پەنهان دەکرد.

ئەگەر یەکێك بڕوانێتە گوندی (کانی سکان) بەر لەوەی بیگاتێ، دەبینێ مێرد منداڵان و هەندێجار خەڵکی گەورەو بە تەمەنیش لەسەر بانەکان، ڕوو لە گۆڕستانەکە، دەوەستن.

***

نیوەڕۆیەکی گەرمە، دۆڵەکە کڕو کپ، جگە لە خوڕەی ئاوی جۆگاکان، نە سرتەیەك نە دەنگێ لە هیچ شتێکەوە نایەت. ئەوان بە جووتە لەسەر کانیەکەو لە ژێر سێبەری دارتووەکاندا دانیشتبوون. پیرەژنێکی پەنجا شەست ساڵان، بەڵام وەکو هەر پیرەژنێکی چیایی چوست و چەلەنگ دیار بوو، جلێکی کۆنی لەبەر بوو، دەموچاوی بتەوو سیمای توند، تووڕەیی و داخ و کەسەر لە نیگایدا قەتیس مابوو... نیگای وێڵی پیرەژن لە نێوان چیاو گوندو دەشتەکەو چارەو سیمای کیژە جوان و کێوییەکەیدا دەهات و دەچوو. کیژەکەی، چاوانی نوقاندبوون، لە تۆ وایە خەون دەبینێ یان گەرەکیەتی سیمایەك لە ناو یادگەی خۆیدا ڕاوبکات. بە جەستە گەنج و ناسك، بە سیماو فەساڵ خەمین و خەمبار بوو. چاوەکانی هەڵێنان، بێئەوەی چاو بتروکێنێ نیگایەکی گۆنگ و مەندی پیرەژنەکەی کرد. پیرەژن، خۆی لەبەر ئەم نیگایە پێنەگیرا، بازی چاوی بەرەو گوندەکە، کە زۆر دوور نەبوو، هەڵدا. پاش ئەوەی نیگایەکی لەزو پرسیارئامێزی کیژەکەی کرد، لەبن لێوانەوەو بە شێوەزارە کوردیە سۆرانیەکەی ورتە ورتێکی کرد.

– پێدەچێ جگە لە لە ئێمە کەس نەمابێ، هەموو کوژراون، وا دیارە گوندی (حەمە ڕەش)شیان سووتاندووە.

کیژە وەڵامی نەدایەوە، نیگایەکی سرکو ڕەوەکی دایکی کرد، ئەوجا نیگای لەسەر کانیە ڕەوانەکە گیرسایەوە. پیرەژن سەیرێکی کرد، پاشان ئاوڕی لەو شتە دایەوە کە نیگای کیژەکەی لەسەر گیرسابووەوە، نیگای لە نێوان دەموچاوی کیژەکەیو کانیاوەکەدا کەوتە هاتووچۆ، بە خەمینی سەری داخست، دوای چەند ساتێك سەری هەڵبڕی،و ڕوانیە ئاسمانو لەبن لێوانەوە گوتی:

– بەم زووانە قیامەت ڕادەبێ.

کیژەکە، ئاوڕێکی کوتوپڕی لێدایەوە، بۆ ساتێك چاوی تێبڕی، دووبارە سەری داخستەوە، نیگای وێڵی بە ناخی ناخیا شۆڕ بووەوە. پیرەژن لە ناکاو هەستا، بەرەو کانیاوەکە چوو، دەموچاوی شت، ئاوڕێکی لە کیژەکەی دایەوە، کیژێ یەك تەختە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو، دەستێکی خستبووە سەر دەموچاویو، ئەویتری نابووە ژێر سەری. پیرەژن لە جێی خۆی ڕاوەستا، نیگای بەرەو سەربازگەکەو گۆڕستانەکە هەڵدا، لە کیژەکەی چووە پێشێ:

– خۆشبەختانە کانیاوی دی لە نزیکی سەربازگەکە هەن، دەنا سەربازەکان بۆ ئێرە دەهاتن.

کیژەکە، سەری هەڵبڕیو هیچی نەگوت، نیگایەکی دایکی کردو دووبارە پاڵکەوتەوە.

– دەبێ تا خۆرئاوا، تا ئەو کاتەی ژنانی گوند دەچن بۆ سەر کانیەکەی دی، لێرە چاوەڕوان بکەین.

پیرەژن، پشتی بە دارێکەوە داو بە دیار کیژەکەیەوە کە خۆی قانگڵە کردبوو، دانیشت. لەم کاتەدا، لە دوورەوە، لە کەرخی سەربازگەکەوە دەنگێك بە شێوە زمانی عێراقی بەرز بووەوە:

– مار... مار

سەربازێك بە خۆو دۆڵچە ئاوێکەوە، کە شڵپە شڵپ ئاوی لێدەرژا، بەرەو سەربازگەکە کەوتە گورگە لۆقە. سەربازەکە، لە دیواری سەربازگەکە ئاوا بوو،و کەوتە نەدیوی... کیژەکە خەبەری بووەوە، سەری هەڵبڕی، نیگای بەرەو سەربازگەکە هەڵدا، دوو سەربازی بینی کە دەگەڵ سەربازە دۆڵچە بە دەستەکەدا گەڕانەوە، یەکێکیان تفەنگێکی بە دەستەوە بوو، سەربازەکان بەرەو کانیاوەکەی پاینی سەربازگەکە، نشێو بوونەوە، کانیاوەکە لە دەشتەکەی نێوان سەربازگەکەو گوندەکەدا بوو. سەربازەکان بە زمانی عەرەبی کەوتبوونە ژاوە ژاوو دەنگە دەنگ. پیرەژنو کیژەکەی شتێکی ئەوتۆیان لێ حاڵی نەدەبوون. لە پڕ دەنگی دەسترێژێك لە دۆڵەکەدا هەستا،و لە چیایەکەدا دەنگی دایەوە. کیژێو پیرەژن لە دەنگەکە ڕاچڵەکین، هەندێك لە ژنانی گوند بەسەر بانەکان کەوتن، سەربازەکان بە دەم قاقای پێکەنینەوە خۆیان وەپەنای دیواری سەربازگەکە دا.

((2))

## پاسەوانی ئێشکگر

دەمەو ئێوارانی هاوین، کاتێ خۆر بەرەو ئاوا بوون دادەکشێت، چیاکان وەنەوشەیی دەنوێنن، لەگەڵ ئاوا بوونی خۆردا، دەگۆڕێن بۆ شینی تۆخ، لە شەوا دارو درەختەکان وەکو تاپۆ و

تارماییان، و چیاکان وەکو ئاسمانێکی تاریک تاریک دێنە بەرچاو. دنیا کڕو کپ و خامۆش، جگە لە خوڕەی ئاوو زیکە زیکی مێروانی کێوی هیچ دەنگێکی دی نایەت.

بەیانیان، چیاکان، پڕ پڕ دەبن لە دەنگی زەنگۆڵەی ملی گاو گۆتاڵ و بزن و پەزان کە بەرەو لەوەڕگەکان ملی ڕێ دەگرن، تەژی دەبن لە جریوەو چریکەی تەیرو توی کێوی.

چیاو کێوان، دارو درەختان،، گیانلەبەران، و ئاسمان هەر هەموو وەکو بوونەوەرانی ئاوەزدار دێنە بەرچاو، لە تۆ وایە بیردەکەنەوە، قسە دەکەن، پێدەکەنن، ستران و گۆرانی دەچڕن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لە تۆ وایە مرۆڤەکانیش بەشێکن لەوان.

لەگەڵ خۆر ئاوادا، پیرەژن و کیژەکەی هەستان، بەرەو گوند پەل بوونەوە، لە کانیی گوندەکە، کە خەڵکی گوند هاتووچۆیان دەکرد نزیك بوونەوە، کچۆڵەیەکی هەشت نۆ ساڵان کە تازە لە شتنی ئامان و هیربارەکانی بوو بووەوە، و خۆی ئامادە دەکرد کە بۆ گوند بگەڕێتەوە. لە هاتنی ئەو جووتە ڕێبوارە وەئاگا هات، بەلاپرەسەنی چاوی تێبڕین، بەلایا تێپەڕین، پێی هەڵگرت، کەوتە شان بە شانیان، بەڵام چونکە ئەم بارەکەی قورس بوو بە ئاسانی نەیان دەگەیشتێ، زیاتر پێی هەڵگرت تا بیانگاتێ. هەستیان پێکرد... گوێیان نەدایە....کچۆڵەی تاین لەناکاو نووچێکی دا، بەڵام نەکەوت، تەق و هۆڕی مەنجەڵ و ئامانە فافۆنەکانی بەرز بووەوە... دایك و کیژ وەستان... ویستیان بڕۆن... بەڵام بە بێدەنگی و خامۆشی دانەوینەوە، کەوتنە کۆکردنەوەی ئامانەکان لە گەڵیا... ئاوڕیان دایەوە... سەیریان کرد کچۆڵەکە بە غار دوای ئەو مەنجەڵە کەوتووە، کە بە خێرایی بەرەو کانیاوەکە غل دەبووەوە.

لە قۆڵی سەربازگەکەوە، لەبەر ئەو قوللەیەوە کە بەسەر گوندەکەدا دەیڕوانی، سەربازێك بە خۆو تفەنگەکەیەوە بە خەمساردی و بێ موبالاتی وەستا بوو. لە هەوەڵی نۆرە ئێشکی شەوانەی خۆیدا بوو، بە سۆزو بەزەییەوە ڕوانییە ئەو کچۆڵەیەی کە غاری دەدا... ئەوجا بە دەم بزەیەکەوە ڕوانیە مەنجەڵەکە کە گلۆر دەبووەوە. پاشان ئاوڕی دایەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر دایك و کیژەکەی دایە بەر زەین. مەودای نێوان سەربازەکەو ئەو جووتە کەم نیە، دایك و کچ بە جووتە جمان، سەربازەکە نیگای لێنەدەگواستنەوە. سەربازێکی دیکە لە پشتیەوە هات، قسعەیەك برنج و کەمێك مەرگەی پێ بوو. سەربازی دووەم بۆ ساتێك ڕوانیە هاوڕێ پاسەوانەکەی... زەردەخەنەیەی بۆ کرد... چوە پێشێ... قسعە خواردنەکەی لە عاردی دانا.

***سەربازەکە (بە زمانی عەرەبی) : هیچ هەیە؟***

***سەربازە ئێشکگرەکە لە بن لێوانەوەو بە خەمینی گوتی: نا.... هیچ نیە.***

***سەربازەکە: کەواتە وەرە با شیوەکەمان بخۆین.***

***ئێشکگر: ئشتیام نیە، تۆ نانی خۆت بخۆو کەمێك بۆ من بهێڵەوە.***

***سەربازەکە (بە سوعبەتەوە): کوڕی باش، تا گەرمە. وەرە بیخۆ...***

ئێشکگرەکە، تفەنگەکەی لە لایەکەوە داناو، لە قسعە خواردنەکە چووە پێشێ. ڕووی کردە گوندەکەو چوار مشقی لێی دانیشت. سەربازەکەی دیکە دەستی بە خواردن کردبوو.

کچۆڵەکە، لای کانیەکە مەنجەڵەکەی گرتەوەو دیسان بە هەورازەکەدا گەڕایەوە. پیرەژن و کیژەکەی گەیینە گوندەکە، کەوتنە لێدانی دەرگایەك، دەنگی مولیدە کارەباییەکە لە کەرخی سەربازگەکەوە بەرز بووەوە، هەندێ گڵۆپ هەڵبوون.

تاریکی بەرە بەرە باڵی بەسەر چیایەکەدا دەکێشا.

((3))

## شەکسپیرو سەربازان

ئافرەتێکی گەنجی کورد، بە سینییەکی چکۆلەی پڕ لە پیاڵەوە لە ژوور وەدەرکەوت، لەلای کوانوویەکی بەرهەیوانی ژوورەکە دانیشت. سینییەکە پیاڵەی بەسەرەوە بوو، دوو منداڵ لەلاوەو لە عاردی نووستبوون، کچەکە لە نزیکی ئەوانەوە ڕادەکشێت، پیرەژنیش بە دەم دانیشتەوە هەردوو لاقی ڕادەکێشێت. فانۆسێك لە ناوەندی هەیوانەکەدا هەڵکرا بوو.

ئافرەتە گەنجەکە، بە دەم چا تێکردنەوە گوتی:

***– کە مەفرەزەی سوپاو جاش گەییشتنە گوندی، کەسیان نەبینی تەنیا کوێخاو هەندێ پیرەپیاو نەبێ، پیاوەکانی دی دابوویانە شاخ، کە کەسیان بەردەست نەکەوت، سێ چێڵیان هاتبووە ڕێ و هەر سێکیان کوشتبوون. یەکێکیان تاقە چێڵەکەی (مانگا) فاتێی بەدبەخت و نەگبەت بوو، دووانەکەی دی هی کوێخای داماو بوون، هەرچەندە لەگەڵ حکومەتیشدایە.***

پیرەژنەکە رووی گرژ بوو، دزە نیگایەکی کیژەکەی کردو بە خەمینی گوتی:

***– دەست لە گیانلەبەرو ئاژەڵانیش ناپارێزن! چیم دی، چەندم بینی، ئاخۆ چەندی دی دەبینم، براکەم و مێردەکەم کوژران، و ئەوەتا بە بەرچاوی خۆمانەوە منداڵەکانمان دەکوژن... هێمنی کوڕە گەورەم لە بەندیخانەی ئەبو غرێبە لە بەغدا... ئەمەش شیرینە، بە خۆت دەزانی کە دەزگیرانەکەیان کوشت، لە شەڕێکدا زامدار بوو، و نەیتوانی خۆی لە سوپا بشارێتەوەو یەك شاجوریان (مەخزەن) تیا بە تاڵ کردەوە، نازانم کەی ئەم مەینەتیانە تەواو دەبێ؟***

***

شەوە، تاریکی چیاو دەشت و دەرو هەموو شتێکی لە ژێر باڵی خۆی ناوە. هاڕەی موەلیدەکە، لە سەربازگەکەدا، دەنگدەداتەوە.

هەمان سەرباز، لە هەمان پاسگەی هاوشانی گوندەکەدا نۆرە پاسگری خۆی ئەنجامدەدا. هاوڕێکەی لەسەر پەتۆیەکی ڕەشی تۆخ کە لە تاریکەیەکەدا نەدەبینرا، ڕاکشا بوو، رادیۆیەکی چکۆلەی بە دەستەوە بوو، و لێکدا لێکدا میلەکەی بەسەر ئێزگەکاندا دەگێڕا. لە پڕ رادێوکەی کە گۆرانیەکی فەڕەنسی لە ئێزگەی مۆنتیکارلۆوە دەگوت داناو بە شێوەزاری باشووری هەڵیدایە:

***– عەبدوڵڵا، بڵێ بزانم چۆن تۆی خوێنەوارو دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانیان، بە کارنامەیەکی زل و زەلامەوە، بۆ ئێرە ناردووە... ئەدی بۆچی بە گوێرەی پسپۆڕی خۆت نەقڵیان نەکردوویت.***

عەبدوڵلا، بە بێدەنگی بەبەر پاسگەکەدا کەوتە هاتووچۆ، تەماشایەکی گوندەکەی کرد، ئەوجا بە سوعبەتو گاڵتەوە ڕوانیە هاوڕێکەی کە ئەم چەند ساتە بێدەنگیەی بە نیمچە وەلامێک وەرگرت، پاشان گوتی:

*- لەوە دەچێت سەهویان کردبێت.*

سەربازەکە بەپەلەو پەشۆکاوی گوتی:

*- چۆن؟.*

عەبدوڵلا بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

***- وایان زانیوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا، کوشتنو بڕین دەخوێندرێ.***

ئەم وەلامە تەوس ئامێزە تەنگەی سەربازەکەی تری گرتو قەڵسی کرد، بۆیە بێئەوەی قەڵسیەکەی خۆی بشارێتەوە گوتی:

***- نا، بە راستیمە، هۆیەکەی چیە، تۆ لەم سەربازگەیەی ئێمەدا تاقە کەسێت کە پەیمانگەت تەواو کردووە، تەنانەت ئەفسارەکانیشمان (نایب زابت) ئامادەییان تەواو نەکردووە، هەر هەموویان لە سێی ناوەندییەوە چوونەتە دەورات و خولی سوپایی، تەنیا فەرماندەو یاریدەدەری فەرماندەی فەوج شەهادەو کارنامەی بەرزیان هەیە.***

چەند ساتێکی بێدەنگی تێپەڕی، لە ناکاو چێڵێك (مانگا) بە تەنیشت دیوارە نزمەکەی دەوری سەربازگەکەدا تێپەڕی. ڕاچڵەکین، سەربازەکە بە پێکەنینەوە گوتی:

***- ترساندمی، وامزانی موخەڕەبین دایان بەسەرماندا.***

عەبدوڵلا بێدەنگ بوو، لە هاوڕێکەی نزیك بووەوەو بە جدی لێی پرسی:

***- ستار، بڵێ بزانم، شەکسپیر دەناسیت.***

ستاری سەرباز، لە پرسیارەکە ڕاچڵەکی و وەرامی دایەوە:

***- نەخێر، شەکسپیر کێیە.***

عەبدوڵلا بە هەمان جدیو گەرمی بەردەوام بوو:

***- گوێ مەدەیە، کێشە نیە، گوێ بگرە، شەکسپیر لە شانۆنامەی (ماکبس)دا دەڵێت: "ژیان سێبەرێکەو دەڕوات. ئەکتەرێکی بەسەزمانو بەلەنگازە، دەورەکەی خۆی لەسەر شانۆ دەگێڕێتو پاشان دەڕوات... حیکایەتێکە شێتۆکەیەك دەیگێڕێتەوە... یەکپارچە هەراو هەنگامەیەو، هیچ ناگەیەنێ..."***

ستار بە دوو دڵی گوتی:*- تێ نەگەییشتم.*

عەبدوڵلا، ئاوڕێکی بۆ لای پاسگەکە دایەوەو، بەرسڤی(وەلام) دایەوە : ***- باشتر.***

لە پڕ دەنگی پێی کەسێك هاتە گوێ، عەبدوڵلا خۆی ئامادە کردو تێی خوڕی:

***- بوەستە.***

دەنگی پێیەکە نەما. ستار خۆی لە پەتۆکەوە پێچا، خۆی کرد بە نوستوو، عەبدوڵلا دووبارە تێی خوڕی:

*- خۆت بناسێنە.*

دەنگێ لە تاریکیەکەوە هاتە گوێ:- *من ئەفسەری ئێشکگرم.*

چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوە، عەبدوڵڵا تێی خوڕی: - *بوەستە.*

چەند هەنگاوێکی تر هاتە پێشەوە، عەبدوڵڵا تێی خوڕی: - *نهێنی شەو.*

ئەو کەسەی لە تاریکیەکەدا وەستا بوو، گوتی:- *قادسییە.*

عەبدوڵڵا، تفەنگەکەی هێنایە خوارێ،و گوتی:- *فەرموو.*

ئەفسەری ئێشکگر هاتە پێشەوە، پلەی ئەفسەریاری هەبوو، عەبدوڵڵا بە وریایی لە بەردەمیا وەستاو ئیکلامێکی سوپایی بۆ کرد. ئەفسەریارەکە بزەیەکی بۆ کرد، پرسی:

- *هیچ شتێك نیە.*

عەبدوڵڵا بەرسڤی دایەوە: - *نەخێر.*

ئەفسەریارەکە (نایب زابت)، لە پڕ نەڕاندی: - *وریا بە.*

عەبدوڵڵا بە پەشۆکاوی، بە وریایی وەستا. ئەفسەریارەکە لێی نزیك بووەوە، بە زمانێکی ئامیرانەی پڕ لە کینەو هەڕەشە گوتی:

- *واهی وەڵام نادرێتەوە، پێویستە بڵێی نەخێر ئەزبەنی هیچ شتێك نیە، نەك تەنیا بڵێی نەخێر، چما لە کوێی، خۆ ئێرە پەیمانگەی هونەران نیە، ئێرە فشەخانە نیە، ئێمە لێرەدا عەسکەرین، خەنافس نین، حاڵی هەی.*

عەبدوڵڵا بە شپرزەیی وەڵامی دایەوە: - *حاڵی هەم.*

هەنگێ کابرای ئەفسەریار دووبارە نەڕاندنی : - *بڵێ حاڵی هەم ئەزبەنی.*

عەبدوڵڵا بەرسڤی دایەوە:- *حاڵی هەم ئەزبەنی.*

ئەفسەریارەکە، بۆ چەند ساتێك بە توڕەیی لە عەبدوڵڵاو مۆر بووەوە، ئەوسا وەرچەرخاو وەرێکەوت و لە تاریکیەکەدا ون بوو. عەبدوڵڵا بە خامۆشی لە جێی خۆی وەستا. ستار پەتۆکەی لەسەر چاوی خۆی لاداو گوتی:

- *ئەم نامەردە لە تامی دەرکردووە، خودا بیکوژێ و ئێمەی لێ رزگاربکات، ژنە قەحپەکەی کەس نەماوە نەیکێشێتە سەر خۆی، کە ئەمیش بە مادونی دەڕواتەوە، بەر نەعلانی دەدات و نایەڵێ توخنی بکەوێ، کەچی لێرە دەبێ بە پاڵەوان بەسەر ئێمەوە، بۆیە چارەی تۆی ناوێ، چونکە تۆ خوێندنت تەواو کردووەو شادەتنامەت هەیە.*

عەبدوڵڵا بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوجا بە تەشەرەوە گوتی:

- *ترچێو لە خۆم و لە شادەتنامەکەم، وڵاخ.*

***

لەو دەمانەدا، پیرەژنەکەو خاوەن ماڵەکە هەر دانیشتبوون، بەڵام منداڵەکان و شیرین چەرچەفێکی تەنکیان بە خۆدا دابوو. خاوەن ماڵەکە گوتی:

- *باشە ئەگەر لە بەغدا خوشکەزاکەت نەدۆزییەوە.؟*

پیرەژنەکە، نیگای لە نێوان کیژەکەی و خانەخوێیەکەدا هێناو برد، و گوتی:

*– ئەمە کێشە نییە، ئەدرەسەکەیم پێیە، خەڵکی بەغدا خەڵکێکی باشن، ئەگەر لێیان بپرسم، ئەدرەسەکەیم پێدەڵێن... کێشەکەم شیرینە، چۆن بە تەنیا لێرە وەمێنێ، دەیەوێ لەگەڵما بێت بۆ دیدەنیو دیداری هێمن، بەڵام بە خۆت دەبینی کە من بە خۆیشم نازانم بۆ کوێ دەچم.*

خانەخوێیەکە، نیگایەکی پرسۆزو بەزەیی شیرینی کردو گوتی:

*– هیچ خەمی ئەمەت نەبێ، شیرین وەکو خوشکی خۆم وایە. با لێرە وەمێنێ تا بە خێرو سەلامەت دەگەڕێیتەوە.*

جووتە ژن، بە سۆزو میهرەبانیەوە روانیانە شیرین، نیگایان لێ نەدەگواستەوە، لە تۆ وایە هەر یەکەیان لە دڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە کە چ قەدەرو چارەنووسێك لە رێی ئەم کیژە خشیكو جوانە دایە.

((4))

## عەزابی زمان

سەربازگەیەکی گەورە، دوور لە شاڕێی نێوان شاروچکەی سەید سادقو شاری سلێمانی لە دەشتێکی بەریندا ڕاکشاوە. ئەمە سەربازگەی عەربەتە. لەسەر جادە قیرەکە، خاڵێکی پشکنین دانرا بوو، ئەم خاڵی پشکنینە بریتی بوو لە ئوتۆمبیلێکی سوپاییو کۆمەڵێك سەربازی سەراپا نقومی چەك.

سەربازێك لە دوورەوە دیارەو بە پێوە دەمیزێ، دوو سەربازی دیکە خۆیان وەبن ئوتۆمبیلێکی زیلی سوپایی سۆڤیەتی داوەو لە ژێرەوە فەحسی دەکەن. چوار سەربازیش لە پاش زیلەکەوە بە خۆو چەکەکانیانەوە، بە بێتاقەتی دانیشتوون. سەربازێکی چەکداریش لە ناوەڕاستی شاڕێیەکەدا وەستاوە، عەریفێك لە دووری ئەو دەوەستێو نازانێ چ بکات، کڵاوەکەی بە دەستەوە دەگرێت،و چاو بە ئاسۆدا دەگێڕێ.

لە قوڵی سەید سادقەوە، پیکابێك بە دیار دەکەویو بەرەو ئێرە دێ، هەرکە لە پشکنینگەکە نزیك بووەوە، نەفەرەکەی دەرکەوت، پیرەژنەکە بوو،و لە تەنیشت شوفێرەکەوە سوار بوو بوو، پاشی پیکابەکە چوار سەر مەڕی تیا بوو.

سەربازەکە ئاماژەی بۆ شوفێرەکە کردو بە عەرەبی لێی پرسی:

*– لە کێوە هاتوویت؟*

شوفێرەکە پەشۆکا، پاشان بە عەرەبییەکی تێکشکاو بەرسڤی دایەوە:

*– وەڵڵا حەزرەتی جوندی، هاتم من لە هەڵەبجە.*

سەربازەکە، بە تەڵفیزی و بێ موبالاتیەوە گوتی:

– چیە (هاتم)... (هاتم) چیە.

شوفێرەکە پەشۆکا، هەوڵیدا مەبەستەکەی بۆ روونبکاتەوە.

*– من هات لە هەڵەبجە.*

سەربازەکە بە شێوەیەکی ئیتیهامی گوتی:

– *یانی لە لای موخەڕەبینەوە.*

شوفێرەکە زیاتر پەشۆکا.

– *بە خوا من نازانێ موخەڕەبین حەزرەتی جوندی.*

سەربازەکە قەڵس و پەست بوو، نەڕاندی:

– ***هەتیو دەچەنەچەن (حەزرەتی جوندی) حەزرەتی جوندی، کوا ناسنامەکەتم بدەیە.***

شوفێرەکە بە پەشۆکاوی گیرفانەکانی خۆی گەڕا، ئەوجا ناسنامەکەی دایە، سەربازەکە تەماشای ناسنامەکەی کردو ئەوجا روانیە سەروسیمای شوفێرەکەو بە تەشەرەوە گوتی:

– ***شێوەت لە شێوەی موخەڕیب دەچێت، ئێوەی کورد، بە وردو درشتتانەوە موخەڕیبن.***

لە پڕ روانیە پیرەژنەکەو گوتی:

– ***هەلەو... ئەدی ئەمە کێیە.؟***

شوفێرەکە پەشۆکاو بە نەرمو نیانی گوتی:

– ***ئەمە دایکمە حەزرەتی جوندی، دەچین بۆ خەستەخانە.***

سەربازەکە بە تەوسەوە گوتی:

– ***بۆ کوێ، بۆ مەیخانە.؟***

شوفێرەکە دووبارە وەڵامی دایەوە:

– ***نەخێر حەزرەتی جوندی، بۆ خەستەخانە.***

پیرەژنەکە، هەرچەندە پەشۆکابوو، بزەیەکی بە رووی سەربازەکەدا دا. سەربازەکە لە جێی خۆی جما تا باری ئوتۆمبیلەکە بپشکنێ:

– ***پاشەوە چی تیایە.؟***

شوفێرەکە، دابەزی، دوای سەربازەکە کەوت و گوتی:

– ***ئەمە مەڕە حەزرەتی جوندی.***

سەربازەکە، بە دەم پشکنینی پەزەکان و ژێر ئوتۆمبیلەکەوە، بە تەشەرەوە گوتی:

– ***وتت چی، چەکە.***

شوفێرەکە پەشۆکا: – ***نەخێر حەزرەتی جوندی... مەڕە... نەعجە نەعجە.***

سەربازەکە، بە بێزارییەکی ئاشکراوە گوتی:

– ***چۆن پێتانەوە گیرۆدە بووین، ئاخر چی ئێمەی گەیاندە ئێرە، تف لەو بەخت و ناوچەوانە، ئاخر عەرەب و تەمووره کوجا مەرحەبا؟***

لەم کاتەدا عەریفەکە ئاوڕی لە سەربازەکە دایەوەو هاواری لێکرد:

– ***ئەوە چیتە ئەبو خەلیل***

سەربازەکە بە بێزارییەوە گوتی:

– ***هیچ نیە عەریفم.***

پاش ئەوەی ناسنامەکەی دایەوە بە شوفێرەکە، ئاماژەی کردێ کە بڕوات.

شوفێرەکە سەرکەوت، ئوتۆمبیلەکە کەوتە ڕێو لە خاڵی پشکنینەکە دوورکەوتەوە. سەربازەکە گێل‌و حۆل لە شوێنی خۆی وەستا، ئەو سەربازەی کە دەمیزت، سەرکەوتەوە ناو ئوتۆمبیلەکە، سەربازێکی دی بۆ ڕیتن لەو ناوە دوورکەوتەوە.

شوفێرەکە خەمین‌و پیرەژنەکە دڵشکاوە، شوفێرەکە ئاهێکی هەڵکێشاو بە توڕەییەکی شاراوە کێشای بە سوکانەکەدا، لە تۆ وایە دەگری:

– *ئاخ دنیای حیز*

لەم کاتەدا ئوتۆمبیلەکە تووشی قافڵەیەك لە تانك‌و ئوتۆمبیلی بار هەڵگری پڕ لە تەقەمەنی‌و سەربازان،و ژمارەیەك لە زرێپۆش بوو. ئوتۆمبیلەکە لە ڕێگەکە لایدا، وەستا تا قافڵە سوپاییەکە ڕەت ببێ.

ئوتۆمبیلەکە هێشتا وەستاوە، قافڵەکە ڕەت بوو، ئوتۆمبیلەکە کەوتە ڕێ، لە دوورەوە دەتگوت خاڵێکی ڕەنگینەو دەجولێت، چیاکانیش بەرزو بڵند لە جێی خۆیان چەقی بوون.

((5))

## سەبریش سنووری خۆی هەیە

لە گەراجی چوونە بەغدا، دوو ئوتۆمبیل وەستاوە، گەراجەکە قەرەباڵغ نیە، ئوتۆمبیلی سێیەم هاتە ناو گەراجەکە، لە دوای ئوتۆمبیلی دووەمەوە ریزی گرت.

گەراجەکە داڕوخاوە، بینایەکی کۆنە، کەوتووەتە مەیدانێکی گەورەوە، هەر چوار دەوری دیوارە، چاخانەیەکی کۆنی داڕوخاوی تیایە، تەنیا دوو تەختی تیایە، یەکی شڕە حەسیرێکیان لەسەر ڕاخراوە، چەند تەنەکەیەکیشی تیایە لە جیاتی کورسی بە کاریان دێنن. ئەو ئوتۆمبیلەی کە بۆ بەغدا دەڕوات، هێشتا قەپات نەبووە، کوڕێکی گەنجی بیست ساڵانی دێهاتی سیما، بە جل‌و بەرگی کوردییەوە، لەگەڵ پیرە پیاوێکی شەست ساڵانەدا لە ناو ئوتۆمبیلەکە جێیان گرتووەو دانیشتوون، پیرەژنەکە، لە کورسییەکی دواوەی ئوتۆمبیلەکەو لە پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشت، کوڕێکی گەنجی سی ساڵان بە چاکەت‌و پانتۆڵەوە، لەگەڵ ئافرەتێکی جواندا کە پێدەچێ ژنی بێ، لە پێشەوە دانیشتووە. شوفێری ئوتۆمبیلەکە، لە چاخانەکە دانیشتووە، بەدەم چا خواردنەوە بە قووڵی چاوی بڕیوەتە ئەرزەکە، بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە لە تۆ وایە بیر لە شتێکی دوور دەکاتەوە. لە پڕ سەری هەڵبڕی، چاوی بەو مێردمنداڵە کەوت کە جامی پێشەوەی ئوتۆمبیلەکەی بۆ پاك دەکردەوە، ئەوسا بە کوردی هاواری کرد:

– *خولە، ئەدی بۆ بانگ ناکەی؟*

مێرد منداڵەکە. ئاوڕێکی لێدایەوە،و بە بێزارییەوە گوتی:

– *بانگی چی بکەم، کەس نیە، بەغا... بەغا..*

لە ناکاو دەنگی هارە هاڕ بەرز بووەوە، ئوتۆمبیلێکی سوپایی پڕ لە سەرباز وەژوورکەوت، لە ناوەندی گەراجەکەدا وەستا، ئەوجا سەربازەکان بە خۆو جانتاکانیانەوە خۆیان لە ئوتۆمبیلە سوپاییەکە هەڵدایە خوارێ،و بەرەو ئوتۆمبیلەکە کەوتنە غاردان، جانتاکانیان، لە پەنجەرەکانەوە

هەڵدەدایە ژوورەوە تا جێگە بۆ خۆیان بگرن... سەرباز، لەبەر دەرگای ئوتۆمبیلەکە، بەدەم پاڵەپەستۆو هاتو هاوارەوە، هەرکەسەو دەیویست زووتر سەربکەوێو جێی خۆی بگرێ، لە مۆڵەتی مانگانەدا بوون،و خوا خوایان بوو سەعاتێ زووتر بگەنەوە ناو ماڵو لای کەسوکاریان، کە هەندێکیان لە شارە گەرمەکانی باشوورو هەندێکیان لە ناوەندی فێنکی عێراقدا بوون.

گشت سەربازەکان سوار بوونو جێی خۆیان گرت، تەنیا دوو کەس لە دەرەوە مانەوە، کە بە جلو بەرگو نیشانەکانیاندا لە دەرەجەدار دەچوون نەك لە سەربازی ئاسایی.

یەکێك لەو ئینزیباتە سوپاییانەی کە سەرپەرشتی سەفەری سەربازەکانی دەکردو لەگەڵیاندا هاتبوو، بە پەلە خۆی بە ناو ئوتۆمبیلەکەدا کرد، تەمەشایەکی نەفەرە ئەهلیەکانی کرد، ئاماژەی کوڕە گەنجە کوندییەکەو پیرەپیاوەکەی کرد کە دابەزن، بە عەرەبی گوتی:

– *لەگەڵ ئێوەمە، دابەزن.*

هەموو نەفەرەکان بە سەرسامی ئاوڕیان لێدایەوە، یەکێك خەمسارد، یەکێك خەمبار، یەکێك لایەنگر، یەکێك دژ بوون. گەنجە دێهاتییەکە ویستی خۆی لە گێلی بداتو وا بنوێنێ لێی حاڵی نەبووە یان لەگەڵ ئەوی نیە، بەڵام کابرای ئینزیبات دوای تۆزێك بۆڵاندی.

– *ئێوە بەشەر نین، لەگەڵ ئێوەمە، دابەزن دەی.*

گەنجە دێهاتیەکە هەستی بە سووکایەتی کرد، بە تایبەتی لەبەر دەم ئەو سەربازانەدا کە لە تەمەنی ئەودا بوون، ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام عەرەبی نازانێ، چۆن وەڵامی بداتەوە، لێبڕا بە کوردی قسە بکات، بەر لەوەی دەم هەڵێنێ، کابرای ئینزیبات تێی خوڕی:

– *کوا ناسنامەکەتم بدەیە.*

ئەوجا روویکردە پیرەپیاوەکەو گوتی:

– *کابرا تۆ پات ها وەلێوار قەورەوە، چت داوە لەم لاساری و عینادیە.*

گەنجە دێهاتیەکە ترسا، بێدەنگ بوو، گیرفانەکانی گەڕا، ناسنامەکەی دەرهێناو دایە دەست ئینزیباتەکە، بەڵام پیرە پیاوەکە لە جێگاکەی خۆی جماو لە بن لێوانەوە گوتی:

– *لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا.*

ئەو گەنجە کوردەی کە لەگەڵ ژنەکەیدا بوو، کاتێ ئەم دیمەنەی بینی، ویستی بەرگرییان لێبکات، بە زمانێکی عەرەبی تەواو عەیار بە ئینزیباتەکەی گوت:

– *ئەمانە سەعاتێك زیاترە لێرەن...*

ئینزیباتەکە، قسەکەی پێ بڕیو پێیاهەڵشاخی:

– *تۆش لەگەڵیاندا دابەزە، فزە نەکەی... تێدەگەی.*

کوڕە هەستی بە سووکایەتیەکی زۆر کرد، بە تایبەتی لەبەردەم ژنەکەیدا، کە نیشانەی تووڕە بوون کەوتە سەر سیمای، بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، لە فکران ڕاچوو، وەك ئەوەی بیەوێ هەڵوێستەکە هەڵبسەنگێنێ، بە کڕیو خامۆشی دابەزی، ژنەکەی دووی کەوت، هەموو سەربازەکان نیگایان تێبڕین، سەربازەکان حەزیان نەدەکرد بەرپرسەکانیان لەگەڵیاندا سوار بن،

چونکە ئەگەر بەرپرسەکانیان لەگەڵیاندا بن، هەنگێ بە درێژایی ڕێگا لە شۆخی و حەنەکبازی و نوکتەبازی مەحروم دەبن.

پیرەژنەکەش، لە ناکاو لە جێی خۆی جما، دابەزی و دوای گەنجە دێهاتییەکەو پیرەپیاوەکە کەوت. کابرای ئینزیبات لە سەرەتاوە بە سەرسامی تێی ڕوانی، پاشان بە تەوسەوە گوتی:

– *تۆ بۆ دابەزیت، چیە پشتیوانی لەوان دەکەی، دادەبەزی نابەزی بە جارو جەهەنەم.*

کابرای شوفێر کە بینی نەفەرە ئەهلییەکانی دابەزین، چووە پێشێ و بە سەرسامی و بە کوردی لێی پرسین:

– *ها چی بووە؟*

پیرەژنەکە، ئاماژەیەکی لای ئینزیباتەکەی کردو گوتی:

– *لەوانە بپرسە.*

شوفێرەکە لە ئینزیباتەکە کە تازە لە ئوتۆمبیلەکە دابەزی بوو، چووە پێشێ و بە عەرەبی لێی پرسی:

– *چیە برا؟*

کابرای ئینزیبات بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

– *هیچ نیە.*

شوفێرەکە، بە مەلولیەکەوە پرسی:

– *ئەدی ئەوانە بۆ دابەزین؟*

کابرای ئینزیبات، بە خەمساردییەوە شانەکانی هەڵتەکاندن:

– *بۆ کەیف.*

شوفێرەکە، وەکو ئەوەی هیچی بۆ ڕوون نەبوو بێتەوە، دەستەکانی جوڵاندن، بەڵام تووڕەیی خۆی قووت دایەوە، خۆی گەیاندە لایەکەی تری ئوتۆمبیلەکە، چووە سەر سوکانەکە، کابرای ئینزیبات ڕۆیی بۆ لای ئوتۆمبیلە سوپاییەکە، نەفەرە ئەهلییەکان لە چاخانەکەدا خڕبوونەوە.

ئوتۆمبیلی یەکەم ڕۆیی، ئوتۆمبیلی دووەم هاتە شوێنی. گەنجەکەو ژنەکەی لە چاخانەکەدا مات و بێدەنگ بوون، بەڵام پیرەژنەکە بە نامرادی و بێدەسەڵاتی نیگای دەگێڕا، پیرە پیاوەکە ئاهێکی هەڵکێشاو بۆ ئەوەی تەوقی بێدەنگییەکە بشکێنێ گوتی:

– *فەرق ناکات، ئەوپەڕی چارەکێ، نیو سەعات درەنگتر دەگەینە جێ، کێشەیەك نییە، بە ئوتۆمبیلی دووەم دەڕۆین، ساڵەهای ساڵە سەبرمان کردووە، چش با نیو سەعاتی تریشی بێتە سەر، خۆ هەر دەگەین.*

گەنجە دێهاتیەکە خۆی پێنەگیرا، بە دەنگی بەرز بەرسڤی دایەوە:

– ماتەڵ بوونەکە گرینگ نیە، گرینگ مامەڵەکەیانە، خاکەکەمان داگیر دەکەن و وەکو سەگ ڕەفتارمان دەگەڵ دەکەن... تۆ پێم بڵێ سەبرو چاوەڕوانی ئێوە چی لێ شین بووە، ئاخر سەبریش سنووری خۆی هەیە. کوڕە گەنجە ژندارەکە، تای ئەوی گرت و لە بن لێوانەوە گوتی:

– *ڕاست دەکات، سەبریش سنووری خۆی هەیە.*

ژنەکەی، هەرچەندە توڕەیی و داخ بە سیماو ڕوویەوە دیار بوو، بە میهرەبانی دەستی گرت، کوڕە بە کەسەرو داخەوە لێی ڕوانی.

پیرەژنەکە، دایکانە تەمەشای دەکردن. پیرە پیاوەکە سەری داخستو پاشان هەڵیڕوانیە ئاسمان، وەکو یەکێك، لە شتێ، لە وەڵامێ بگەڕێ.

((6))

**مەدام دی رینال... ستندالْ**

عەبدوڵلای سەرباز، هەرجارێ مادونیە (مۆڵەت) وەرزانەکەی، کە هەر سێ مانگو جارێك وەریدەگرت، لەلای کەسوکارەکەی بەسەر دەبات،و بۆ سەربازگە دەگەڕێتەوە، هەندێ کتێبی ئەدەبی و ڕۆمانانی پاچڤەکراو دەگەڵ خۆیدا دێنێ، لە پاش دەوامی فەرمی، زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەوە دەبردە سەر.

عەبدوڵلا، حەزی دەکرد کتێبێك لەگەڵ خۆیدا ببات و بچێ بۆ سەر کانیەکە، کە هەم لە گوندەکەو هەم لە سەربازگەکەوە دوور بوو، و پاش ئەوەی پۆستاڵەکانی دادەکەنێ و لاقی دەشوات، لەوێندەر دابنیشێت.

هەندێجار لە یەك دانیشتنداو بە یەك نەفەس چەند فەسڵێکی دەخوێندەوە، هەندێجاریش هەر چەندە کتێبی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، بەڵام جوانی سروشتو ڕامان لە سروشت مژولی دەکردو خوێندنەوەکەی لە بیردەبردەوە، یان لەوێندەر لە ژێر دارتووەکەدا ڕادەکشاو بە باڵی خەیاڵ بۆ شارەکەی خۆی یان بۆ پایتەختو شانۆکانی، دەفڕی.

عەبدوڵلا، چونکە وابەستەی حیزبی دەسەڵاتران نەبوو، لەلایەن سەرانی سەربازگەکەوە خۆشەویستو پەسند نەبوو. هەندێ زانیاری نهێنیان لەلا بوو کە کاتی خۆی، وەختێ خوێندکار بووە، ئەندامی ڕێکخراوێکی خوێندکاریی قەدەخە بووە، بۆیە ئەفسەرو دەرەجەدارەکان رقیان لێی بوو، هەڵسوکەوتیان لەگەڵیا خراپ بوو، بەردەوام هەوڵیان دەدا بە کارو بێگار ماندووی بکەن، زوو زوو ئێشکی شەوانەی پێبگرنو لەبەر چاوی سەربازەکانی دیکەدا تەڵفیزی پێبکەنو زەلیلو زەبوونی بکەن، بەڵام بەوپەڕی سەبرو بەردەباری تەحەمولی دەکردو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە لە خزمەتی ئیجباری مەرەخەس دەبێت.

عەبدوڵلا، بەخۆو کتێبێکی ئەستوورەوە، لەو کوختە گڵەی کە دەگەڵ چوار سەربازی تردا تیای دەژیا، وەدەرکەوت، لەبەر دەرگادا تووشی بوو بە تووشی ستاری برادەرییەوە کە هەڵیدایەو گوتی:

– *ها، دەچی بۆ خوێندنەوە.؟*

عەبدوڵلا، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە بەرسڤی دایەوە: – *بەڵێ.*

ستار بە دەم تکاوە گوتی:

– ***وەرە لای ئێمە، چای لێدەنەین، هێشتا زووە کاتی خوێندنەوەشت دەبێ، خوێندنەوە تەنیا سەریەشەو چاویەشەی لە دوایە.***

عەبدوللاّ بە دەم بزەیەکەوە داوای بوردنی کرد:

- *ڕۆژ چیوای نەماوە، دەمەوێ چەند پەڕەیەك بخوێنمەوە.*

ستار، ئاوڕێکی ئەملاو ئەولای خۆی دایەوەو بە چپەوە گوتی:

- *دوێنێ موخەڕەبین هاتوونەتە گوندەکە.*

عەبدوللاّ غافلّگیر بوو: - *کەی؟*

ستار بەپەلە بەرسڤی (وەلاّم) دایەوە: - *دوێنێ شەوەکی.*

- *ئەدی حکومەت چۆنی زانیوە؟*

- *کوێخای گوندەکە خەبەری بە فەرماندەی سەربازگەکە داوە.*

عەبدوللاّ، بەبێ خەمی قسەکەی پێ بڕی.

- *بە هەرحالّ، من دەچم بۆ سەر کانیەکە.*

ستار چووە ژوورەوە. عەدبوللاّ بەرەو کانیەکە پەل بووەوە، بەسەر دیوارە نزمەکەی دەوری سەربازگەکەدا بازی دا، بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو کانی یەکەم وەڕێکەوت، ئەم کانیە دوور بوو، نە سەربازەکان هاتووچۆیان دەکردو، نە خەلّکی گوندەکە. بەلاّی هەندێك سەربازدا تێپەڕی کە خەریك بوون بەردیان داویشتە ئەو قرژاڵانەی کە خۆیان وەبن بەردی نزیکی کانیاوەکەی سەربازگەکەدا، دەکرد. بەرەو کانیاوەکەی تر لێیان تێپەڕی، کە عەولاّ تێپەڕی یەکێك لە سەربازەکان، بە تەشەرەوە بە هاوڕێکانی گوت:

- *فەیلەسوفەکە هات.*

عەبـدوللاّ، لە سەربازگەکە دوور کەوتەوە، بە ئاستەم وەکو دەنگدانەوەیەك، دەنگی سەربازەکانی دەژنەوت. هەستی بە جولّەو خشەخشێکی خێرا کرد، ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد کەروێشکێك خۆی لە کونێکدا دەشارێتەوە، بەدەم بزەیەکەوە سەری لەقاند، ئەوجا لەو درەختانەی دەوری کانیەکە نزیك بووەوە، لە ژێر لق و پۆپی هەمان درەختدا دانیشت، کە شیرین بەر لەوەی لەگەلّ دایکیا بگاتە گوندەکە، لە ژێریدا پالّکەوتبوو.

عەبدوللاّ، کتێبەکەی لەلایەکەوە دانا، پشتی بە قەدی درەختەکەوە داو هەردوو لاقی لێراکێشا. خوڕە خوڕی ئاوی کانیەکەو جریوە جریوی چۆلەکەو پاساریان، تاقە دەنگێك بوون، کە سەمفۆنیای ئەو کپی و خامۆشیە بەشکۆیەیان دەشلّەقاند کە بالّی بەسەر شوێنەکەدا کێشا بوو. سەری قوت گرت و گوێچکەی هەلّخست، وەکو ئەوەی بیەوێ گوێی لە شتێك ببێ، بەو بوایە خوڕەخوڕی ئاوەکە ڕابگرێت و چۆلەکەکان لەو ناوە دووربخاتەوە، تا بتوانێ گوێ لە مۆسیقای بێدەنگیەکە بگرێت.

چەند ساتێك بەو حالّەوە مایەوە، ئەوسا لێی ڕاکشاو کەوتە هەلّدانەوەی بەرپەڕێن (لاپەڕەکانی) کتێبەکە.

***

عەبدوللاّ، زۆری پێ سەیر بوو، کاتێ گوێی لە دەنگێکی ناسك بوو کە بە گوێیدا دەچپێنێ و دەلّێت:

- *چیدەکەی لێرە؟*

عەبدوڵلا بەلەز ئاوڕی دایەوە، تۆزێ وەخۆ هاتەوە،و میهرو سۆزی نیگای خانمەکە هێوری کردەوە، زوو بە زوو گیرۆدەو دڵبەستەی جوانیەکەی بوو، هەموو شتێکی لە بیرکرد، تەنانەت ئەو شتەشی لە بیرکرد کە بۆی هاتبوو، خانم... پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. عەولا بە شەرمێکەوە وەلامی دایەوە:

- *هاتووم ببم بە پەروەردەکار( مربی) خانمەکەم.*

خانم.... بێدەنگ بوو. زۆر لە نزیکەوە هەڵیاندەڕوانییە یەکتری. عەبدوڵلا لە عەمراتی خۆی خەڵقەندەی وا شیك و بەژن زراڤی نەبینی بوو، جا وەرە ئەم خەلقەندەیە ئافرەتێکی یەجگار شۆخ و بێ هاوتا بێ،و بەو هەموو لوتف و میهرو مێریڤانیە قسەی دەگەڵ بکات. خانم..... لێی ورد دەبووەوە، لە پڕ بە هەموو تین و تاوو جۆش و خرۆش و شێتایەتی گەنجێکەوە دەستی بە پێکەنین کرد، گاڵتەی بە خۆی دەکرد، کە نەیدەزانی ئەم کەیف و شادییەی لە کوێوە بۆ هاتووە، کەواتە ئەو پەروەردەکارو مامۆستایەی کە بۆ خۆی و لە دڵی خۆیدا وێنای کردبوو، ئەوەتا لێرەیە، هاتووە بۆ ئەوەی سەرزەنشت بکات، فەلاقە بکات. ئەنجام گوتی:

- *باشە، بەرێز، تۆ لاتینی دەزانیت؟*

عەبدوڵلا، سەری لە زاراوەی (بەرێز) سوڕما، کەمێك لە فکران ڕاچوو، ئەوجا بە حەپەساوی و گێلییەوە گوتی:

- *بەڵێ خانمەکەم.*

خانم... بە ڕادەیەك شادمان بوو، کە زاتی کردو گوتی:

- *پێموایە ئەو منداڵە بەستەزمانانە زۆر سەرزەنشت و سەرکوت ناکەیت.*

عەبدوڵلا، بە سەرسامی گوتی:

- *من، جا بۆچی سەرزەنشتیان بکەم؟*

خانم.... دوای بێدەنگیەکی کەم، بە دەنگێکی کە سات بە سات پتر مامۆستاو پەروەردەکار بهاڕوژێنێ، لەسەر ڕۆیی:

- *باش دەبیت لەگەڵیاندا ها، بەڵێنی ئەوەم دەدەیتێ باش بیت لەگەڵیاندا جەناب؟*

دەموچاوی خانم... لە دەموچاوی ئەوەوە نزیك بوو، بۆن و بەرامەی جلە هاوینەکانی چوو بە کەپوویدا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، هانکە هانکی پێکەوت، بە دەنگێکی پچڕ پچڕی ڕازگۆ، گوتی:

- *خەمت نەبێ خانمەکەم، لە هەموو شتێکدا بە گوێی تۆ دەکەم، بەبێ تۆ پەنجە بە ئاوا ناکەم.*

بەدەم ئەو قسانەوە زاتی پەیدا کردو دەستی خانم.... گرت... بەرزی کردەوە بۆ دەم و لێوی خۆی، خانم سەری لەم ڕەفتارە سوڕما. ئەنجام لە نزیکی ماڵەکەی خۆیدا، وەئاگا هاتەوە کە بە تۆی تاقە کراسێك لەگەڵ ئەم گەنجەدایە، بە دەنگێکی پەشۆکاوو شپرزە گوتی:

- با وەژوور کەوین جەناب (بەرێز)

لێبڕان وەژوور بکەون، خانم دەرگای باخچەکەی بۆ کردەوەو ئەویش بە دوویدا وەژوورکەوت.

– ***عەبدوڵڵا.***

هەردووکیان بە لەز، ئاوڕی لای دەنگەکەیان دایەوە.

***

ستار، بەڕاکردن لە ئالی (سەمت،لا) سەربازگەکەوە دەهات، کاتێ گەییە سەر کانیەکە، عەبدوڵڵا، کە لەوێندەر ڕاکشا بوو، بە پەشۆکاوی هەستاو گوتی:

– ***ها، هیچ بووە؟***

ستار، بە دەم هانکە هانکەوە گوتی:

– ***راکە، مولازم مەجید تۆی گەرەکە، ئێستا بە بێتەل، بروسکەیەك هات، بەڵام نازانم چی تیایە، بە هەرحاڵ یەکسەر بە شوێن تۆیدا ناردووە.***

عەبدوڵڵا، بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو، روانیە دەوروبەری خۆی، ئەوجا بە کڕی وەڕێکەوت و ستار بە دوویدا، هەرکە چەند هەنگاوێك لەوێندەر دوور کەوتنەوە، گوێیان لە دەنگی خەڵکانێك بوو کە بە کوردی دەخافتن، ئاوڕیان دایەوە، شیرین و کیژۆڵەیەکی شەش ساڵان ، بەبێ ئەوەی هەست بەمان بکەن، بەرەو ئەو ناوە دەهاتن. جووتە سەرباز، بە بێدەنگی تەمەشایەکی یەکتریان کرد، ئەوجا بەلەز بەرەو سەربازگەکە دایانکێشا.

((7))

## رینوار...ی کورد

شوێن، ماڵێکی کۆنی بەغدایی مۆدێل شەرقی دووقاتە، زەردەپەڕی ئێوارە لە ناو حەوشەکەی دەدا. خاوەنی ماڵەکە پیرەژنێکە بە ناوی (دایکی تاریق) خەریکە دانەوێڵە بە تەیرو توی ناو قەفەزێکی تەل دەدات، جووتێ مامری (مریشك) ڕەش و سپی بە دەوریا دێن،و ئەو دەنکە دانەوێڵانە دەچننەوە کە لە دەستی دەوەرن. لە ژوورێکی قاتی سەرەوە، دەنگی گۆرانیەکی میسری بەرز بووەوە. داکی تاریق، سەری بەرەو سەمتی دەنگەکە هەڵبڕی، چاوی بە هەرچار نکالی ماڵەکەدا گێڕاو پاشان چاوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

(سەباح)ی شێوەکار، لە قاتی دووەم و لە ژوورەکەی خۆیدا، خەریکی گرتنەوەو تێکەڵکردنی ڕەنگ و بۆیەکانیەتی، ستاندەکەی لەبەردەمیایەو جانفاسێکی سپی لەسەرە.

ژوورەکەی، ژوورێکی گەورەو پانە، رووت و بێ پۆشاك، جگە لە کۆنە قەرەوێڵەیەك کە لە ناوەندی ژوورەکە دانراوە، هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا نیە. چەند ڕەفەیەکی کتێبان بە قەد دیوارەکانی ئەم بەرو ئەوبەری ژوورەکەوە هەن، تابلۆی (لوج)ی رینوار بە یەکێك لە دیوارەکانەوە هەڵوسراوە، پۆرترێتێکی کافکاش بە دیوارەکەی بەرانبەریا و لە نزیکی قەرەوێڵەکە هەڵواسراوە. گڵۆپێکی داگیرساویش لە ناوەندی ژوورەکە، لە بن میچەکەوە شۆڕ بووەتەوە، لەلایەکی قەرەوێڵەکەوە پەنجەرەیەکی داخراو هەیە،و پرتەوی روناکی لێوە دێتە ژوورەوە، لەلایەکەی تریشەوە کۆنە گرامافۆنێك و چەند بەکرەیەکی مۆسیقای داناوە.

دەنگی گۆرانیە میسرییەکە، لە ژوورەکەی تەنیشت ئەوەوەو بە کزی دزەی دەکردە دەریٚ. جۆرە نیگەرانیەك بە ڕەفتارو سەرو سیمای یارۆی شێوەکارەوە (نیگارکێش) دیار بوو، جارجار تەمەشایەکی دووری پڕ نیگەرانی و وردی جانفاسە سپیەکەی دەکرد، لە پڕ پالێتی بۆیەکانی لەلایەکەوە دانا، ئەوجا قامکەکانی( پەنجەکانی) بە پانتۆڵەکەی سڕی و پاك کردەوە، بەرەو لای بەکرەکان چوو، یەکێکیانی هەڵگرت و خستیە سەر گرامافۆنەکە، دەرزییەکەی جولاند، دەنگێکی ئۆپرالی ژنانەی لیٚ بەرز بووەوە. سەباح، خۆی دا بەسەر قەرەوێڵەکەدا، کەوتە تەمەشا کردنی جانفاسە سپیەکە، کە رێك کەوتبووە بەرانبەری. بۆ ماوەیەکی کەم بەو حاڵەتەوە مایەوە، تەقەیەك لە دەرگا درا، گوێی هەڵخست، دەنگی گرامافۆنەکەی کز کرد، لە دەرگا درایەوە، وایزانی داکی تاریقەو بۆ پێویستیەك یان پرسیارێك هاتووە، هەر بە پاڵکەوتنەوە گوتی:

– *کەرەمکە، وەرە ژووریٚ.*

دەرگا کرایەوە، پیاوێکی تەمەن پتر لە سی ساڵ، وەژوور کەوت، کەتەیەکی، ورگنی، سیما زبری، نیگا مۆنی بوغزن بوو. بە سەروسیمایدا دیار بوو کە شتێکی لە دڵی خۆیدا حەشار داوە. کابرا پەشۆکا بوو، وەك ئەوەی بیەویٚ پاکانە بۆ ئەم هەڵوێست و سەردانە کوت و پڕەی خۆی بێنێتەوە، بەدەم بزەو زەردەخەنەوە هاتە پێشەوەو گوتی:

– *بە یارمەتیت مامۆستا.*

سەباح، لەسەر قەرەوێڵەکە هەستا، بە سەرسامی وەستا، دوای تۆزێك گوتی:

– *فەرموو، خێر.*

کابرا، بزەیەکی بۆ کرد، شپرزەو پەشۆکاو، کەوتە هەڵگلۆفتنی دەستەکانی،و گوتی:

– نا، هیچ نیە مامۆستا، ئێمە ئەوە چەند مانگێکە دراوسێین و یەکترمان نەناسیووە، کە گوێم لە دەنگی مۆسیقا بوو لە ژوورەکەی تۆوە دێت، لە دڵی خۆدا گوتم ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ یەکتر ناسین، ئێمە خەڵکێکی رۆشنبیرین و هەقە یەکتر بناسین.

سەباح، پاش ئەوەی کەمێك ڕووی کرایەوەو دڵنیا بوو گوتی:

– *سەر سەرو سەر چاڤان، تۆ هونەرمەندیت؟*

کابرا بە پەشۆکاوی گوتی:

– *نا، من، من فەرمانبەرم، بەڵام حەز لە هونەر دەکەم.*

سیمای شێوەکارەکە، بە ئاشکرا ئەوەی دەنواند کە بەم سەردانە ناڕەحەتەو حەز لەم یەکتر ناسینە ناکات، بەڵام لە رووی کابرای نەدا، جۆرە بیٚ موبالاتیەك بە هەڵسوکەوت و رەفتارییەوە دیار بوو، لەسەر تێکەڵ کردنی بۆیەکان بەردەوام بوو، بەڵام هەڵسوکەوت و سەرو سیمای کابراکەی دی، وای دەنواند، کە بە ڕاستی بۆ یەکتر ناسین نەهاتووە، بەڵکو بە ئەرکێکی تر هاتووە، بۆیە هەرچەندە هەستی دەکرد کە شێوەکارەکە حەزی لە تەعاروف وناسیاوی نیە، خۆی شێلو نەدەکرد،و دەست بەردار نەدەبوو،و بەوپەڕی گەرمی و گوڕی و بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– *نێوم تەڕادە، تەڕاد تکریتی.*

و دەستی بۆ تەوقە کردن هێنایە پێشیٚ...

سەباح، (بێ ئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە یان دەستی بداتێ) گوتی:

*- سەر سەرو سەر چاڤان.*

تەڕاد کە مکووڕ بوو لەسەر تەعاروف گوتی:

*- ئەدی ناوی مامۆستا چیە؟*

شێوەکارەکە، وەئاگا هات، ئاوڕی بۆ لای کابرا دایەوە، سەیری کرد دەستی بۆ تەوقە درێژ کردووە، ئەویش بەبێ مەیلی دەستی هێناو گوتی:

*- سەباح.*

*- سەر سەرو سەر چاڤان مامۆستا سەباح، خۆشحاڵو شەرەفمەند بووین.*

تەڕاد لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، لە تۆ وایە نهێنییەکی زۆر بە نرخی دەستکەوتووە، بە سەرنجی وردەوە کەوتە چاوگێڕان بە سەرانسەری ژوورەکەدا، نیگای لەسەر تابلۆکەی رینوار، (لوج) گیرسایەوە، لێی چووە پێشەوە.

*- تۆ ئەم تابلۆیەت کێشاوە مامۆستا؟ زۆر جوانە.*

سەباح بە تەوسەوە تەمەشای کرد، وەك بڵێی ناسنامەو ماهیەتی ئەو کابرایەی کە قسەی دەگەڵ دەکرد، بۆ دەرکەوت، بە تەشەرەوە گوتی:

*- نە بابە نە، ئەگەر هەموو تەمەنی خۆم، بە شەوو بە رۆژ بە رەسمو نیگارانەوە بەرمە سەر، ناتوانم ئەم تابلۆیە بکێشم، راستت گەرەکە ئەگەر ئەم ژنەم لە ژیانی خۆما دیتبا، وێنەم نەدەکێشا، بەڵکو دەمخواست.*

تەڕاد، کە بە ئارەزوویەکی سیکسی زەقەوە لە تابلۆکە ڕاما بوو، بەرسڤی دایەوە.

*- وەڵڵا راست دەکەی، من وامزانی تۆ رەسمت کردووە.*

سەباح قسەکەی پێ بڕی:

*- ئەمە هی رینوارە.*

تەڕاد، بە سەرسامییەوە گوتی:

*- رینوار، نایناسم، کێیە، کوردە؟*

سەباح، بە توڕەییەکی پەنهانەوە گوتی:

*- رینوار، هونەرمەندێکی فەرەنسییە.*

تەڕاد، هەستی بە شپرزەیی کرد، چونکە خەریك بوو، بە دەمی خۆی نەزانی و گێلی خۆی کەشف دەکرد، بەڵام زوو فریا کەوت و بە شادمانییەوە گوتی:

*- منیش بیرم لەوە کردەوە کە ماقول نیە کورد شێوەکاری وایان هەبێ، بەڵام خەتای من نیە مامۆستا سەباح، ناوەکە سەری لێ شێواندم، ناوەکەی لە ناوی کوردان دەچێت، بەهار، رزگار... رێبوار... و نازانم چی؟*

ئەوسا تەڕاد بەرەو ستاندەکە چوو، تا بزانێ سەباح چی رەسم دەکات، هیچی بەرچاو نەکەوت، جانفاسەکە هێشتا سپی سپی بوو، هیچ رەسمێکی لەسەر نەکرا بوو.

*- مامۆستا سەباح بە تەمای رەسمی چی بکەیت؟*

بێئەوەی چاوەڕێی وەڵامی کابرای شێوەکار بکات، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

- بێگومـــان تابلۆیـــەك دەربـــارەی دەســـکەوتەکانی حکومـــەت دەکێشـــیت، پـــارەی باشـــت دەستدەکەوێ.

سەباح، تەمەشایەکی وردی کرد، ئەوجا گوتی:

- *نەخێر، پورترێتێکی دایکم دەکەم.*

تەڕاد زۆری کەیف بەو قسەیە هات، و گوتی:

- *یانی تۆ هەر پورترێتان دەکێشیت. بێگومان پورترێتی هەموو دراوسێکانمانت کردووە.*

- *من تەنیا پورترێت ناکێشم.*

تەڕاد، قسەکەی پێ بڕی.

- *ئـەم دراوسـێیەمان کـە ژوورەکـەی لای قاڵدرمەکەوەیـە، ئەمـەی نـاوی عـەلی فەیلییـە، کـە ڕۆژنامەی گومانلێکراو دەخوێنێتەوە، دەموچاوی زۆر پڕ گوزارشتە، بێگومان وێنەت کێشاوە!*

سەباح، بە خەمسارییەوە بەرسڤی دایەوە:

- *وێنەم کێشاوە.*

تەڕاد، لەسەر ڕۆیی:

- *ئـەدی ئـەم کـابرا ریشـنە، ئـەو دینـدارەی کـە ژوورەکـەی بـە تەنیشـت ژوورەکـەی داکـی تاریقەوەیە، ناوی هاشمە، ئەمە بە مەندیو پایەداری خۆی مێشکی داغان کردووم، بێگومان وێنەی ئەویشت کێشاوە؟*

سەباح بەرسڤی دایەوە:

- *بەڵێ، وێنەم کێشاوە، بەڵام تۆ بۆچی بەم ڕادەیە لێی پەستو بێزاری؟!*

تەڕاد پەشۆکاو گوتی:

- *براکەم، من زۆرم ڕق لەم بەشەرەیە، کە دەی بینم، دڵم تەنگ دەبێت، کە دەی بینم نوێژ دەکات یان قورئان دەخوێنێ، وا هەست دەکەم تاوانبارم، کە دەیبینم دەستنوێژ دەشوات، هەست دەکەم پیسم، گڵاوم، نازانم بۆچی؟ سەرباری ئەمەش، بەشەرێکی دوورە پەرێزو گۆشەگیرە، دەڵێی لە سدەی بیستەمدا ناژی.*

سەباح بە تەوسەوە پرسی:

- *چما ئێمە لە سەدەی بیستەمدا دەژین؟*

تەڕاد، نیگایەکی گازەندە ئامێزی کردو گوتی:

- *ئەمە چیە مامۆستا سەباح، گوایە لە سەدەی بیستەمدا ناژین؟ ئا باش بوو بیرم کەوتەوە، قاپێ ئارەقم هەیە دەڵێی چی پێکەوە بیخۆینەوە!*

سەباح گوتی:

- *خراپ نیە، بەڵام ئێستا نا، بە خۆت دەبینی مژولی کارم.*

***

لەم کاتەدا لە زەنگی دەرگای حەوشە درا، کەس لە حەوشەدا نەبوو، پیرەژنەکە (داکی تاریق) لە ژوورەکەی خۆی وەدەرکەوت، بەلەقە لەق بەڕاڕەوەکەی شانبەشانی ژوورەکەیدا رۆیی تا دەرگای حەوشە بکاتەوە، تاریکی راڕەوەکەی بڕی، کاتێ داکی تاریق دەرگاکەی کردەوە، لووتی تەقی بە لووتی پیرەژنە کوردەکەدا، کە شڵەژاو، بە زمانێکی عەرەبی ناڕەوان پرسی:

– ***ئەمە ماڵی عەلی فەیلییە؟***

داکی تاریق، کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

– ***بەڵێ، عەلی فەیلی، لێرە دادەنیشێت، جەنابت کێی؟***

پیرەژنەکە، بە پەشۆکاویەوە گوتی:

– ***من دایکی هێمنم، پوری عەلیم.***

داکی تاریق کەمێك لێی راماو ئەوجا وەکو عادەتی ژنە بەغداییان لە پڕاو بە گەرمی خێرهاتنی کرد:

– ***سەرچاوان، سەرسەران، کەرەمکە، بەڵام عەلی ئێستا لە ماڵ نیە، فەرموو ژووری، لەلای من، لە ژوورەکەی من چاوەنۆڕی بکە تا دێتەوە.***

داکی تاریق، بەدەم ئەو قسانەوە رێگەی بۆ پیرەژنە کوردەکە کردەوەو هاتە ژوورەوە. بە جووتە راڕەوە تاریکەکەیان بڕی، گەیشتنە ناو حەوشەکە، تەڕاد لە ژوورەکەی سەباحی نیگارکێش وەدەرکەوت، لەسەر موحەجەرەکەوە سەری دانەواندو ڕوانیە ناو حەوشەکەو، لە پیرەژنە کوردەکە ڕاما. داکی تاریق سەری بۆ بەرز کردەوەو گوتی:

– ئەمە پوری عەلییە، عەرەبی نازانێت، هاتووەتە سەردانی، حەزدەکات لای من چاوەڕوانی بکات.

داکی تاریق، چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، بەڵکو وەژوور کەوت و پیرەژنە کوردەکەش بە دوایدا. تەڕاد بە تەنێ مایەوە، کەرب و کینەیەکی پەنهان لە قوڵایی چاوەکانیا بوو، تەمەشایەکی ژوورەکەی یارۆی نێگارکێشی کرد، پاشان ڕوانیە ناو حەشەکەو ئیدی بۆ ژوورەکەی خۆی دایکێشا، وەژوورکەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، جووتە مریشکەکە چینەیان لەو دەنکە دانەوێڵانە دەکرد کە لێرەو لەوێ کەوتبوونە سەر عاردی، تەیروتووەکان لە قەفەزە تەلەکەی خۆیانا بوون، و هەتاو بەرەو خۆرنشین، نشێو بوو بووەوە.

((8))

**ئەفسەران... سەربازان... و....**

ژوورەکەی مولازم مەجید لە ناوەڕاستی سەربازگەکەدایە، راستە ژوورێکی گڵە، بەڵام لە چاو ژووری سەربازەکاندا، ژوورێکی قوت و قایم و رێك و پێکە، لە ناوەوە ئاوەدانتر دیارە، گەورەیە، و چەند گڵۆپێکی تیایەو روناکی روناکە، بە پەردەیەکی تەنك بەینی کراوە، لایەکی قەرەوێڵەو جانتاکانی مولازمی تیایە، و لایەکەی تری، لای پێشەوەی، کراوە بە نووسینگەی مولازم کە بریتییە لە کورسییەکی خولاوو مێزێك کە چەند فایلێکی بە سەرەوەیە، هەروەها دۆڵابێك بۆ

هەڵگرتنی کاغەزو ئەوراقان،و چەند قەنەفەیەکی نەرم بۆ دانیشتنی ئەفسەرانی میوان کە جار جار سەریان دەدا. لە لای دەرگاکەوە بەرمیلێکی مامناوەندی هەبوو کە تەشتێکی فافۆنی لە ژێردا بوو، وەکو دەستشۆر، لە کاتی دەستو پێ شۆردندا، بەکار دەهێنرا.

مولازم مەجید، بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، بەڵام ئەفسەرێکی دیکە بە نیگەرانیو ئەوپەڕی ئامادەیی دانیشتبوو، ناو بە ناو دەیڕوانیە دەرگاکە یا دەیڕوانیە مولازم مەجید، پاشان دەیڕوانیە ئەرزەکەو چاوی بە سەرانسەری ژوورەکەدا دەگێڕا.

مولازم مەجید، جارجار بە پرسیارێك یان تاقیبێ، یان قسەیەك، یان بە پێچەوانەوە، بێدەنگیەکەی دەشڵەقاند.

موڕاسیلەکەی (نۆکەر، خولام) مولازم مەجید کە تەنیا بۆ خزمەتی وی تەرخان کرا بوو، وەژوور کەوت، ئیکلامێکی کێشا:

– *ئەزبەنی، سەرباز عەبدوڵڵا لەبەر دەرکەیە.*

ئەفسەرەکەی تر تەمەشایەکی مولازم مەجیدی کرد، ئەوسا هەستا، سلاوی سوپایی بۆ کرد،و پێش ئەوەی وەدەربکەوێ، مولازم مەجید پێی گوت:

– *ئەفسەر سەلاح، دەتوانی دوای ئەوەی لەم سەربازە بوومەوە، بێیتەوە.*

ئەفسەر سەلاح دیسان ئیکلامی کێشاو وەدەرکەوت، مولازم مەجید بە خولامەکەی گوت:

– *بابێتە ژوورەوە.*

سەربازە خولامەکە ئیکلامی کێشاو وەدەرکەوت، عەبدولڵا دوای کەمێك، بە پەشۆکاوی وەژوورەکەوت، ئیکلامی کێشاو گوتی:

– منی ژمارە (325758)، سەربازی ئیجباری عەبدوڵڵا ئادەم، نووسەر لە فەوجی سێی تیپی پیادەی 38ی سەر بە فیرقەی حەوتی سەر بە فەیلەقی یەك، ئامادەم گەورەم.

مولازم مەجید بە دیقەتو بە وردی تێی روانیو پاشان بە هێمنیو بە دەم خاوکردنەوەی وشەکانیەوە گوتی:

– *دوێنێ نۆرە ئێشکت بوو؟*

عەبدولڵا، کە لەوپەڕی ئامادەباشی سوپاییدا وەستا بوو، بە پەلە گوتی:

– *بەڵێ ئەزبەنی.*

– *کەی؟*

– *لە سەعات دووەوە تا چواری شەوەکی.*

مولازم مەجید نیگایەکی فێڵئامێزی کردو گوتی:

– *باشە، هیچ شتێکی غەریبت نەبینی.؟*

– *نەخێر ئەزبەنی.*

– *مەبەستم ئەوەیە کەست نەبینی بچێتە گوندەکەوە؟*

– *نەخێر ئەزبەنی.*

مولازم مەجید بێدەنگ بوو، وەکو یەکێك شتێك بشارێتەوە، بە چاو کەوتە پشکنینی سەراپای ئەو سەربازەی لە بەردەمیا ڕەق ڕاوەستابوو، هەڵبەتە ئەوساتە کرو کپانە بەلای عەبدوڵلای سەربازەوە زۆر قورس و دوورو درێژ بوون.

مولازم مەجید، پێچێکی بە کورسیەکەی داو گوتی:

– *بروسکەیەکمان پێ گەییوە دەڵێت موخەڕەبین و خەراپکاران لە کاتی نۆرە ئێشکی تۆداو لە خاڵی نیگابانییەکەی تۆوە، چوونەتە ناو گوندەکە.*

عەبدوڵلا نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە. بڕێك پەشۆکا، بەڵام هیچی نەگوت. مولازمەکە لە ناکاو هەستایە سەرپێیان، بە ژوورەکەداو بە بەردەم سەربازەکەدا، بەو ڕاڕەوە تەنگەی نێوان ئەوو مێزەکەدا کەوتە هاتوچۆ، دەچووە لای پەردەکەو دەگەڕایەوە بۆ ئەم سەری ژوورەکە، دوای چەند دەمێك گوتی:

– *ئەمشەو دەگەڵ سریەی سێدا دەڕۆیت، گوندەکە دەگەڕێن و باش دەی پشکنن، بە گوێرەی زانیاریان، خەڵکی بێگانەو غەریب لە گوندەکەدان.*

***

مولازمەکە وەرچەرخاو چوو لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە، بێئەوەی چاو هەڵبڕێ و تەمەشای سەربازەکەی بەردەمی بکات، کەوتە هەڵدانەوەی فایلێکی بەردەستی خۆی. عەبدوڵلا، کە بەم ڕەفتارەی مولازمەکەدا، وایزانی ئیشەکەی هەر ئەوەندەیەو هیچی تری ناوێ، ئیکلامێکی کێشاو وەرچەرخا کە بچێتە دەرەوە. هەرکە گەییە بەر دەرگاکە، مولازمەکە دیسان بانگی کردەوە:

– *عەبدوڵلا.*

سەربازەکە بە پەلە وەرچەرخایەوەو هەمدیس ئیکلامی بۆ کێشا، بەڵام مولازمەکە، مودەتێك بێدەنگ بوو، بێئەوەی چاو لەسەر فایلەکە هەڵبڕێ گوتی:

– *تۆ حیزبیت؟*

سەربازەکە پەشۆکا، هەوڵی دا وەڵامێکی گونجاو بدۆزێتەوە، ویستی تۆزێك مولازمەکە مژول بکات، تا دەرفەت بێنێ و وەڵامێکی باش بدۆزێتەوە.

– *ببورە ئەزبەنی، لە مەبەستت حاڵی نەبووم.*

مولازمەکە تەمەشایەکی کرد، بزەیەکی فێڵبازانە کەوتە سەر لێوی و سیمای ڕوناك کردەوە:

– *مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بەعسیت؟*

– *نەخێر ئەزبەنی.*

مولازمەکە غافڵگیری کردو گوتی:

– *یانی شیوعیت.*

عەبدوڵلا، تەواو پەشۆکا، بەڵام خۆی شێلوو نەکرد:

– نەخێر ئەزبەنی، من سیاسی نیم، من بێ لایەنم، سەربەخۆم.

مولازمەکە نیگایەکی فێڵبازانەی ڕاستەوخۆی کرد، ناسکە بزەیەکی بێ غەرەزی بە روویدا، دا:

– *ئەدی چی بۆ ئێرەی هێناوی؟*

– *فەرمان‌و ئەركی سوپایی ئەزبەنی.*

عەبدوللا، كە ڕوانیە سەرو سیمای مولازم مەجید،و هیچ دژمنایەتی‌و كەرب‌و كینەیەكی تیا بەدی نەكرد، هەستی بە جۆرە دڵنیایی‌و ئاسودەییەك كرد، لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، مادامێكی مولازم مەجید دەمامكە سوپاییەكەی لا بردووە، سوود لەم هەڵوێستە وەربگرێ، بۆیە بە شپرزەییەوە پرسی:

– *ئەزبەنی ڕێم دەدەی پرسیارێك بكەم؟*

مولازم مەجید غافڵگیر بوو، بەگرژیەوە سەری هەڵبڕی، پاشان، خاو بووەوەو گوتی:

– *بڵێ.*

– *ئەدی تۆ چی بۆ ئێرەی هێناوی؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ خەڵكی بەغدایت، بۆ لێرەی، نەتدەتوانی لەوێ بمێنی؟*

یارۆی مولازم بۆ چەند دەمێك بێدەنگ بوو، بە كەسەرەوە چاوەكانی نوقاند، پاشان بە دەم بزەیەكی ڕاستگۆیانەوە گوتی:

– *فەرمانانی سوپایی.*

هەردووكیان بێدەنگ بوون، وایان هەستكرد لە دەرێی سەربازگەكەدان، هیچ یاساو ڕێساو داب‌و نەریتێكی سوپاییان لە نێواندا نیە، لە ساتێكی مرۆڤانی ڕاستەقینەدا دەژین، مولازم مەجید لە كاتێكدا لە سیمای عەبدوللا ورد دەبووەوە گوتی:

– ئەمە فایلەكەی تۆیە لەبەر دەستمدایە، بە گوێرەی ئەم زانیاریانە تۆ كەسێكی خەتەرو ترسناكی.

– بەڕاست ئەزبەنی.

– *بێ ئەزبەنی، ئێمە برادەرین، لە ژیانی عەسكەریدا عەسكەرین، بەڵام كە هەر هەردووكمان بین برادەرین.*

هەست‌و سۆزێكی برایانە باڵی بەسەر عەبدوللادا كێشا، بە گەرمیەوە گوتی: زۆر سوپاسی هەستی بەرزت دەكەم مولازم مەجید.

مولازم مەجید بزەیەكی بۆ كردو گوتی:

– *بەڵام تۆ جەوابەكەت نەدامەوە.*

سەلاحی ئەفسەر هاتەوە، ویستی وەژوور بكەوێ، خولامەكەی مولازم مەجید چووە پێشێ، ئیكلامێكی بۆ كردو گوتی:

– مولازم مەجید هێشتا دەگەڵ سەرباز عەبدوللادا مژولە ئەزبەنی.

ئەفسەرەكە هەڵوەستەیەكی كرد، ئەوجا وەرچەرخاو بەرەو ژوورەكەی عەبدوللا ڕۆیی.

لەو كاتەدا ستار، لە نێو ئەو ژوورە گڵەدا بوو كە خەوتنگەی ئەوو عەبدوڵڵاو دوانی دیكە بوو، ستار كتێبەكانی ناو جانتاكەی عەبدوللای دەرهێنان‌و لە جانتاكەی خۆی نان، جانتاكەی عەبدوڵلای نایەوە ژێر تەختە خەوەكەی عەبدوڵلا. كە سەلاحی ئەفسەر خۆی بە ژوورەكەدا كرد، ئەو خەریك بوو جێگاكەی ڕێك دەخست. ستار كە بینی سەلاحی ئەفسەر لە ژوورەوەیە پەشۆكا،

ئیکلامێکی کردو بە بێدەنگ وەستا، ئەفسەرەکە نزیکی کەوتەوە، دیمەن‌و بۆن‌و جەوی ژوورەکە ناڕەحەتی کرد، پرسی:

*- کامە شوێنی سەرباز عەبدوڵلایە؟*

ستار ئاماژەی بۆ تەختە خەوەکەی عەبدوڵڵا کرد:

*- ئەمەیە ئەزبەنی.*

*- جانتاکەیم بۆ دەربێنە.*

ستار لە قەرەوێڵەکە چووە پێشیٚ، دانەوییەوە، جانتا چەرمەکەی دەرهێنا، ئەفسەرەکە، بیٚ ئەوەی وشەیەکی لە زار بێتە دەریٚ، ئاماژەی کردیٚ کە جانتاکە بخاتە سەر قەرەوێڵەکە. ستار جانتاکەی نایە سەر قەرەوێڵەکە. ئەفسەرەکە ئاماژەی کردیٚ کە جانتاکە بکاتەوە، کردییەوە، جگە لە خاولیەك‌و تاقم تەراشێك هیچی تری تیا نەبوو، نائومێدی نیشتە سەر سیمای، بە پێچەوانەی ستارەوە کە سیمای شادییەکی پەنهانی دەنواند، ئەفسەرەکە لە پڕ بالیفەکەی بەرز کردەوە، کتێبێکی لە ژێریدا دۆزییەوە، کتێبەکەی هەڵگرت، بەرگەکەی خوێندەوەو لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرکەوت، نیشانەی خەمباری نیشتە سەر سیمای ستار، چۆن ئەم کتێبەی نەبینی بوو، وای دانا بوو، هەر جانتاکەی دەگەڕێت.

***

*- من نە خەتەرم‌و نە ترسناك، بە خۆت دەزانی هەر کێیەك نەبیٚ بە ئەندامی حیزبی بەعس، بە خەتەرو ترسناك لە قەڵەم دەدرێت،و هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەت دەکات.*

*- بەڵام ئەو زانیاریانەی ناو فایلەکەت دەڵێت گوایە تۆ شیوعی‌و مارکسیت.*

عەبدوللا، دووبارە شڵەژا، لەوەیە ئەم دۆستایەتیە کوت‌و پڕە داوێك بیٚ بۆ ڕاوکردنی ئەو.

*- مولازم مەجید، تۆ بە خۆت دەزانی من بابایەکی هونەرمەندم،و هەموو شتێك دەخوێنمەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە هەر کتێبێك بخوێنمەوە، باوەڕ بە ناوەڕۆك‌و فکرەکەی بێنم.*

*- بە هەرحاڵ ئاگات لە خۆت بیٚ، من تەنیا جێگری فەرماندەی سەربازگەکەم، ئەفسەر سەلاح بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبییە، ئەو ئەفسەری هەواڵگرییە،و هەموو شتێکی بەدەستە، پلە حیزبیەکەی لە من گەورەترە، وێڕای ئەمەش کەسێکی بوغزلەزگەو لەوەیە عەزیەتت بدات، ئاگات لە خۆ بیٚ.*

عەبدوللا، بەم ڕاشکاویە شڵەژا، هەستیکرد مولازم مەجید زۆر شت دەربارەی ئەوو رابردووی چالاکیە سیاسیەکانی ئەو دەزانێت، بۆیە بەوپەڕی منەتباری‌و سوپاسگوزارییەوە گوتی:

*- لە ناخی دڵمەوە سوپاست دەکەم، زۆرت لیٚ مەمنونم، هیوادارم لە زروفێکی تردا، یەکتر ببینینەوە، لە زروفێکا کە پەیوەندییەکانم، پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەرباز نەبیٚ.*

هەردووکیان بۆ ساتێك بێدەنگ بوون، لە پڕ عەبدوللا پرسی:

*- مولازم مەجید، تۆ بۆچی سلکی عەسکەریت هەڵبژارد؟ مەبەستم ئەوەیە دەتتوانی بچیتە هەر کۆلیجێکی مەدەنی.*

مولازم مەجید بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

*- ڕاستت دەوێ، نمرەکانم کەم بوو، هیچ چارێکم نەبوو، یا دەبوایە ببم بە عەسکەری ئیجباری یان بچمە کۆلیجی سوپایی، لە دڵی خۆدا گوتم ببم بە ئەفسەر باشترە لەوەی ببم بە سەرباز، پەیوەندیم بە حیزبەوە کردو بووم بە ئەفسەر، زۆرم حەز دەکرد بچمە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەڵام چی دەکەی، هەر ئەوەیەو تەواو، پەشیمانی داد نادات.*

ئەوجا هەردووکیان بە رووی یەکا پێکەنین، عەبدوللا ویستی پرسیارێکی لێبکات، بەڵام مولازم پێشی کەوت و گوتی:

*- دەزانم پرسیاری چی دەکەیت، بۆچی بۆ ئێرەیان هێناوم، جا با پێت بڵێم، چونکە واسیتەم نیە، ئەگەر واسیتەم هەبوایە، ئێستا لە بەغدا دەبووم، لای کەسوکارو ژنەکەم و کوڕەکەم دەبووم.*

لە دەرەوە، ئەفسەر سەلاح، هەمدیس بەرەو ژوورەکەی مولازم مەجید چوو، هێشتا کتێبەکەی بە دەستەوە بوو، موراسیلەکە، چووە بەردەمی و ئیکلامێکی بۆ کرد، بەر لەوەی هیچ شتێك بڵێ، ئەفسەرەکە بەلایدا تێپەڕی و خۆی بە ژوورەکەی مولازمدا کرد.

مولازم مەجیدو عەبدوللا، بە هاتنە ژوورەوەی ئەفسەرەکە غافڵگیر بوون، حەپەسان، لەو دەمەدا کە ئەفسەرەکە ئیکلامی بۆ مولازم کرد، مولازم نیگایەکی بلەزی سەروچاوی کردو یەکسەر زانی کە شتێکی نائاسایی لە گۆڕیدایە.

ئەفسەر سەلاح چووە پێشەوەو کتێبەکەی لە سەر مێزەکە دانا، و بەرق و توڕەیی روانیە عەبدوڵلا و گوتی:

*- دەتوانی پێم بڵێی بوونی ئەم کتێبە لەم سەربازگەیەدا چی دەگەیەنێ؟*

عەبدوللا بەلەز ڕوانیە کتێبەکە، شڵەژا، گوتی:

*- ئەم کتێبە شیعری تەرجەمە کراوە ئەزبەنی.*

مولازم، روانیە عەبدوڵلاو ئەفسەرەکەش، لە رەفتاری ئەفسەرەکە قەڵس بوو، وتی:

*- مولازم سەڵاح، دەبوایە بە من بڵێی، بەر لەوەی یەخەی ئەو بگریت.*

ئەفسەرەکە زۆری پێ ناخۆش بوو کە بەو جۆرە لەبەردەم سەربازێکی ئاساییدا، شکاندی، بە دەنگێکی بەرز، بەرزتر لەوەی کە یاساو رێسای سوپایی نێوان ئەفسەرێك و پلەیەکی بەرزتر، رێی پێبدات، بە جۆرە تەحەدایەکەوە گوتی:

*- ئەمە ئیشی منە، مولازم یەکەم مەجید، من لە ئەمن و ئاسایشی سیاسی سەربازگەکە بەرپرسم.*

مولازم مەجیدیش کەمێك شڵەژا، بەڵام هیچ پاشەکشەیەکی نەکرد، گوتی:

*- وێڕای ئەوەش، هەر من فەرماندەی سەربازگەکەم، بە تایبەتی کە جەنابی فەرماندە لێرە نیە، پێویستە من ئاگام لە هەموو وردو درشتێك هەبێ و پێی بزانم، بەر لەوەی هەر ئیجرائێك بکرێ، تێدەگەی.*

ئەفسەر سەلاح، بە ڕقەوە تەمەشای سەربازەکەی کرد، زۆر پەست بوو، خۆی پێنەگیرا، ئیکلامێکی کردو، لە ژوورەکە وەدەرکەوت. هەردووکیان بێدەنگ بوون... جۆرە ئازارو عەزابێك نیشتبووە سەر رووی مولازم مەجیدو، جۆرە ترسێك نیشتبووە سەر سیمای سەرباز عەبدوڵلا.

((9))

## دوو ژن

داکی تاریق، بە خۆو سینییەکی پڕ لە گوندۆرەوە هات، لەسەر مێزەکەو لە بەردەم پیرەژنە کوردەکەدا داینا،کە لە هەنبەر ئەم هەموو کەرەمو میواندارییەدا، جۆرە خەجاڵەتیەکی پێوە دیار بوو، گوتی:

***– نازانم چۆن سوپاست بکەم، بەڕاستی ئەزیەتم دای، خەجاڵەت خۆم؟***

داکی تاریق، بزەیەکی بۆ کرد، لە بەرانبەریا دانیشت و گوتی:

***– دوژمنت خەجاڵەت بێ، ئەیەڕۆ ئەزیەتی چی، قسەی وا نەکەی، ئێمە دۆستی یەکترین، عەلی وەکو کوڕی خۆمە، ماشەڵڵای لێ بێ کە ئاقڵو سەلارو روح سووکە.***

دەستیان بە گوندۆرە (کاڵەك) خواردن کرد. نیگەرانی و هەڵچوون بە سیمای پیرەژنەوە شەپۆلی دەدا، نیگای هەڵفڕی، رۆیی دوور رۆیی. گوندەکەیان دەسووتا. پیرەژن و کیژەکەی غاریان دەدا، هەڵدەهاتن، گوندەکە لە دووری دوورەوە دەسووتا، گڕو بڵێسەی دەچوو بە ئاسمانا، ئەسپێکی سپی لە ناو جەرگەی ئاگرەکەوە دەردەچێت، غار دەدات، ئەسپە سپییەکە، بە چیاکەدا سەردەکەوێ.

داکی تاریق هەستی پێکرد، بە هێمنی گوتی:

***– ها، کێوە چوویت خوشکێ؟***

پیرەژن وەخۆ هاتەوە، بزەیەکی خەمین نیشتە سەر لێوی و بە ئەسپایی گوتی:

***–ئەو کاتەم بیرکەوتەوە کە گوندەکەیان بۆردومان کردین.***

داکی تاریق، زۆر خەمبار بوو، دەستی دوعای بەرز کردەوەو گوتی:

***– خودایا! ئەو دەستە بشکێ کە بۆردومانی کردن، ئامین، خودایا دووای زاڵمان ببڕەوە، خودایا تۆڵە لە زاڵمان بسێنە.***

داکی تاریق، دوعاکەی بڕی، دەنگی جوڵەیەك لە ڕاڕەوەکەوە هات، بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

شەو، باڵی بەسەر حەوشەکەدا کێشاوە. پیاوێك لە نزیکی دەرگاکەو لە قوڵایی ڕاڕەوەکەدا دیارە، دەستی بە پلاکی کارەباکەدا نا، گڵۆپێکی کز ڕاڕەوەکەی بە ئاستەم روناك کردەوە، پیاوێکی تەمەن سێ ساڵ، جوانخاس ، باڵا بەرز، عەلاگەیەك بە دەستێکیەوەیەو رۆژنامەیەکی قەدکراوو کتێبێکیش بە دەستەکەی تریەوەیە، ڕاڕەوەکەی بڕی و گەییە ناو حەوشەکە. داکی تاریق لەبەر دەرگای ژوورەکەی خۆی وەستا بوو، کابرا سڵاوی لێکرد:

***– ئێوارەت باش داکی تاریق.***

***– ئێوارە باش چاوەکەم.***

بەر لەوەی بەرەو ژوورەکەی خۆی ببێتەوە. دایکی تاریق هەڵیدایە:

***– عەلاوی، میوانت هەیە.***

عەلی وەستا، بە سەرسامی روانیە خاوەن ماڵەکە، ئەوجا گوتی:

*– من میوانم هەیە؟*

داکی تاریق بزەیەکی کردو گوتی:

***– بەڵێ، تۆ، پورت لە عەسرەوە چاوەڕوانت دەکات، فەرموو ئەوەتا لە ژوورەکەی منە.***

هەنگێ خۆی بە ژوورێدا کردو عەلیش بە دوویدا.

***

تەڕاد، لە قاتی دووەما، و لە ڕارەوەکەدا خۆی دابوو بەسەر موحەجەرەکەداو دەیڕوانیە ناو حەوشەکە، وەکو یەکێك ئۆینێکی لە بن سەرا بێ، نیگایەکی پڕ رق‌و کینەی پەنهانی عەلی فەیلی کرد.

((10))

## خیانەت

شیرین‌و ماڵخۆکەی (خانەخوێ) ، لە حەوشە چکۆلەکەی بەر ژوورەکەدا، دانیشتبوون، بەلەمێکی پڕ لە کاڵەکی زەردو سووریان لە لاوە بوو. سیمای شیرین خەیاڵاوی دیار بوو، نیگای ئاوارە، دەموچاوی سڕ، جم‌وجوڵی میکانیکی، بەڵام سیمای خانەخوێیەکەی یەکپارچە میهرو دلۆڤانی‌و لە هەمان کاتدا حیرەت‌و حەپەسان‌و شپرزەیی بوو. بە سیمایدا دیار بوو کە گەرەکیەتێ شتێك بڵێ، بەڵام دوو دڵە، ئەنجام خۆی ساغکردەوەو گوتی:

*– شیرین.*

شیرین وەخۆ هاتەوە، تەمەشایەکی وریایانەی کرد. خاخەخوێیەکە لەسەری رۆیی:

***– شیرین، ئەمڕۆ لە بەرەبەیاندا، شەوەکی، پێشمەرگە هاتنە ئاوایی، کەمێك لێرە مانەوەو رۆییشتن.***

چاوانی شیرین ئەبڵەق بوون، هەواڵەکەی پێ سەیر بوو. خانەخوێیەکە لەسەری رۆیی:

***– بە تەما بووم مێردەکەمیان لەگەڵ بێ، بەڵام مخابن لەگەڵیان نەبوو، دایکت قسەی دەگەڵ کردن، ئەمشەویش لە بەرەبەیاندا دێنەوە، چوون بۆ گوندی بانی بنۆك، بەڵام ئەم شەو دەگەڕێنەوە،و تۆش لەگەڵیان دەڕۆیت.***

شیرین غافڵگیر بوو، هیچی نەگوت، بۆ ساتێك سەری داخست، سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییە چاوی خانەخوێیەکەی. کە خانەخوێیەکە بۆی دەرکەوت شیرین نەك هیچ ئیعتراژێکی نیە، بەڵکو جۆرە ئارامی‌و ئاسودەییەکی بە سیمایەوە بینی، لەسەر قسەکەی رۆیی.

***– لەوێ، لە ناوچە رزگارکراوەکاندا، شوێن‌و کەمپ بۆ خێزانان دابینکراوە، لەوێ بارسووك‌و سەر سەلامەت، بێ ترس‌و لەرز دەحەوێیەوە، من هەرگیز لە تۆ بێزار نیم، بە پێچەوانەوە، تۆ بۆ من هاودەنگ و خەمڕەوێنی، بەڵام کوێخای گوندەکەمان پیاوی حکومەتە،و کەس نازانێ چ روو***

*دەدا، هەرکە بۆنی شتێك بکات یەکسەر دەیگەیەنێتە فەرمانداری سەربازگەکە، بۆیە ڕۆییشتنت لەگەڵ پێشمەرگەکاندا زۆر سەلامەت ترە لەوەی لێرە وەمێنی.*

شیرین چاوی بڕییە خانەخوێیەکەی، فرمێسك لە چاوانی قەتیس ما، بە سۆزەوە خۆی بەسەر شانیا داو دەستی بە گریان کرد، چەند ساتێك بە کوڵ گریا، خانە خوێیەکە غافڵگیر بوو، کەوتە دەست هێنان بەشان و ملیا، دەیویست دڵخۆشی بداتەوەو هێوری بکاتەوە:

*– شیرین، خوشکە ئازیزەکەم، بۆچی دەگریت؟ هەقە پێت خۆش بێ، کێ خوا دەیداتێ لە سایەی پێشمەرگەدا بێ.*

شیرین سەری هەڵبڕی، بزەیەکی تەوازۆ ئامێز نیشتە سەر سیمای، چاوەکانی پرشنگیان دا، هەردووکیان چاویان بڕیە چاوی یەکتر، ئەوجا بە رووی یەکدا گرژینەوە.

بە ئەسپایی لە تەقەی دەرگا درا، گوێ قولاغ بوونەوە، دەنگی سەگوەڕ لە دوور دەهات، بزە لە روویان تۆڕا، ترس و دوو دڵی جێی گرتەوە. خانەخوێیەکە هەستاو پێش ئەوەی بڕوات دەرگا بکاتەوە گوتی:

*– کێیە؟*

کەس وەڵامی نەدایەوە، خانەخوێیەکە بەرەو دەرگا چوو، لە لاوە وەستاو گوتی:

*– کێیە؟*

دەنگێکی ژنانەی پەشۆکاو هاتە گوێ:

*– منم، دایکی سالار، بیکەرەوە.*

ماڵخۆیەکە، دەرگاکەی کردەوەو گوتی:

*– ئەمە تۆی داکی سالار، خێرە؟*

پیرەژن، هاتە ناوەڕاستی حەوشەکە، بەر لەوەی سڵاو بکات یان دابنیشێت گوتی:

*– کوێخا ئەم پاش نیوەڕۆیە چووە بۆ سەربازگەکەو لە بنی کولەکەی داوەو هەموو شتێکی بە حکومەت گوتووە.*

شیرین و خانەخوێیەکەی دەمیان داچەقاند، روانیانە یەکدی، خانەخوێیەکە کە لە نزیکی دەرگاکە بوو، پێشکەوت، و ئەوجا بە پیرەژنەکەی گوت:

*– دانیشە، دانیشە، بە درێژی شتەکەمان بۆ بێگێڕەوە.*

پیرەژنەکە، دایکی سالار، پێشکەوت، و بەر لەوەی دانیشێت گوتی:

*– ئێوارە باش، ئەیەڕۆ خۆ کە هاتمە ژووری، بیرم نەبوو سەلام بکەم.*

((11))

## شەوانی عەبدوڵڵای سەرباز

عەبدوڵڵا، خۆی بە ژوورەکەی خانم دا کرد، زۆری پێ سەیر بوو کە دەگریا.

*– ئەوە چیە خانمەکەم، هیچ شتێکی خراپ روویداوە؟*

*– نەخێر هاوڕێم، منداڵەکان بانگ بکە با پیاسەیەك بکەین.*

دەستی عەبدوڵڵای گرتو بە جۆرێ خۆی بەسەریا دا کە عەبدوڵڵا وایزانی بە ئانقەست ئەمە دەکات، ئەوجا بەبێ ئەوەی تەمەشای عەبدوڵڵا بکات گوتی:

*– وایان بۆ گێڕاویتەوە کە گوایە من تاقە هەقدارو میراتگری پورێکی دەوڵەمەندم،و لە دیاریو سەوقاتانم دەگرێت، منداڵەکانم زۆر باش پێشکەوتوونو لە پێشکەوتنی بەردەوامدان. بۆیە تکات لێدەکەم لە جیاتی ئەو چاکەیە، دیارییەکی چکۆلەم لێ قەبووڵ بکەی، دیارییەکە تەنیا تۆزێ پارەیە، تا هەندێ جلو بەرگی پێ بکرێت، بەڵام...*

دەمو چاوی هێندەی تر سوور هەڵگەڕا، ئەوسا بێدەنگ بوو.

*– بەڵام چی خانمەکەم؟*

خانم سەری داخستو لەسەری رۆیی:

*– حەز ناکەم مێردەکەم بەم کارە بزانێ.*

عەبدوللا، لە حاڵێکا گڕی توڕەیی لە چاوانی دەبووەوە، گوتی:

– ڕاستە من هەژارم، بەڵام ناکەس بەچەو پولەکی نیم، پێم وایە وەکو پێویستو باش بیرت لەم کارە نەکردووەتەوە، بەڕاستی بۆ من بچووکییە ئەگەر واقیعی دارایی من لە مێردەکەت بشاریتەوە.

خانم، حەپەسا،ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و کەوتە لەرزین، ئیدی بێئەوەی کەسیان هیچ بڵێ، پیاسەکەیان کۆتایی هات.

***

ستار خۆی بە ژوورە گڵەکەدا کرد، سەیری کرد عەبدوللا بە جلە سوپاییەکانیەوە، لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵکەوتووە،و کتێبێکی ئەستووری پێیە، ناویە بە سینگییەوەو دەیخوێنێتەوە. هەڵدایەو گوتی:

*– ها، چی بوو، مولازم چی دەویست. ئەفسەر سەلاح هات، جانتاکەی پشکنیت، هەموو کتێبەکانتم بردبوونە لای خۆم، بەڵام تاقە کتێبێکی لە ژێر بالیفەکەتدا دۆزییەوە.*

عەبدوللا بۆ ساتێ کتێبەکەی لابرد، هێشتا هەر ڕاکشا بوو، ستار لێی نزیک بووەوە، لە قەراخ قەرەوێڵەکەی دانیشت. عەبدوڵڵا زۆر توڕەو پەست بوو، وەکو ئەو کاتەی کە لەگەڵ خانمدا بوو، سەیرێکی ستاری کردو گوتی:

*– قەرارە ئەمشەو بە مەبەستی شناسایی شەبەیخون بکەینە سەر گوندەکە،و ئەم سەلاحە هیچو پوچەش رابەرایەتی شەبەیخونەکە دەکات.*

ستار تۆزێك بێدەنگ بوو، ئەوسا گوتی:

*– جا ئەمەی پەیوەندی بە تۆوە چیە، خۆ تۆ سەر بە سریەی مەقەڕی؟*

عەبدوللا نەیدەزانی چ بڵێ، بە سیمایا دیاربوو حەزناکات قسە بکات،و هێشتا لە جەوی ئەو کتێبەدا بوو کە دەیخوێندەوە، تۆزێك مینگە مینگی کردو لەسەری رۆیی:

*– نازانم دەڵێن گوایە لە نۆرە ئێشکی مندا کوردەکان هاتوونەتە ناو گوندەکەو من خەبەرم لێنەداون.*

ستار، بە جۆرە گومانێکەوە پرسی:

*- یانی هەواڵەکە ڕاستە، کە موخەڕەبین هاتوونەتە گوندەکە؟*

عەبدوللا بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی:

*- بەڵێ.*

سەرسامیو ترس نیشتە سەر سیمای ستار، گوتی:

*- بەخۆت بینیتن؟*

عەبدوللا، بە خەمسارییەوە گوتی:

*- هەڵبەتە بینیمن، بەڵام لە دوورەوە.*

ستار پەشۆکا، چاوێکی بەسەراپای ژوورەکەدا گێڕا، ترسا نەبا یەکێك گوێی لە قسەکانیان بێت:

*- ئەدی بۆ خەبەرت لێنەدان؟*

عەبدوڵلا، بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا بە بێتاقەتی گوتی:

*- کاکە ئەوانە خەڵکێکی چەوساوەو زۆرلێکراون، داوای مافی خۆیان دەکەن.*

ستار پەشۆکا،و گوتی:

*- عەبدوڵلا ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ بۆ خاتری خوا قسەی وا لای کەس نەکەی.*

بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی عەبدوللاو گوتی:

*- باشە، توخوا تۆ خەڵکی کوێی؟*

ستار بە پەشۆکانەوە بەرسڤی دایەوە:

*- خەڵکی ناسریەم.*

*- بە چ زمانێ قسە دەکەی؟*

*- بە عەرەبی.*

*-کوردی دەزانیت؟*

*- نا، بۆ دەپرسیت؟*

*- بوەستە، لە هەر هەموو ئەم شوێنو دەڤەرانەدا جگە لەم سەربازگەیە، کەسێکت دیتووە بە عەرەبی قسە بکا؟*

*- نا، هەندێ کورد هەن، کە بە عەرەبییەکی شەقو شڕ قسە دەکەن.*

*- دەبینی؟*

*- چی؟*

*- ستار گیان ئێمە بێگانەین لەم شوێنە، ئێرە خاکی ئێمە نیە، شاری ئێمە نیە، زمانی ئێمە نیە، ئێمە گەرەکمانە بە خورتی دەسەڵاتی خۆمانیان بەسەردا بسەپێنین،و ئەمانیش کوردنو قەبووڵی ناکەن، بۆیە چەکیان لە حکومەت هەڵگرتووە، هەقی خۆیانە.*

ستار بێدەنگ بوو، نەیدەزانی چ بڵێ. سەرسامیو پەشۆکانو ترس باڵی بەسەر روویا کێشا، پرسی:

***- ئەوانەی دەستیان داوەتە چەك، ڕێگرن، خەراپکارن، ئەدی بۆچی کورد هەن دەگەڵ حکومەتدان؟***

عەبدوللا بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

***- ئەو کوردانەی دەگەڵ حکومەتدان، غایەنن، خەڵکانێکن ناپاکیان لە گەلی خۆ کردووە، بەپارەو پایە خەڵەتاون، وەکو کوێخاکەی ئەم گوندە کە مانگانە سی دانە دینار لە سەربازگەکە وەردەگرێت.***

ستار، بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، بێدەنگیەکەی نێوانیان درێژەی کێشا، ئەوجا لە پڕ بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

***- ڕاستە دەڵێن تۆ کەسێکی خەتەرناکی، گوێم لێ بوو ئەفسەر سەلاح بە ئەفسەری مووچەی دەگوت کە بیرو بۆچوونەکانی تۆ روخێنەرن، بۆیە لێت دەترسن؟.***

عەبدوللا بە دەم بزەوە گوتی:

***- راستی و حەقیقەت هەمیشە ترسناك و ترسێنەرە.***

ستار بە دەم بزەوە هەستاو بەرەو دەرگای ژوورەکە رۆیی، وەك بڵێی خۆی لەو قسانە بدزێتەوە.

***- حەقیقەت، حەقیقەت، ئەم جۆرە حەقیقەتە گۆنگڵی (گۆبەندی) لە دوایە، ماڵوێرانی لە دوایە، حەقیقەتی وا نەبوونی باشترە.***

عەبدوللا بزەیەکی کردو گوتی:

***- هیچ حەقیقەتێك نیە گێچەڵی لە دوا نەبێت، ئەمە یاسایە، بە هەرحاڵ زۆر سوپاس.***

ستار لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاو گوتی:

***- بۆچی سوپاسم دەکەی؟***

عەبدوللا بە پێکەنینەوە گوتی:

***- بۆ ئەوەی کە کتێبەکانت لای خۆت شاردمەوە.***

ستار کە خەریك بوو دەردەچوو، گوتی:

***- براتم، جا با ئەوەشت پێ بڵێم، کە ئەم بیرو بۆچوونانەت دەربارەی کوردان، تووشی سەرەگێژکەی کردووم، دەترسم لەلای تۆ دانیشم و قسەت دەگەڵ بکەم، دەترسم هەر بە قسان بمهێنیتە رەدایەو قەناعەت بە شتانێك بکەم کە نامەوێ قەناعەتی پێ بێنم.***

ئەو قسەیەی کردو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. عەبدوللا بۆ چەند چرکەیەك نیگای بڕییە بن میچی ژوورەکەو پاشان کتێبەکەی هەڵگرت و دەستی بە خوێندنەوە کردەوە.

***

تاریکی باڵی بەسەرانسەری دۆڵ و چیاکاندا کێشاوە، هاڕەی موەلیدەکە، لە دەشت و دەرەکەدا دەنگدەداتەوە. لەو سەری سەربازگەکە، دوور لە گوندەکە، ستارو سەربازێکی دیکە بە دەم تاوڵەو نەردێنەوە قاقا پێدەکەنن، و سەرو کوپ چایان لەبەر دەمە، لە نزیکی ئەو ژوورە قوورە دانیشتوون کە تابلۆیەك بەسەر دەرگاکەیەوە هەڵواسراوەو بە خەتێکی ناخۆش لەسەری نووسراوە حانوت، گلۆپێك بەسەر تابلۆکەوە داگیرسابوو. دوو سەربازی دیکە هاتن، بە

دیاریانەوە وەستان و کەوتنە تەمەشاکردنی جوڵەی زارەکان، لەو کاتەدا عەریفێك لە حانوتەکەوە وەدەرکەوت، ئەویش لێیان نزیك بووەوە، بە دیار سەریانەوە وەستا، دەستی نایە ناوەڕاستی تاوڵەکەو بە سوعبەتەوە گوتی:

– یا یاری دەکەم یان تێکی دەدەم.

هەموو لە قاقای پێکەنینیان داو بە یەك دەنگ گوتیان:

– نا، نا، یاری بکە.

عەریفەکە دەستی لابرد، ستارو سەربازەکەی دی لەسەر یاری خۆیان بەردەوام بوون. جەوەکە هەر بەو خۆشیە بەردەوام بوو، بەڵام عەریفەکە قسەی پێ بڕین و گوتی:

***– کوڕینە دەزانن ئەمشەو شەبەیخونێکی چکۆلەمان بۆ سەر گوندەکە بە دەستەوەیە.***

هەواڵەکە بۆ سەربازەکان تازە نەبوو، سەربازەکان پێیان دەزانی، بەڵام عەریفەکە بەو نیازەی گرینگییەك بە قسەکەی بدات، لەسەری ڕۆیی:

***– سریەی یەك و سریەی پشتیوانیش لەگەڵ سریەی سێدا دەڕۆن.***

هەموویان غافڵگیر بوون... ستار گوتی:

***– یانی مەسەلەکە جدیە.***

***– دەڵێن دوێنێ ڕێگرو خراپکاران هاتوونەتە گوندەکەوە،و گوایە حاڵی حازر ژنە کوردێکی غەریب لە دێیەکەدایەو لەوەیە پەیوەندی لەگەڵ خراپکاراندا هەبێ.***

لەم کاتەدا زەڕەی نێرکەرێك بەرز بووەوەو، هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا.

***

عەبدوڵڵا چووە نێو باخچەکە، لە شوێنە ئاساییەکەی خۆی،لەنزیکی خانمەوە دانیشت، زۆری نەبرد کە دنیا تاریکتر بوو،عەبدوللا ویستی ئەو دەستە سپی و سوڵەی کە بەسەر پشتی کورسییەکەی تەنیشتیەوە بوو بگرێت، گرتی، دەستەکە خۆی ڕاپسکاند بەر لەوەی بە شێوەیەك کە نیشانەی سەنگینی و ویقار بێ، خۆی لە دەستی دەربێنێ، عەبدوڵڵا ئەمەی پێ باش بوو، بە تایبەتی کە گوێی لە دەنگی پێی مێردەکەی بوو لەوان نزیك دەبووەوە، هەر بۆ ڕێگومکێ بە شادییەوە لە سەر قسەو سوعبەتان بەردەوام بوو. ئەو وشە توندو زبرانەی کە ئەم بەیانیە لەوی ژنەوتبوون، هێشتا لە گوێیدا دەزرنگایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– باشە ئەمە شێوازێکی باش نیە بۆ گاڵتە کردن بەم مەخلوقەی کە لە نیعمەتی دنیادا غەرق بووە، کە بە بەرچاوی خۆیەوە دەستی ژنەکەی بگرم و بیگوشم.بەڵێ دەیگرم تا بۆی بسەلمێنم کە چەندم بەلاوە سووکە.

مێردەکەی بە توڕەیی کەوتە باسی سیاسەت:

***– دوو سێ خەڵکی پیشەیی لە شاردا لە من دەوڵەمەندتر بوون و دەیانەوێ لە هەڵبژاردندا هەڤڕکیم بکەن.***

عەبدوڵڵا، کورسیەکەی لە کورسیەکەی خانم نزیک خستەوە، دنیا زۆر تاریک بوو، هیچ جموجوڵێك نەدەبینرا، زاتی وەبەر خۆی ناو دەستی لە نزیکی باسکە جوان و رووتەکەی دانا، شڵەژا، دەمی لەم باسکە جوانە نزیك خستەوە، زاتی وەخۆ داو لێوەکانی لەسەر دانا.

خانم، راچڵەکی، بەپەلە دەستی دایە عەبدوڵڵاو لە هەمان کاتدا تۆزێکی لە خۆ دوور خستەوە، مێردەکەی هەر چوار شەقاوێك لێیانەوە دوور بوو، لە کاتێکا مێردەکەی خەریکی جنێودان بوو بە خەڵکی، عەبدوڵڵا، رێژنەی گەرمە ماچی بەسەر ئەو باسکەدا کە رادەستی کرابوو، دادەباراند.

***

ستار، خۆی بە ژوورا کرد، سەیری کرد عەبدوڵڵا هێشتا لەسەر نوێنەکەی ڕاکشاوەو کتێبەکەی بە دەستەوەیە...

گوتی: – *چەکەکەت هێنا؟*

هەڵچوونێکی زۆر بە سیمای عەبدوڵڵاوە دیار بوو، وەکو یەکێك نهێنییەکانی ئاشکرا بوو بێ، نیگەرانی و پەشۆکان لە نیگای نیشتبوو، بەرسڤی پرسیارەکەی ستاری نەدایەوە.. ستار لێی هاتە پێشەوە، حاڵی ئاسایی نەبوو، پرسی:

– *چیتە، نەخۆشی؟*

عەبدوڵڵا، چاوانی داخست و گوتی:

– *نە، هیچم نیە، خەریکی خوێندنەوە بووم.*

ستار قسەکەی پێ بڕی:

– ***بە هەرحاڵ، تفەنگەکەت بێنە، پاکی بکەوە، زەیتی بکە، چونکە لە زەرفی سەعات و نیوێکی تردا، تەفتیشی چەك دەکرێ.***

ستار چوو بەلای نوێنەکەی خۆیەوە، بالیفەکەی لابرد، شاجورێکی فیشەکی لە ژێردا بوو، هەڵیگرت، ئەوسا ئاوڕی لە عەبدوڵڵا دایەوەو گوتی:

– ***من دەڕۆم تفەنگەکەم لە مەشجەب دەبەم، و پاشان دەچم بۆ لای عەریف جاسم.***

ستار، بەلەز وەدەرکەوت، عەبدوڵڵا بە تەنیا مایەوە، لە پڕ هەڵچوون و نیگەرانیەکەی بۆ هاتەوە، دەستی دایە وە کتێبەکەی، بەوپەڕی تاسەمەندی و تامەزرۆیی لە دنیای کتێبەکەدا نقوم بوو.

((12))

## هێرش

شەوە، دنیا نقومی تاریکییە، سەعات دووی پاش نیوە شەوە.

عەریف جاسم خۆی بەو ژوورە قووڕەدا کرد کە عەبدوڵڵاو سەربازەکانی تری تیا دەژیا. ئامادەو تەیار بە جل و بەرگ و ئەسپاپی شەڕی تەواوەوە، پلی(پەنجە) بە پلاکی کارەباکەدا نا، گڵۆپێکی کز هەڵبوو، هەندێ لە سەربازەکان خەوەریان بووەوە، عەریف جاسم، لە یەکەم قەرەوێڵەی نزیك دەرگاکە، چووە پێشێ. سەربازە نووستووەکەی هەستاندو بە دەنگێکی بەرز گوتی: – *ڕابن.*

سەربازەکان، بەلەز ڕابوون، دەستیان بە خۆ تەیارکردن کرد.

عەریفەکە گوتی:

***- دوای نیو سەعاتی دی دەکەوینە ڕێ، خۆتان ئامادە دەکەن،و لە مەیدانی سەربازگەکە کۆ دەبنەوە، باش؟***

دووان لە سەربازەکان پێکەوە وەڵامیان دایەوە: ***- بەڵێ، باشە.***

کەوتنە خۆ کۆکردنەوە، عەریفەکە سەیرێکی کردن، و ئەوسا لە ژوور وەدەرکەوت.

***

پتر لە شەست سەرباز، لە مەیدانی سەربازگەکەدا، بە هەموو تەدارەکی شەڕەوە ریز بوون. ئەفسەر سەلاح و مولازم مەجیدش لەوێندەر وەستا بوون، سەربازێك بە ئامێرێکی بێتەلەوە، بە ڕاکردن لە دوورەوە دەهات، گەییشتە ناوەندەی مەیدانەکەو چووە ریزەوە، چوار سەربازی دیکەش کە عەبدوڵڵاو ستاریان لەگەڵدا بوو، لە پشت ریزەکەوە بە غاردان هاتن و هەر چواریان چوونە ریزەوە. لە قۆڵی سەربازگەکەشەوە، عەریف جاسم، نزیکەی بیست سەربازێکی ریز کرد بوو،و دابوونیە پێش و بەرەو تابورەکە دەهاتن، هەموویان لە تابورێکی درێژدا ریز بوون.

مولازم مەجید، لە چەند مەتری تابورە سەربازەکەی بەردەمیا وەستا، ئەفسەر سەلاح رەشید، بە نەزمی سوپایی بۆ لای ئەو وەرچەرخا، چووە پێشیو ئیکلامێکی بۆ کردو گوتی:

***- سریەی پشتیوان و سریەی مەقەڕو سریەی یەك ئامادەن بۆ تەفتیش ئەزبەنی.***

مولازم مەجید، ئیکلامەکەی بۆ سەندەوەو گوتی:

***- دەتوانن بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی دانراوە بەرێ بکەون، تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا هێرش و تەقە دەکرێ، بەڵام ئەگەر زانیارییەکان دروست دەرچوون، ئەوا دوایەکیان لە نێو بەرن.***

***

لە ماڵی خانەخوێیەکەدا، چوار پێشمەرگە بە جلی کوردی و بە چەکەکانیانەوە لە ژوورەوە بوون، شیرین و ماڵخۆکەشیان لەگەڵدا بوون، هیلاك و نیگەران و شپرزە بوون، یەکێکیان گوتی:

***- هەق نەبوو لەم کاتەدا شێخ ئەمین و شێخ فاتیح بۆ ماڵی کوێخا بنێردرێن، ئاخر کوا وەختی ئەوەمان هەیە.***

یەکێکیان، کە پێدەچوو فەرماندەیان بێ، گوتی:

***- پێویستە تاکید لە دروستی زانیاریەکان بکەین، دەبێ ئەم سەگە تەمێ بکرێت.***

یەکێکی تریان گوتی:

***- درەنگە، بە تایبەتی کە دەبێ خوشکە شیرین لەگەڵ خۆدا بەرین، ناتوانین خێرا بڕۆین، باشە بۆ دێرکەوتن؟***

فەرماندەی مەفرەزەکە، بە جۆرە نیگەرانیەکەوە گوتی: ***- وایە، دوا کەوتن.***

رێك لەم کاتەدا، لە نزیکی دەرگاکەوە، جموجۆڵێك پەیدا بوو، پێشمەرگەیەك، لەگەڵ پیاوێکی سڤیلی بێ چەکدا کە بە جل و بەرگەکەیدا دیار بوو کوێخای گوندەکەیە، وەژوور کەوتن.

هەرکە گەیینە بەر دەرگای ژوورەکەو کوێخای گوند چاوی بە پێشمەرگەکانی دی کەوت، نەترەی بەرداو کەوتە لالانەوەو پاڕانەوەو دەست ماچ کردن.

***- باوەڕم پێبکەن خیانەتم لێنەکردوون، هیچ شتێکم بە فەرماندەی سەربازگەکە نەگوتووە، باوەڕ بکەن، من پیاوێکی بەلەنگازو بێچارەم، داماوم، چارم نیەو دەبێ گوێڕایەڵو ملکەچیان بم، من ترسنۆکم، بێ غیرەتم، نە دەتوانم چەك هەڵگرمو ببم بە پێشمەرگە، نە بەرگەی هەڕەشەو گوڕەشەی ئەمانە دەگرم، باوەڕم پێبکەن.***

کوێخا، یەك یەك دەغیلیان دەکەوت، دادەنەوییەوە دەستو لاقیان ماچ بکات. یەکێکیان گوتی:

***- سەگباب، خەڵکی لە سۆنگەی خیانەتکاری ئەنگۆ دەکوژرێن، شەریفترین پیاوو رۆڵەی میللەتەکەمان دەکوژرێن، خێزانەکانمان دەربەدەر دەکرێن،و ئێوەش دەستی چەپەڵتان بۆ دژمن درێژ دەکەن تا نانو گوشتی چەورو ئاوی زوڵاڵو سازگار بخۆن و بخۆنەوەو لە شوێنی گەرمو گوڕدا بخەون. ئێمە نامانەوێ هەموو کەسێك ببێ بە پێشمەرگە، هیچمان لە ئەنگۆ ناوێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەست دەگەڵ دژمندا تێکەڵ نەکەن.***

کوێخا، بە جارێ ورەی بەردا بوو، بە دەم گریانەوە دەپاڕایەوە:

***- دەستان ماچ دەکەم، لاقتان ماچ دەکەم، بمبورن.***

فەرماندەی مەفرەزەکە، ئاوڕی لەو پێشمەرگەیەی کە کوێخاکەی هێنابوو، دایەوە، لێی پرسی:

***- ئەدی شێخ ئەمین کوا؟***

بەرسڤی دایەوە: ***- چوو تاقیب و شناساییەکی ناو گوند بکات.***

فەرماندەکە، ئاوڕێکی لە کوێخا دایەوەو پرسی:

***- چەکت هەیە؟***

پێشمەرگەکە، بەر لە کوێخا وەڵامی دایەوە:

***- کلاشینکۆفێكو سەد دنیارمان لێگرتووە، کلاشینکۆفەکە بە شێخ ئەمینە،و پارەکە لای منە.***

فەرماندەی مەفرەزەکە گوتی:

***- ئێستا دەرفەتمان نیە. لێ پێچینەوەت دەگەڵ بکەین، ئێمە دەزانین دژمن گوشار لە خەڵکی دەکاتو هەڕەشەیان لێدەکات، لەوە تێدەگەین، بەڵام خیانەت لە کەس قەبووڵ ناکەین، خاینان تەنانەت ئەو فیشەکەش نایەنن کە پێیانەوە دەنەین، بۆیە لووتو گوێیان دەبڕین.***

کوێخا بە جارێ ورەی بەردا بوو، هەموو ئەوانی دیش شپرزە بوون، لە پڕ هەراو هەنگامەو ژاوەژاوێکی زۆر لەبەر دەرگای حەوشە پەیدا بوو، شێخ ئەمین بە توڕەییو شپرزەیی وەژوور کەوت،و بە دەنگی بەرز گوتی:

***- گوندەکە ئابلوقە دراوە، ئەو خاینە خەبەری لێداوین..***

پێشمەرگەکان، چەکیان سوار کرد، ئافرەتەکان خۆیان بە پێوە نەگرت، شیرین هەرەسی هێنا، بەرو بوخچە چکۆلەکەی نایە باوەشیو بە حەپەساوی دانیشت، خانەخوێیەکە، خۆی پێنەگیرا، دەستی دایە نەعلەکانیو بەربووە سەرو گوێلاکی کوێخا، بگرە کوێت دێشێت. پێشمەرگەکان چوونە ناو حەوشە تا بەرەنگاری سوپا ببنەوە.

***

عەبدوللاو ستارو سەربازێکی دی، لە پشت تاوێرێکەوە، بە دەما خۆیان بە عاردیدا دابوو،و روو لە گوندەکە تفەنگیان سوار کردبوو. دنیا کڕو کپ، تاریکی تاریك بوو، مەگەر جارجاریێ، حەپەی سەگێك یان زیکەزیکی مێروویەکی شەوانە بێدەنگیەکەی بشڵەقاندایە.

چەند سەربازێکی دی لە دووری ئەوانەوە بە هەمان شێوەی ئەوان تەیارو ئامادە بوون. گوندەکە گەمارۆ درابوو. لە پڕو لە قوڵەکەی ترەوە، دەستڕێژێك بە ئاڕاستەی ماڵی خانەخوێیەکەدا کرا، دەستڕێژ سەری کرایەوە، دیار نەبوو کێ تەقەی دەکرد، ئەوجا دەنگی تەقینەوەی بۆمبو نارنجۆك تێکەڵ بە هاواری ژنانو گریانی منداڵو حەپەو لورەی کسوکان بوو. عەبدوللا زۆر نیگەران بوو، ویستی بگری، هەر چەندی کرد فرمێسکی نەهات، بەرگەی ئەو هەموو کولو کۆڤانەی خۆی نەدەگرت، هەستی کرد دوور... دوورە... خۆی خستە سەر گازی پشت، رووی کردە ئاسمان، لوولەی تفەنگەکەی کردە ئاسمانی تاریكو دەستڕێژێکی بە قولایی ئاسماندا کرد.

((13))

## خەڵکی حیکایەتی خۆیان هەیە

ژوورێکی نیمچە تاریك، کۆمەڵە ڕەفەیەکی کتێبان لا دیوارەکەی دەستەچەپی داپۆشی بوو، لەو بەرەوە قەرەوێڵەیەکی نزم دانراوە،و لەبەرانبەریا چەند یاتاخێکی قەدکراو دانراون، تەباخێکی گازو دۆلابێکی چکۆلەی قاپو هیرباران، لە نزیکی دەرگای ژوورەکە دانراون، هەر لە نزیکی تەباخو دۆلابەکەوە، عەلی فەیلیو پیرەژنە کوردەکە لە دەوری مێزێك دانیشتوون کە چەند کوپێکی چایی بە تاڵی لەسەرە.

پیرەژن، قۆریە چایەکەی هەڵگرتو چای بۆ هەردووکیان داکرد. خەمو پەژارەیەکی ئاشکرا بە سیمای هەردووکیانەوە دیار بوو. عەلی شەکردانەکەی هێنایە پێشێو دوو عەیارەی لە کوپەکەی خۆی کرد، کەوتە شێواندنی چاکەی، بەڵام پیرەژن تۆزێ شەکری لە دەمی کرد، شەکرەکەی لە زاریا راگرتو پاشان فڕێ چای کرد بەسەرا.

عەلی فەیلی، دوای کەمێك بێدەنگی بە کوردی گوتی:

***– پورێ، دیدەنی هێمن لەم زروفەدا باش نیە، بیستوومە هەر کەسێ بچێتە دیداری زندانیان، ئەویش دەگرن، حکومەت ئامانی نیە، ڕەحم بە کەسدا ناکات، زوڵمو زۆر لە کێشا نەماوە.***

***– حکومەتو دەسەڵات هەمیشە هەر وا بووە، هەرچۆنێ بووە دەبێ سەری بدەم، چی دەبێ با ببێ. ئێمە بڕیارمان داوە، لەگەڵ پێشمەرگەدا بڕۆینو خۆمان بگەیەنینە ناوچە رزگارکراوەکان، هەر بۆیە شیرینم لەوێندەر بەجێهێشتووەو لەگەڵ خۆمم نەهێناوە، لەوەیە ئێستا رۆییشتبێ، (ئارام)یش وەکو دوێنێ پێمگوتیت لەگەڵ پێشمەرگەدا رۆییوە. بۆیە دەبێ سەری هێمن لە زندانا بدەمو حاڵی خۆمانی تێبگەیەنم.***

***– بەڵام پورێ گیان، دەتوانن بێن بۆ بەغداو لێرە لەگەڵ مندا بژین. هەوڵدەدەم خانوویەکی گەورە بە کرێ بگرم، سەبارەت بە ئارامیش، وەکو پێمگوتیت، پێش ئەوەی دەست لە خوێندنی***

*زانکۆ بەربداو پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکات، سەری دام، ئەوەی من لێی حاڵی بووم بە نیازە بڕوات بۆ ئەورووپا، سەبارەت بە ئێوەش، وەرن لەگەڵ مندا بژین، ئیدی لەم شارە بێت یان لە هەر شارێکی ترکە ئێوە بتانەوێ.*

*– نا، کوڕم، ئێمە فێری ژیانی شار نین.*

***

هاشم گوتی:

*– ئەمانە شاری نەفرەت و گەندەڵیین، زوڵم و توغیان لە ئەقڵ دەرچووە.*

ئەوسا ئاوڕێکی بۆ لای ئەو کەسە دایەوە کە لەسەر بەرماڵێکی ڕاخراو لە عاردیدا دانیشتبوو. ژوورەکەی هاشم، بە تەواوەتی لە ژوورەکەی یارۆی نیگارکێش یان عەلی فەیلی جیاواز بوو. ڕەفەی کتێبان دوولا دیواری ژوورەکەی داپۆشی بوو، لا دیواری سێیەم بە ئایەت و سورەتانی لە چوار چێوەگیراو ڕازێنرابووەوە. دۆلابێکی قفڵ دراو لە سووچێکدا دانرابوو.

هەرچەند هەتاو لە ناو حەوشەکەی دەدا، بەڵام گڵۆپی ژوورەکە داگیرسابوو. هاشم ڕووەو دەرگاکە وەرچەرخا، و لە ناوەوە بە کلیل دایخست.

*– ئێستا، هێرشەکە لەسەر شیوعیەکانە.*

*– خۆیان بە خۆیان کرد، سزای غەشیمی خۆیان دەدەن، پەندیان لە رابردوو وەرنەگرت، بەشێکن لە دەسەڵاتی زوڵم و گەندەڵی، ئەدی هاوپەیمانی حیزبی حوکمڕان نین، شەریکی بەرەی نەتەوەیی نین؟*

*– دەزانی، مزگەوت بووە بە پەناگەی ئەو سوورە ڕاونراوانەی کە لە شارەکانی ترەوە بۆ بەغدا هەڵاتوون، بە تایبەتی لە کاتی گەرمای نیوەڕۆدا.*

*– واتا بووە بەلانەی هەواڵگریش.*

*– بێگومان، بە هەرحاڵ، گروپی عەمار بن یاسر، بەپێی نەخشەی دیاریکراو، خوا یار بێ ئەرکی خۆی دەبێنێ.*

*– دەبێ وریا بین، زۆر وریا بین، چونکە دژمن زۆر لە ڕەوتی ڕابوونی ئیسلامی لە ئێران ترساوە، جا ئەم ترسە وای لێدەکات بە هیچ جۆرێ دەست نەپارێزێ، و بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە دەست بوەشێنێ.*

*– خۆ ئەگەر پێویست بکات ئێمەش بە هێز بەرپەرچی دەدەینەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: "بۆو دەکرێ چەك و جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن، دوژمنی پێ بترسێنن، کە دوژمنی خوداشن."*

*– بارەکەڵڵا، ئەرێ بەڕاست، تۆ خەڵکی ئەمماڵە دەناسیت؟*

هاشم بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان بە ئەسپایی گوتی:

*– ناتوانم بڵێم بە تەواوەتی دەیانناسم، پێموایە ئەم دراوسێیەی قاتی خوارەوەم لە شیوعیەکانە، چونکە جارێك ڕۆژنامە ڕیابازەکەیانم لە گیرفانیا بینی، بەڵام ئەوانەی قاتی*

*سەرەوە، پێموایە یەکێکیان خوێندکاری زانکۆیە، بەڵام ئەویتریان هێشتا هیچ شتێکی ئەسەحم دەربارەی نەزانیوە، هەرچەندە هەندێجار گومان لە رەفتاری دەکەم.*

کابراکەی تر، بە دەنگێکی نیگەران، بەڵام لە هەمان کاتدا بنجبڕ گوتی:

– *باشە تۆ لە خۆت ئەمینی کە چەك لێرە، لەلای خۆت بشاریتەوە؟*

هاشم، بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو،و پاشان گوتی:

– تا ئێستا هیچ گومانێکم لا دروست نەبووە.

– بەڵام وریایی پێویستە، بەغدا پڕە لە جاسوسان.

– ڕاست دەکەی.

– *بۆیە دەبێ زۆر زۆر وریا بیت، ئیسلام پێویستی بە رۆڵە ئەمەکدارەکانیەتی، بە رۆڵە باوەڕدارەکانیەتی، بۆ ئەوەی شۆڕش دژی کوفرو خوانەناسی، دژی زوڵم و گەندەڵی بەرپا بکەن، خوای گەورە فەرموویەتی: "تا مەقانیش زۆری پێ ناچێ دەوە دەگەن کە سەرەنجام کێوە دەچن"*

هاشم، بە خاکەراییەوە گوتی:

- صدق الله العلي العظيم، *بارەکەڵڵا*

***

ئافرەتێکی رووت و قووت، لە ژووری نیگارکێشەکە، لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەو، وەکو مۆدێل لەبەردەم سەباحی نیگارکێشدا ڕاکشا بوو، گوتی:

– *هیلاك بووم.*

– *یەك دەققە خۆت بگرە، ئیدی ئیسراحەت دەکەین.*

سەباح سەرقاڵی رەسمکردن بوو. ئافرەتە ڕووتەکە بە کەماڵی جۆشی جەستە ئارەزوو بزوێنەکەیەوە ڕاکشا بوو، کەچی ئەو وێنەی ئێسکە پەیکەرێکی پاڵکەوتووی، بە هەمان وەزعەوە، دەکێشا. سەباح بە ئاشکرا وڕوژان و هەڵچوونی پێوە دیار بوو، لە ژنەکە نزیك بووەوە، لە نزیکی قەرەوێڵەکە دانیشت. ئافرەتەکە هەستی بە حاڵەتەکەی کرد. پالێتی بۆیەکەی لە عاردی دانا، دەستی بەداکەندنی کراسەکەی کرد، ئافرەتەکە بزەیەکی ڕەزامەندی بۆ کرد، ئەوجا گوتی:

– *قەرارمان وابوو، هەر وێنەم بکێشیت!*

قاقا وپێکەنینی سۆزانیەکە لە ژوورەکەی سەباحەوە دەگەییە قاتی سەرەوە، تەڕاد گوێی لێ بوو، بزەیەکی کرد. هێشتا لە نێو جێگاکەیدا بوو، جارجار ئاخ و ئۆفیشی دەهاتە گوێ، کەوتە سەرلا، باسکی سەرەوەی بۆ عاردی ڕاکێشاو گۆڤارێکی سێکسی رووتی لە عاردەکە هەڵگرت، کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەێن گۆڤارەکە، دەستی بردە ژێر پەتۆکەو کەوتە یاری کردن بە کێری.

داکی تاریق، لە حەوشەدا دانی بۆ کۆترەکانی نێو قەفەزەکە رۆدەکرد، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، ئاسمان تا حەزبکەی شین، شین، شین بوو.

## چیاكان دەسوڕێن

لە مەیدانی سەربازگەكەدا، لە نزیكی ژوورەكەی مولازم مەجیدا، چەند جەنازەیەك بە ریز لە عاردی كەوتبوون، شیرین بە زەبوونیو حەپەساوی بەدیاریانەوە هەڵكوڕما بوو. جەنازەی پێنج پیاوو ژنێكو دوو منداڵ بوون. لە شەبەیخونەكەی دوێ شەودا، هەموویان كوژرا بوون، تەنانەت كوێخای گوندەكەش كوژرا بوو، تەنیا شیرین بە سەلامەتی دەرچوو بوو. جەنازەكان بۆ سەربازگەكە گوێزرابوونەوەو، شیرینیش گیرا بوو، ئەوەتا بە تاقی تەنیاو لە ناو جەرگەی دژمندا چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاری خۆی دەكات.

شیرین، حەپەسا بوو، دەیڕوانیە جەنازەی دوو منداڵە بێتاوانەكە، ئەوسا چاوی بەسەر جەنازەكانی دیدا دەگێڕا، بەڵام جارێكی دی دەهاتەوە سەر جەنازەی جووتە منداڵەكە.

جارجار چەند سەربازێك بەوێدا ڕەت دەبن، دەڕواننە جەنازەكان، پاشان سەیری شیرین دەكەن، هەندێكیان تف لە جەنازەكان دەكەن، هەندێكیان نووكە شەقێكیان پێدا دەكێشن.

سوپا، شەوێ ئاگریان لە گوندەكە بەردابوو، هێشتا دووكەڵ لە گوندەكە هەڵدەستا، پیرەژنێك لەبەر ماڵە رووخاوەكەیدا دانیشتووەو بەدەم شینو شەپۆرەوە خۆی دەڕنیێو بەسەری خۆیدا دەكێشێت، پیرەژنەكەی داكی سالارە، كەلاكی سەگێكو مەڕێك لە بەردەمیا كەوتوون... لە دوورەوەو، لە ماڵەكانی ترەوە دەنگی گریانی ژنو منداڵ دێت.

***

برایمی نایب زابت خۆی بە ژووری ئیدارەی فەوجدا كرد، عەبدوڵلا مژول بوو، چەند پەڕە كاغەزێكی لە فایلێكی گەورە دەنا، خەمینی بە سیمایەوە دیار بوو.

نایب زابتەكە، لەسەر كورسیەكەیو لە پشت مێزەكەیەوە دانیشت، ئەوجا گوتی:

*– دەبێ ئەمڕۆ بچیتە ماموری.*

عەبدوڵلا وەخۆ هاتەوە، ڕوانیە نایب زابتەكە، خەمێكی گەورە لە چاوانیدا قەتیس مابوو، نایب زابتەكە لەسەری رۆیی:

***– دەبێ ئەم كیژە كوردە لەگەڵ خۆتدا ببەی، دەبێ لەوێ، لە سلێمانی پرس‌وجۆی لەگەڵ بكرێت . یەكەمجار لە فیرقەی حەوت لە سلێمانی،و پاشان لە فەیلەقی یەك لە كەركوك پرسوجۆی لەگەڵ بكرێت.***

عەبدوڵلا بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو و ئەوجا پرسی:

*– دەبێ كەی بڕۆم؟*

***– هەر ئێستا، دوای چارەكێك، با مولازم مەجید نووسراوی ماموریەكە ئیمزا بكات.***

عەبدوڵلا دوای ساتێك بێدەنگی دیسان پرسی:

*– ئەدی ئەو جەنازانە؟*

***– جەنازە، كێشە نیە، چاڵێكی گەورە هەڵدەكەنینو هەموویان پێكەوە دەنێژین.***

عەبدوڵلا، لەپی دەستی خستە سەر هەردوو چاوی، نایب زابتەكە بینیو گوتی:

– *عەبدوڵڵا، تکایە عاتیفی مەبە، ئەوانە دژمنی ئێمەن، هاوسۆزی دەگەڵ دژمندا ناکرێ.*

عەبدوڵڵا بە خەمبارییەوە گوتی:

– *ئەی ئەو منداڵانە، ئەوانە بێتاوانن.*

نایب زابتەکە، بە پەشۆکاوییەوە گوتی:

– *منداڵ، نا، نا، ئەوانیش کە گەورە دەبن، چەکمان لێهەڵدەگرن.*

عەبدوڵڵا، نەیتوانی هیچ بڵێت، نایب زابتەکە هەستا، بەر لەوەی بچێتە دەرەوە گوتی:

– *خۆت ئامادە بکە، دەبێ تفەنگیش لەگەڵ خۆت ببەی کە گەڕایتەوە هەنگێ مادونی وەرزانە وەردەگریت.*

ئەوسا چووە دەرەوە، عەبدوڵڵا بە بێدەنگی و خەمینی لە ژوورەوە مایەوە.

زیلێکی سوپایی لە مەیدانی سەربازگەکەدا، وەستا بوو، لەسەر ڕۆییشتن بوو، مولازم مەجیدو ئەفسەر سەلاحو نایب زابت ئیبراهیمیش لەوێندەر وەستا بوون.

عەبدوڵڵا، لە ژووری ئیدارەوە، کە بە تەنیشت ژووری نووستنەکەیانەوە بوو، تفەنگ بە شان، بە ڕاکردن هات، ئیکلامێکی کێشاو لە شوێنی خۆی ڕەق ڕاوەستا، مولازم مەجید هەڵیدایە:

– *عەبدوڵڵا ئاگادار بە ها.*

– *بەڵێ ئەزبەنی.*

مولازم مەجید نووسراوێکی فەرمی دایە بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی یەك،و بە دوورو درێژی باسی ڕووداوەکەو چۆنیەتی چارەسەری ڕووداوەکەی تیا کردبوو. عەبدوڵڵا نووسراوەکەی وەرگرتو ویستی بچێ لە پێشی زیلەکەوە سەر بکەوێ، نایب زابتەکە بانگی لێکرد:

– *بۆ کوێ، وەرە، لە پاشەوە سواربە.*

عەبدوڵڵا، بە سەرسامی ئاوڕی دایەوە، هات تا لە پاشەوە سواری ئوتۆمبیلەکە ببێ، کە ڕوانیە پاشی ئوتۆمبیلەکە بە دیتنی شیرین کە لە سووچێکدا کزکۆڵەی کردبوو، غافڵگیر بوو، بۆ چەند ساتێك لە جێی خۆی وشك بوو، ئەوجا بە سستی سەرکەوت، بە خۆیشی نەیزانی بۆچی پەشۆکاو هەستی بە شەرمەزاری کرد؟

زیلەکە بە ڕێکەوت، لە سەربازگەکە دەرچوو،و بەرەو کانیەکە نشێو بووەوە، زیلەکە بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە، مولازمو عەسکەرەکانی دی هێشتا هەر لە شوێنی خۆیان بوون، کە زیلەکە گەییە ناوەڕاستی ڕێگەکەی نێوان سەربازگەکە و شاڕێگاکە، گوندەکەو سەربازگەکە بەرە بەرە دەکەوتنە نەدیوی، چیاکان دەسوڕانەوە. عەبدوڵڵا زۆری سەر سوڕما، بە نەباوەڕییەوە ڕوانیە چیاکان، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، بەڵام چیایەکان دەجوڵانو دەسوڕانەوە.

((15))

## جەنازەی کوڕ، شینو شەپۆری دایك دەژنەوێ

پیرەژنە کوردەکە، لە ناوەڕاستی ژوورێکی نیمچە تاریکی پۆشتەو خۆشتفاقدا وەستا بوو، نەیدەزانی چی بکات، تەمەشای کەلوپەلو تفاقی ناو ژوورەکەی دەکرد، لە ناکاو سێ زەلام

وەژوور کـەوتن، یـەکێکیان جلێکـی ڕەشـی لەبـەرو عەینـەکێکی ڕەشیشـی لـە چـاو بـوو، لەسـەر کورسیەکە دانیشت، دوانەکەی دی هەر بە پێوە وەستان، پیرەژن یەکسەر زانی ئەمـەیان ڕەیـیس‌و کاربەدەستە.

سەیرێکی پیرەژنی کردو ئەوجا پرسی:

– ***چیت گەرەکە؟***

پیرەژن، بە پەشۆکاوی‌و، بە عەرەبییەکی شکاو گوتی:

– ***من هێمنی کوڕم دەوێ.***

یارۆی بەرپرس نەڕاندی بەسەریا!

– ***کام هێمن؟***

پیرەژن گوتی:

– ***هێمنی کوڕم.***

بەرپرسەکە، بە زمانێکی ئامیرانە گوتی:

– ***ناوی وامان لا نیە.***

پیرەژن، بە تۆنێکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

– ***با، من دەزانم کوڕەکەم، هێمن لێرەیە، من بەر لە نیو ساڵ هاتمە سەردانی.***

یارۆی بەرپرس نەڕاندی: –***چی.***

پیرەژن، پەشۆکا، و گوتی:

– ***من لێرە سەردانم کرد، بە خۆم دیتم.***

کابرای بەرپرس، دیسان نەڕاندی!

– ***پێمگوتی ناوی وامان لا نیە، تێدەگەی، دە بڕۆ دەی، جارێکی دی نەیەی بۆ ئێرە،و پرسیارم لێ مەکە.***

پیرەژن، پەشۆکا، ترسی لێنیشت، بەڵام زاتی وەبەر خۆی ناو گوتی:

– ***من دەزانم، هێمن، کوڕەکەم لێرەیە، لێرە ناڕۆم تا کوڕەکەم، هێمن نەبینم.***

کابرای بەرپرس، بە توڕەیی هاواری کرد:

– ***من وەختی ئەم توڕەهاتانەم نیە، گوێت لێیە، گوتم هیچکەسێکمان بەوە ناوە لەلا نیە.***

پیرەژن، بە کوردی‌و عەرەبی کەوتە لالانەوەو پاڕانەوە:

– ***دەستتان ماچ دەکەم، دەمەوێ کوڕەکەم بدینم.***

–***چی.***

– ***من دەست ماچ دەکات، من دەیەوێ بدینێ کوڕەکەی.***

یارۆی بەپرس بە توڕەیی گوتی:

– ***وا چاکە لێرە بڕۆیت و کەس نەبینی.***

پیرەژن، بە دەم پاڕانەوەیەکی گریان ئامێزەوە گوتی:

– *دەمەوێ کوڕەکەم بدینم.*

یارۆی بەرپرس کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا فەرمانی دا:

*– بیبەن بۆ ساردخانە کە (ئەوسا بە تەوسەوە قسەکەی تەواو کرد) با کوڕەکەی بدینێ.*

پیرەژن، کە گوێی لە زاراوەی ساردخانە بوو، تووشی شۆك بوو، ڕاچڵەکی، دوو پیاوەکە لێی نزیك بوونەوەو وەپێشیان داو لە ژوورەکەیان بردە دەرێ. کابرای بەرپرس بە تەنیا لە ژوورەوە مایەوە، پاکەتە چروتە کوبابییەکەی کردەوە، چروتێکی دەرهێناو دایگیراند، نەفەسێکی لێداو دووکەڵەکەی لە زاریەوە دەردا، ژوورەکە تاریکی تاریك بوو، کابرا نەدەبینرا، تەنیا ئاگری سەری چروتەکەی دەبینرا.

***

پیرەژن دەگەڵ جووتە پیاوەکەدا بە ڕاڕەوانی پانو بەریندا، کە ئەم بەروئەوبەریان ریزە یەخچاڵ بوو، دەڕۆیی، بە ئاشکرا دیار بوو کە ئێرە ساردخانەو مەیتخانە و شوێنی هەڵگرتنی جەنازانە. پیرەژن ترساو وپەرێشان بوو، دڵی خەبەری دابوو کە کوڕەکەی چی بەسەر هێنراوە، بەڵام نەیدەویست باوەڕبکات. چەند قاوشێکیان بڕی، چەند ڕاڕەوێکیان تەی کرد، ئەنجام خۆیان بە هۆڵێکی سپیی گەورەدا کرد. پیاوەکان وەستان، پیرەژنیش وەستا، تەمەشایان کرد، بە ترسو دوو دڵیەوە سەیری کردن، ئەنجام یەکێکیان چەکمەجەیەکی ڕاکێشا، جەنازەیەکی ڕاکشاو لەسەر لەوحێکی ئاسن، هاتە دەرێ . پیرەژن هەنگاوێك چووە پێشێ، بە ترسێکی گەورەوە تەمەشای کرد، جەستەکە بەستبووی، بەڵام هێشتا شوێنەواری ئەشکەنجەی بەزەقی پێوە دیار بوو، شوێنی فیشەکی پێوە بوو، پیرەژن بە سیمایەکی پڕ لە ژانەوە تەمەشای کرد، بەسەر دەموچاوی جەنازەکەدا داهاتەوە، ڕوندك (فرمێسك) لە چاوانی هاتە خوارێ، لە داخو حەژمەتاندا سیمای شێوا، بە کوڵ گریا، ئاهوناڵە لە قوڵایی دڵیەوە دەردەچوو، سەری کوڕەکەی لە ئامێز گرت، بە کوردی و بە دەنگی بەرز کەوتە لاوانەوەی:

*ڕۆڵەکەم، کۆرپە چکۆڵەکەم..*
*بۆچی ڕۆییشتی جگەرگۆشەکەم*
*بۆچی دایکت بە تەنیا جێهێشت*
*بۆ کۆچت کرد بەندی دڵەکەم*
*گریای، لاڵ بم گوێم لێت نەبوو فەرزەندەکەم*
*ئازارت چەشت، پێم نەزانیت باوانەکەم*
*بێکەس کوژیان کردیت*
*گەلەکۆمەکێیان لێکردیت، تۆ تەنیا باڵو*
*ئەوان زۆر*
*ئازارو ئەشکەنجەیان دایتو دایکت*
*پێی نەزانیت.*
*ئاخ ڕۆڵە خێرلە خۆ نەدیوەکەم*
*چی بە شیرینی خوشکت بڵێم.*

*چی بە ئارامی برات بڵێم*
*چۆن دڵت هانی*
*بە جێمان بێڵی*
*بەبێ ماڵاوایی*
*چۆن دایکت بۆ ژان و کول و کۆڤان*
*بەجێهێڵا*
*بە تەما بووم تۆ بمنێژیت بەندی دڵەکەم*
*مەرگم پێش مەرگت بکەوێ ئازیزەکەی دایە*
*سەد حەیف و مخابن مەرگت پێش*
*مەرگم کەوت.*
*کوڕە بێتاوانەکەم، باوکەکەم، براکەم*
*باوانەکەم.*

بە کوردی دەگریاو سینگی دەکوتا و دەیلاواندەوە، جووتە پۆلیسەکەی کە لەگەڵیا بوون، هیچی لێ حاڵی نەبوون، بەڵام لە وەزع و حاڵی دەگەیین، جووتە پۆلیسەکە قەدەرێ وەستان، ئەوجا ئاماژەیان بۆ یەکتر کرد کە بەسە. یەکێکیان لە پیلی نەوی و لەسەر جەنازەکەی هەڵگرت، پۆلیسەکەی تر پاڵێکی بە چەکمەجەکەوە ناو جەنازەکە چووەوە شوێنی خۆی.

دەستی بە هاوار کرد، ویستی جەنازەکە بدینێ، بەڵام پۆلیسەکان گرتیان، ویستی لە دەستیان هەڵێ، بە کوردی کەوتە جنێودانیان:

– تاوانبارینە، پیاوکوژانە، سەگینە، هەر هەمووتان تاوانبارو بکوژن، نەفرەت لە خۆتان و لە سەرۆکە تاوانبارەکەتان. پۆلیسەکان، ئەم رەوشەیان پێ قووت نەچوو، هەریەکەیان لە پەلێکی نەوی و بە عاردەکەدا بکێشیان کرد. پیرەژن لە داخ و سۆییاندا نیوە گیان بوو بوو، کەچی هەر هاواری دەکرد، پۆلیسەکان و پیرەژن، لە راڕەوەکاندا ون بوون، پیرەژن هاواری دەکرد، دەگریا، لە پڕ بێدەنگیەیەکی ترسناکی دڵتەزێن باڵی بەسەردا کێشان، پۆلیسەکان ئاوڕیان دایەوە، پیرەژنەکە حەیاتی لەبەر بڕا بوو. پۆلیسەکان تەمەشایەکی یەکتریان کرد، ئەوسا لەسەر راکێشانی بەردەوام بوون.

جەنازەی کوڕەکە ، کڕوکپ لە نێو تاریکی و ساردی یەخچاڵەکەدا ڕاکشا بوو، چاوانی نوقا بوون، هاوارو شەپۆری دایکەکەش دەگەییە گوێی جەنازەکە، دوو دڵۆپە فرمێسک لە چاوانی جەنازە خامۆشەکە هاتنە خوارێ!

((16))

## لورەی گورگ

عەلی لە پێچی کۆڵانێکی سەر شەقامی سەعدونی بەغدایا بوو کە لە ناکاو چوار زەلام لێی چوونە پێشێ،دوانیان، هەریەکەیان لەلایەکەوە توند گرتیان، بە جۆرێ پێوەی ئالکان نەیتوانی

خۆی دەرباز بکات. غافڵگیر بوو، بەلەز ئاوڕی لێدانەوە، یەکسەر زانی کە لەلایەن هەواڵگرییەوە دەستگیرکراوە.

یەکێکیان گوتی:

– *تۆ فەلەستینیت؟*

– *نە ء ، من عێراقیم.*

دووەمیان پرسی:

– *چیە ترسایت؟*

عەلی گوتی:

– *نەخێر، ناترسم.*

– *ئەدی بۆچی زەرد بوویت؟*

– *ها...*

عەلی سەری لە شێوازی گفتوگۆیەکە سوڕما. بە دەم قسەوە دەیانبرد بۆ سوچی کۆڵانەکە، کە ئۆتۆمبیلێکی سپی بیجۆ لەوێندەر راگیرا بوو، توانی بەپەلە ژمارەکەی وەخوێنێ... (13760 بەغدا).

عەلی هەستی بە خورپەو لێدانی دڵی خۆی دەکرد، نەدەترسا بەڵکو پەشۆکا بوو، بۆ چەند ساتێك ترسا، بەڵام پاشان هێور بووەوەو فێنکییەك بە روحیا گەڕا، ئەم رۆژەی لەبەر چاو بوو، چەند مانگێك بوو کەوتبوونە ڕاوو شکارێکی بەربڵاوی ئەندامانی ئەو حیزبەی کە ئەو وابەستەی بوو، هەواڵی ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و ئەتککردن بوو بوو بە دەنگوباسی گرینگ و باوی رۆژ.

یەکێکیان، سواری ئوتۆمبیلەکە بوو، و لە پشت سوکانەکەوە دانیشت. ئەوسا بەرپرسێك لە پشتەوە دانیشت،و دوانەکەی دی عەلییان پەستایە ناو ئوتۆمبیلەکەوە... کەسی سێیەم لە تەنیشتییەوە دانیشت، ئەو کەوتە نێوانیانەوە، کەسی چوارەم لە پێشی ئوتۆمبیلەکەوەو لەلای شوفێرەکەوە دانیشت، ئاوڕی لە عەلی دایەوەو گوتی:

– *بۆ کوێ دەچوویت؟*

– *دەچووم بۆ ماڵەوە.*

کابرا دەستی بە بەڕکیا(گیرفان) کرد، چەند کاغەزۆکەیەکی قەدو نوشتکراوی دەرهێناو ئەوجا پرسی:

– *ئەم کاغەزانە، چیان تیا نووسراوە، مانایان چیە؟*

عەلی، زاتی وەبەر خۆی ناو گوتی:

– *یەکەم من نازانم چیان تیایە،و دووەم تۆ لە گیرفانی خۆتت دەرهێنان.*

ئەو کابرایەی، کە عەلی لە میانەی قسەکانا بۆی دەرکەوت بەرپرسیانە، بزەیەکی کردو گوتی:

– *یانی هێشتا تۆ تاوانبارمان دەکەی؟ باشە.*

ئەوسا دەستی بە بەڕکی بلوزەکەیدا کردو چەند فیشەکێکی دەمانچەی دەرهێناو گوتی:

– *ئەدی ئەم فیشەکانە چیە؟ دەتەوێ کێ لە پاشاو سەرانی عەرەب رەشکوژ بکەی، ئەدی دەمانچەکە لە کوێیە؟*

عەلی، لەم تۆمەتە هەڵبەستراوە، ترساو، لە ناکاو بیری کەوتەوە کە حاڵی حازر لە بەغدادا کۆنگرەی پاشاو سەرانی عەرەب بەڕێوە دەچێت.

– *ئەم فیشەکانە لە بەرگی تۆدا بوون. ئەمە جگە لەوەی کە من دەمانچەم نیە.*

کابرای پۆلیس ئاوڕی لە هاوڕێکانی دایەوەو زۆر بە جددی گوتی:

– *خۆگوێتان لێ بوو، بە درۆزنمان دەردەکات، باشە باوا بێ، چاو بە چاو دەکەوێ.*

ئوتۆمبیلەکە بەرەو شەقامی ئەبونەواس وەڕێکەوت ، پاشان بەرەو مەیدانی ئازادی سوڕایەوە، ئەوسا بە پردی کۆماری دا بەرەو رۆخی کەرخ پەڕییەوەو ئەو شەقامەی بڕی کە ئێزگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی لێیە.

هەواڵگرەکان کەوتبوون بە کەیف‌و خۆشی خۆیاندا، عەلی هەستی دەکرد زۆری میز دێت، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت، ئەگەرچی چەند دڵۆپە میزێکی بە خۆیدا کرد. ئەو پیاوەی لە پێشی ئوتۆمبیلەکەدا سوار بوو بوو گوتی:

– *وا گەییشتین.*

دوانەکەی دی لە مەبەستی حاڵی بوون، یەکسەر سواری سەرو کۆڵی عەلی بوون‌و لەبەر پێی خۆیاندا درێژیان کرد، تا نەزانێ‌و نەبینێ کە بە کوێیدا دەکەن.

***

زیلەکە، رێگای بەینی سەربازگەکەو سلێمانی دەبڕی، لە جادە قیرەکە لایدا، لە نزیکی چاخانەیەکی چکۆلەی قەراخ جادەکەدا وەستا.

سەربازە شوفێرەکە دابەزی‌و بەرەو پاشەوە چوو، عەبدوڵڵا سەرێکی کێشاو پرسی:

– *چییە، بۆ وەستایت؟*

– *دابەزە با چایەك بخۆینەوە، هێشتا زووە.*

عەبدوڵڵا ئاوڕێکی لە شیرین دایەوە، خەمین‌و ترساو کزکۆڵەی کردبوو.

بۆ چەند ساتێك لێی راما، زۆر بۆی بە داخ بوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن یارمەتی بدات. لە زیلەکە دابەزی . لەگەڵ شوفێرەکەدا خۆی بە چاخانەکەدا کرد، دوای تۆزێك بە شووشە کۆلایەکەوە گەڕایەوە، سەرکەوتە سەرەوە، شیرین ئاوڕی دایەوە. عەبدوڵڵا ئاماژەی کردێ کە شووشە کۆلاکەی لێوەرگرێت، چونکە کوردی نەدەزانی، بە عەرەبی گوتی:

– *بیخۆرەوە.*

شیرین وەڵامی نەدایەوە، بە دوو دڵییەوە تەمەشای کرد، عەبدوڵڵا لەدڵی خۆیدا گوتی لەوانەیە لێی بترسێت، بۆیە شووشە کۆلاکەی لە نزیکیەوە داناو دووبارە دابەزی . دوای چەند دەقیقەیەك جووتە سەربازەکە، لە چاخانەکە هەستان، شوفێرەکە سەرکەوت‌و لە پشت سوکانەکەوە دانیشت، عەبدوڵڵا سەرێکی کێشا تا بە خەیاڵی خۆی شووشە بەتاڵەکە بۆ چاخانەکە بەرێتەوە، شووشەکە بە دەقی خۆیەوە مابوو، دەستی بۆ نەبرا بوو، بۆ چەند ساتێك سەیری کرد،

سەرکەوت و لە شوێنەکەی خۆی دانیشت، شووشە کۆلاکەی بە پڕی تورپدایە خوارەوە، چایچییەکە بە جلی کوردییەوە، لە چاخانەکە هاتە دەرێ، بە سەرسامی ڕوانیە سەربازەکە، زیلەکە وەڕێکەوت.

***

لە تاریکی ژووره پۆشتەو خۆشتفاقەکەدا، ئاگری سەری چرووتەکە دەبریسکایەوە. لە تاریکیەکەدا شتێك جولایەوە، بەرپرسەکە بوو، لەسەر کورسیەکەی دانیشت، گۆشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بێئەوەی داوای هیچ ژمارەیەك بکات. پلی بە دوگمەیەکی سەر تەلەفۆنەکەوە ناو بەوەی ئەوسەری تەلەفۆنەکەی گوت:

– *عەریف تەڕادم بۆ بانگ بکە.*

گۆشیەکەی دانایەوە،و دەمودەست تەڕاد وەژوور کەوت و هەرچەند بە جلکی ئەهلییەوە بوو، ئیکلامێکی سوپایی کێشا. ئەفسەرە بەرپرسەکە، هەندێ لەو کاغەزانەی بەردەم خۆی هەڵدایەوەو گوتی:

– *تۆ لە زانیاریەکانت ، دەربارەی ئەم یارۆیە، دڵنیایت؟.*

تەمەشای کاغەزێکی بەردەم خۆی کردو لەسەری رۆیی!

– *ئەم کابرا دیندارە، هاشم؟*

– *بەڵێ، ئەزبەنی، ژوورەکەیم بینی.*

– *چۆن ژوورەکەیت بین، بە چ بۆنەیەکەوە؟*

– *بێ هیچ بۆنەیەك ئەزبەنی، بەبێ ئەوەی بێڵم پێ بزانێ، کلیلێکم بۆ قفڵی سەر دەرگاکەی کۆپی کرد،و بەبێ ئەوەی کەس پێبزانێ چوومە ژوورەکەی ئەزبەنی.*

ئەفسەرەکە، پاش بێدەنگییەکی کەم گوتی:

– *دەی، بەردەوام بە.*

– *زۆر کتێب و ئایەتی قورئانم لە ژوورەوەو بە دیوارەکەوە بینی، کتێبی وەك قورئان، هینەکانی محەمەد باقر سەدر! فەلسەفەتونا، ئیقتیسادونا. کتێبەکانی سەید قوتب، و دۆڵابێکی چکۆلەی سەندوق ئاساشی لێبوو کە قفڵێکی گەورەی لێدرا بوو، بۆم نەکرایەوە، نازانم چی تیایە.*

– *ئەمشەو دەستگیری دەکەن، هەر ئێستا تەماس دەگەڵ نایب زابت خزردا بگرەو تەبلیغی بکە.*

ئیکلامێکی کردو، وەدەرکەوت، ئەفسەرەکە بە تەنێ مایەوە، هەستا، بە ژوورەکەدا کەوتە پیاسە، لە گورگێکی مۆمیا کراو نزیك بووەوە، مژێکی لە چرووتەکەی داو دووکەڵەکەی کرد بە سەروچاوی گورگەکەدا... بۆ چەند چرکەیەك خامۆش بوو، پاشان بەرەو دەرگاکە چوو، لە ناوەوە دایخست، جلە سوپاییەکەی داکەندو فرێی دایە سەر مێزەکە، گورگە مۆمیاکراوەکەی هەڵگرت و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا داینا، ئەوجا لە شێوەی حەیواندا،و لەسەر هەر چوار پەل لە بەردەمیا هەڵتووتا، گورگ ئاسا چاوی بڕییە چاوانی گورگەکە، پاشان دەستی بە لوراندن کرد.

***

ئوتومبیله بیجۆ سپییەکە، لە کەرخ، لەسەر جادەکەو لە نزیکی یەکێك لە لقەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری ڕاوەستا، پیاوەکانی دەزگای هەواڵگری لە بیجۆکە دابەزین، عەلیشیان، کە چاوی بە پارچەیەکی رەش بەسترا بوو، داگرت، دوان لە پیاوانی هەواڵگری وەپێشیان دا، لە ئوتومبیلەکەوە نزیك بوون، بەڵام بۆ ئەوەی لە رووی دەروونیەوە هەرەسی پێ بێنن و دڵ و دەروونی لە ترس و لەرز پڕبکەن، یەکێکیان گوتی:

– *بە چەپا پێچ بکەوە.*

پێچیان کردەوە،و لەگەڵیاندا پێچی کردەوە. چەند شەقاوێك رۆییشتن، گوتیان:

– *بەڕاستا.*

چەند هەنگاوێکی دیکەیان نا، هەر بە دەوری ئوتومبیلەکەدا دەسوڕانەوەو پێچیان دەکردەوە.

– *ئێستا بە چەپا.*

چەند هەنگاوێك رۆییشتن.

– *ئێستا بەڕاستا.*

چەند هەنگاوێك رۆییشتن

– سەرت داخە

پشتیان پێ چەماندەوە، ماوەیەك بە ملکەچی رۆیی وەك ئەوەی خۆی لە شتێك بپارێزێ، پاشان چەند هەنگاوێك بە دەوری خۆیاندا سوڕانەوە، ئەوجا بەرەو ژوورەوەیان برد، هەموویان لە دەرگایەکەوە کە بەسەر تاریکییەکدا کرابووەوە ، وەژوورکەوتن،و لە تاریکییەکەدا ون بوون.

((17))

## فیرقەی حەوت

ئەو زیلەی شیرین و عەبدوڵڵای هەڵگرتبوو، خۆی بە شاری سلێمانیدا کرد، بە مەیدانەکەی ناوەڕاستی شارا سوڕایەوە، بە ڕێگایەکی سەرەکیدا داگەڕا، ئەوسا بە جادەیەکی لاوەکیدا پێچی کردەوەو خۆی بە بارەگای فیرقەی حەوتدا کرد. زیلەکە لەبەر دەرگای سەرەکی وەستا، عەبدوڵڵا دابەزی، دەرگای پاشەوەی کردەوە، پاشان ئاماژەی بۆ شیرین کرد کە دابەزێت، حەپەسا، نەیدەزانی چۆن دابەزێت، دەستی بۆ درێژ کرد، دوو دڵ بوو لەوەی دەستی بگرێت، وەرچەرخاو لایەکی دەرگای زیلەکەی گرت و بە خۆی دابەزی.

زیلەکە لەبەر دەرگاکە جوڵا، عەبدوڵڵاو شیرین دوای کەوتن و روویان کردە یەکێك لە ئینزیباتە پاسەوانەکانی بەر دەرگای سەرەکی. بەر لەوەی ئینزیباتەکە پرسیار بکات، عەبدوڵڵا نووسراوە فەرمیەکەی مەقەڕی فەوجی دایە. سەربازە ئێشکگرەکە خوێندییەوە،و بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێ دایەوە دەست عەبدوڵڵاو گوتی:

*– جەنابی فەرماندەی فیرقە دەرچوو، جەنابی ئامری هەواڵگریش لە مۆڵەتە، تەنیا ئەفسەری هەواڵگری و نایب زابتەکان لێرەن. ژوورەکەیان لەوسەری مەیدانەکەیە. پێش هەموو شتێك برۆ بۆ لای ئەفسەری خەفەر تا شوێنێکت بداتێ تیای بخەوی.*

عەبدوڵڵا، بە ئەسپایی پرسی:

- *ئەدی ئەم کیژە؟*

پاسەوانەکە بزەیەکی بۆ کرد، هەستێکی سێکسی زەق نیشتە سەر سیمای و گوتی:

- ***ئەم کچە بەخت ڕەشە، ئەمشەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن و بەیانی دەڕۆن بۆ مەقەڕی فەیلەقی یەك لە کەرکووك.***

عەبدوڵڵا دڵی گوشرا، نیگەرانی و بێزاری نیشتە سەر رووی، شیرین خەمین و خەمبار، سەری داخستبوو، لە تۆ وایە جەنازەیەکەو هەناسە دەدات. ترس و پەریشانی و نیگەرانی ناخی دەکێڵا. عەبدوڵڵا بەرەو ژوورەوە دایکێشاو شیرین بە دوویدا.

***

تەڕادو دوو کەسی تر لە نزیکی ئەو خانووەدا، کە تیای نیشتەجێ بوو، وەستا بوون، ئوتومبیلێکی سپی لە سووچی کۆڵانەکەدا وەستا بوو، شوفێرەکە، لە ناو ئوتومبیلەکەدا بوو، تەڕاد بە نیگەرانی و پەرێشانی جگەرەی دەکێشا.

ماوەیەك، بەو دەقەوە وەستان، تەڕاد لە ناکاو جگەرەکەی فڕێدا، بە پێ پلیشاندیەوەو گوێ قوڵاغ بووەوە، دووانەکەی دیکەش وەخۆ هاتنەوەو چاویان بڕییە سووچەکە، هاشم بەرەو ئەوان دەهات، هەرکە چەند هەنگاوێك لە ئوتومبیلە سپیەکە ڕەت بوو، تەڕاد سەرێکی لەقاند، دووانەکەی دی بە پەلەو خێرا دەوری هاشمیان دا، شوفێرەکەش بەلەز،و بەدەمانچەی رووتەوە دابەزی، هاشم هەوڵیدا بەرگری بکات و خۆی لە دەستیان دەربازبکات، بەڵام نەیتوانی، بەبێ ئەوەی هاواربکات دەرکی بە هەموو شتێك کرد، نیگایەکی تیژ تێپەڕی تەڕادو پیاوەکانی تری کرد، نیگایەکی تەژی ڕق و توڕەیی.

***

عەبدوڵڵا لە حەوشەی بارەگای فیرقەی حەوت و لەوپەڕی دەستە راستی مەیدانەکەدا لەسەر تەنەکەیەکی بە تاڵی سەرەونخوون دانیشتبوو، خۆی دابوو بەسەر تفەنگەکەیدا، شیرینش لە بندیوارەکە، بە چیچکانەوە سەری داخستبوو، بە بێدەنگی دەگریا، عەبدولڵا یەجگار زیزو خەمبار بوو،و نەیدەزانی چی بکات، چاوی بە سەرانسەری سەربازگەکەدا دەگێڕا، نیگای ئاوارەو سەرگەردان، تەژی بێزاری و وەڕەزی بوو. لە ناکاو لە گریانەکەی شیرین وەئاگا هات، ئاوڕی لێدایەوە، سیمای عەبدوڵڵا گرژو خەمناك بوو. لە پڕ گوێی لە دەنگی یەکنەوای هەنگاوی کۆمەڵە خەڵکێك بوو، ئاوڕی دایەوە، پتر لە دە سەربازی بینی کە دووی عەریفێك کەوتبوون،و بە ریز بەرەو لای ئەوان دەهاتن. سەربازەکان وەستان، بە پەلە ریزێکی ئاسۆییان پێك هێنا. شیرین بە تاقی تەنیا وەستاو پشتی بە دیوارەکەوە داو، هەردوو دەستی بە قەد دیوارەکەوە بڵاوکردەوە وەك ئەوەی داوا بکات پەنای بدات، دەموچاوی یەکپارچە ترس بوو.

عەریفەکە هاواریکرد:- ***وریا بە.***

سەربازەکان بە وریایی وەستان. ئەوجا عەریفەکە دووبارە هاواری کرد:- ***ئامادە بە.***

سەربازەکان ئامادەبوون، لوولەی تفەنگەکانیان کردە شیرین.

عەریفەکەو سەربازەکان بە سەرسامی هەڵیانڕوانی، کەس لە بن دیوارەکە نەبوو... شیرین ون بوو، دیار نەما... نزیك کەوتنەوە... پەڕەی گوڵێکی هەڵوەریو و قەفەزێکی کراوەیان بینی... عەریفەکە توڕە بوو، بە پۆستاڵەکانی کەوتە پلیشانەوەی پەڕەی گوڵەکە، ئەوجا تفەنگێکی لە یەکێك لە سەربازەکان وەرگرت، هەرچی فیشەکی تیا بوو نای بە قەفەزەکەوە.. ئەوجا ئاوڕی لای سەربازەکانی دایەوەو هاواریکرد:- *وریا بە.*

***

عەبدوللا لە دەنگەکە وەئاگا هات، بە شەپۆکاوی ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد عەریفەکە لە نزیکیەوە وەستاوە، بە شپرزەیی هەستاو گوتی:

- *ببورە عەریفم.*

عەریفەکە بزەیەکی کرد، نیگای بەسەر عەبدوڵڵاو شیریندا گێڕا، شیرین لەم کاتەدا چاوانی بە گریانی هەڵبڕی، هەرکە عەریفەکەی بینی، وەك بڵێی نەیەوێ کەس پەی بە لاوازیی بە ڕێو فرمێسکەکانی بدینێ، هەستاو بەلەز چاوانی سڕی.

عەریفەکە گوتی:

***- لەگەڵم وەرە بۆ لای ئەفسەری ئێشکگر،و با ئەم کیژە کوردەش لەگەڵتدا بێ، پێویستە ڕادەستی ئەفسەری ئێشکگری بکەی.***

عەریفەکە وەڕێکەوت و عەبدوڵلا بە دوویدا، ئاوڕی دایەوە، شیرین هێشتا لە جێی خۆی وەستا بوو. نیگایەکی پڕ لە میهری خەمئامێزی کرد. وەستا، ئەوسا دوای کەوت، بە کۆمەڵ بەرەو ژوورەکەی ئەفسەری هەواڵگری ئێشکگر، وەڕێکەوتن.

عەریفەکە لە دەرگای ژوورەکەی دا، کردییەوە، وەژوورە کەوت.

***

دەرگاکە بۆ ناوەوە کرایەوە، ژوورەکە تاریکستان بوو، کەسێك وەژوورکەوت، قامکی بە پلاکی کارەباکەوە نا، شوێنەکە ڕووناك بووەوە، (عەلی فەیلی) لە ناوەندی ژوورەکەدا بە کورسییەکەوە شەتەك درابوو، شوێنەواری ئەشکەنجە بە دەموچاوییەوە دیار بوو، پیاوێکی دیکە هاتە ژوورەوە، بە جووتە لێی نزیك بوونەوە، سەرو ملی بەسەر سینگیا داهاتبووەوە، یەکێکیان سەری هەڵبڕی، هەردوو کاژێرەی بە یەکا گوشی و بەڕق و کینەوە نەڕاندی:

- ***یانی بە تەما نیت ئیعتراف بکەی، دەمانچەکەت لە کوێ شاردووەتەوە؟***

عەلی فەیلی، زۆر بە زەحمەت سەری هەڵبڕی، هێشتا چاوانی بەسترا بوون، تاقە وشەیەکی لە زار دەرنەهات، یەکێکیان جگەرەیەکی داگیرساند، نەفەسێکی لێداو دووکەڵەکەی کرد بە سەروچاوی عەلی دا ، پاشان لە ناکاو بێ هیچ دوو دڵیەك پشکۆی جگەرەکەی نا بە ڕانی عەلییەوەو لە سەری ڕایگرت، عەلی لە تاو ئازار کەوتە جوڵە جوڵ، ئەوسا نیشانەی ئازارێکی توند نیشتە سەر لا ڕوومەتی کە بە ئاستەمێك دیار بوو، ئاگری جگەرەکە پانتۆڵەکەی سووتاندو گەیە سەر گۆشت. کابرا جگەرەکەی لابرد، نەفەسێکی درێژی لێدا، نیشانەی نەشەو کەیف و

شادی کەوتە سەر سیمای، جارێکی دی دەستی بردو جگەرەکەی نا بە شوێنێکی تری عەلییەوە، عەلی زۆری لە خۆ دەکرد کە هاوار نەکات، بەڵام ئازارەکەی لە کێشدا نەبوو، بۆیە پڕ بە زار هاواری کرد: ئاخ خ خ خ خ.

((18))

## شەوێکی رۆژهەڵاتیانە

رەییس بەدەم چرووت کێشانەوەو بە هێمنی گوتی: ***خەباتی ئاخر زەمانە.***

– ***ئێوە نۆکەرن، خزمەتی بەرژەوەندی بێگانە دەکەن تا وڵات وێران بکەن و ئاژاوە بەرپا بکەن.***

کابرای بەرپرس (رەییس) وەکو هەمیشە نقومی تاریکییەکە بوو، تەنیا هاشم لەوێندەر بوو کە لە بەردەم رەییسدا لەسەر کورسییەك توند شەتەك درا بوو. لێیان دابوو، خوێن بە لا لێوی چەپیەوە جۆگەلەی بەستبوو، پیاوانی هەواڵگری لە ناو تاریکی ژوورەکەدا، کە لە پشت هاشتمەوە وەستا بوون، وەکو سێبەرو تاپۆ دەیان نواند.

– ***ئێمە نۆکەر نین، ئەمانە تۆمەتی بێ بنچو بناوانن، ئێمە موسوڵمانین و ئامانجمان ئەوەیە حوکمی ئیسلام دابمەزرێنین.***

کابرای بەرپرس بە تەوسەوە لێی پرسی:

– ***ئەدی ئێمە موسوڵمان نین؟***

هاشم، بە حەماسەوە قسەکەی پێ بڕی:

– ***ئێوە دژمنی ئیسلامن، ئێوە بووکەڵەی دەستی رۆژئاوان... ئێوە...***

هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو کە یەکێکیان لە پشتەوە بۆی هات، پەتێکی بە دەستەوە بوو، پەتەکەی لە ملی کرد، هاشم خنکە خنکی پێکەوت،و وشەکان لە زاریا خنکان، تاسان، خەفە بوون. رەییس لە جەرگەی تاریکیەکەوە ئاماژەی کرد کە وازی لێبێنن، یارۆ پەتەکەی لە ملی هاشم کردەوە کە هەر ئەوەتا هەناسەی بۆ دەدرا.

– ***باشە، دەڵێی چی ئەگەر بە بەڵگەو دیکیومینتان بۆتی بسەلمێنم کە هەر هەموو ئەم رێکخراوە ئاینیانە، رێکخراوی تیرۆریستی سەر بە ئەمریکاو ئیسرائیل و ئێرانن؟***

هاشم بە گڕ دەمیا چووەوەو گوتی:

– ***بەڵگەی ساختەن، ئێوە دەتوانن هەموو شتێك، تەنانەت مێژووش، هەڵگێڕنەوەو تەزویر بکەن.***

رەییس بە تەشەرەوە:

– ***بەڕاستی پیاوێکی ئازایت، بۆ نایەی کارمان لەگەڵ بکەی؟ هەڵبەتە پەیوەندیت بە رێکخراوە ئاینییەکەوە هەر دەمێنێ.***

هاشم بە تورەیی گوتی:

– ***ترسنۆکینە، مردنم باشترە.***

هەرکە ئەو قسەیە لە زاری هاشم دەرچوو، لە پشتەوە یەکێکی وایان پێدا کێشا کە بە خۆیو کورسیەکەوە تەپاوتل کەوتە سەر ئەرزەکە.

***

ئەفسەری ئێشکگر، نووسراوە فەرمیەکەی لەمەڕ شیرینی خستە سەر مێزەکەی بەردەمی، بەوردی روانیە شیرین، ئەوسا لەسەر کورسیەکەی هەستاو بەرەو ئەو رۆیی.

شیرین لە ناوەندی ژوورەکە وەستا بوو، ئەم ژوورە دەچووەوە سەر ژوورێکی پشتەوە، کە تەنیا دەرگایەکی تەختەیان لە بەینا بوو.

عەریفەکە، لە دووری شیرین، لە حاڵی وریایی سوپاییدا وەستا بوو. عەبدوڵڵاش لە پشتی ئەوانەوە لە نزیکی دەرگاکە وەستا بوو.

ئەفسەرەکە. کەوتە سوڕانەوە بە دەوری شیریندا، بە چاوی مشتەرییەکی هەوەسباز ڕوانیە قەدو باڵاو جەستەی شیرین، لە بەردەمیا وەستا، شیرینی ترساو، سەری داخستبوو. لە پڕ دەستی برد بۆ سینگو مەمکی، بە توندی و بە شێوەیەك کە ئەفسەرەکە چاوەڕوانی نەدەکرد کێشای بە دەستیاو دوو شەقاوان چووە پاشەوەو بە نیگایەکی بریندارو توڕەی تەژی کەربو کینە لێی روانی.

ئەفسەرەکە غافڵگیر بوو، بۆ ساتێك حەپەسا، ئەوسا لە قاقای پێکەنینی دا. عەریفەکەش بەدەم تەمەشاکردنی شیرینەوە بزەیەکی کرد، بەلام عەبدوڵڵا بێدەنگ بوو، توڕەیی لە قووڵایی چاوەکانیا شەپۆلی دەدا.

ئەفسەرەکە، بێئەوەی وشەیەکی لە زار بێتە دەر، ئاماژەی عەریفەکەی کرد کە وەدەربکەویو بڕوات. عەریفەکە وەرسوڕاو بەرەو دەرگا رۆیی. عەبدوڵڵا وەك ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بکات، بە دەقی خۆیەوە مایەوە، ئەفسەرەکە نیگایەکی ساردی کرد، ئەوسا بە عەریفەکەی گوت:

– *سبەی بەیانی وەرن بیبەن.*

عەریفەکە ئاوڕێکی لە ئەفسەرەکە دایەوە، بزەیەکی ناپاکانەی بۆ کرد، ئیکلامی کێشاو گوتی:

– *بەڵێ ئەزبەنی.*

ئەوسا عەبدوڵڵای وەپێش داو لە ژوورەکە وەدەرکەوتن.

***

عەلی فەیلی، بە تاقی تەنیا، بە چاوی بەستراوەوە، لە زندانەکەی خۆیدا لەسەر کورسییەك شەتەك درابوو.

مندالان، بە کەلا(هەڵمات) رەنگینەکانیان مۆشێنیان دەکرد، کۆڵانەکە هێشتا قەرەباڵغ نەبوو بوو، ئافرەتێکی ناڤسالی (کامڵ)، نزیکەی پەنجا سالان، لە یەکێك لە ماڵەکانەوە هاتە دەریو ڕوو لە منداڵەکان بانگی کرد:

– *عەلی... عەلاوی.*

یەکێك لە منداڵەکان، گوێی لە دەنگی بوو و لە دوورەوە گوتی:

– *چیت دەوێ؟*

- *وەرە فراڤینەکەت (نیوەڕۆژە) بخۆ کوڕم.*
- *ئێستا دێم.*

لەسەر هەڵماتێنەکەی بەردەوام بوو، دایکەکە بە نیگای پڕ میهرەوە دەیڕوانیە منداڵەکان.

عەلی هێشتا، بە کورسییەکەیەوە شەتەك درابوو، دوو دڵۆپە ڕوندك لە چاوانی بەستراوییەوە هاتنە خوارێ، لە ناکاو لە بانگی کەڵەبابێك (کەڵەشێر) ڕاچڵەکی.

***

عەبدوڵڵاش ڕاچڵەکی، هێشتا لەناو جێگاکەیدا بوو، هەستا، بە دەم هەڵ لەرزینەوە دەرگای ژوورەکەی کردەوە. پێی پەتی بوو، سووکێ خۆی گەیاند نك (لا) دەرگای ژوورەکەی خانم، گوێی لە دەنگی پرخە پرخ بوو... ئەنجام خۆی بەو ڕاڕەوەدا کرد کە دەچوو بۆ ژوورەکەی خانم... هەستی بە جۆرە ئازارێك دەکرد، بە دەستێکی لەرزۆك دەرگاکەی کردەوە، جیڕەیەکی ترسناکی لێهەستا. گڵۆپێکی سفر، لە ژێر هیتەرەکەوە دەسووتاو بە ئاستەم ژوورەکەی روناك دەکردەوە، کە خانم بینی هاتووەتە ژوورەوە، بە پەلە لە جێگاکەی دەرپەڕییە دەرێ و گوتی:

- *هەی کڵۆلی نەگریس... ئەی بەدفەڕ...*

عەبدوللا، هیچ وەڵامێکی گلەیی و گازاندەکەی نەدایەوە، بەڵام خۆی هاویشتە بەر پێی، کەوتە ماچ کردنی هەردوو ئەژنۆی، بە دەم ڕاموسانەوە بەرەو ژوورتر هەڵکشا، دەڵەکی دا، خستیەوە سەر جێگاکەی، پاڵی خست و ماکسیە تەنکەکەی هەڵدایەوە.

کتێبەکە، لەسەر قەرەوێڵەکەوە، کەوتە خوارەوە، عەبدوڵڵا هێشتا بە جلە سوپاییەکانیەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی، لە ژوورێکی چکۆلەو نزم، ڕاکشا بوو. بە ئەسپایی هەستا، لەو گڵۆپە نزیك بووەوە کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەوە، بە بن میچەکەدا شۆڕ بووبووەوە... پاڵێکی پێونا، گڵۆپەکە بە ندۆڵ ئاسا کەوتە جوڵانە، لە ناکاو هاوارێکی ژنانەی بەرزی هاتە گوێ، هاوارێکی ترسناك، هاواری فریاخوازی بوو، تەزوویەك بەسەرپایدا هات و ترسی لێنیشت.

***

شیرین، هەردوو دەستی، لە پشتەوە بەسترا بوون و توند بە قەرەوێڵەیەکی ئاسنەکەوە شەتەك درا بوو. نیمەچە رووت بوو، سینگ و مەمکی بە دەرەوە بوون، دەرپێیەکەی هێنرابووە خوارێ، هەردوو لنگی بەتەواوەتی کرابووەوە، ئازارێکی پڕ سوێ، نیشتبووە سەر نیگا وێڵ و ئاوارەکانی، دەتگوت شێتە، ئەفسەرەکە پشتی تێکردبوو، خەریك بوو دەعباکەی لە خوێنی کچێنی، ئەو پاك دەکردەوە، دوگمەی پانتۆڵەکەی داخست، دەستەسڕێکی سپی خوێناوی فڕێدایە ناو حەوزی بەر بەلوعەی ئاوەکە.

دەرگا کرایەوە، پیاوێك وەژوورکەوت، پلی بە پلاکی کارەباکەدا نا. ژوورەکە روناك بووەوە، هاشم هێشتا لە ناوەندی ژوورەکەداو بە کورسیەکەوە شەتەك درا بوو، هێندەیان ئەشکەنجە دابوو بورابووەوە. دوو زەلامی دی وەژوورکەوتن، عەلی فەیلیان بە چاوی بەستراوەوە، کە بە کورسیەکەوە شەتەك درابوو، هێنایە ژووری. لە بەرانبەر هاشمدا دایاننا، گڵۆپەکەیان کوژاندەوە، بە دوو قۆڵی وەدەرکەوتن و دەرگاکەیان لە دوای خۆ داخست... زندانەکە نقومی تاریکی بوو، جارجار روناکیەك لە پەنجەرەیەکی سەر راڕەوێکەوە، بە ئاستەم دەیدا لە ناو زندانەکە.

ماوەیەکی باش تێپەڕی، عەلی فەیلی، بە دەنگێکی کز دەینالاند، لە پڕ هاشم کە خەریك بوو وەهۆش دەهاتەوە، بە ناڵە ناڵە سووکەکەدا هەستیکرد، کە کەسێکی تر لە ژوورەوەیە. (عەلی فەیلی)ش هەستی بە جم و جۆڵی هاشم و جیڕە جیڕی کورسیەکە کرد، هەردووکیان هەناسەیان لە خۆ بڕی، هەردووکیان وایان دەزانی بە سەهو چوون، ئەمە تەنیا خەیاڵە. پاش ئەوەی دڵنیا بوون کە ئەمە وەهم و خەیاڵە. گەڕانەوە دۆخی خۆیان. عەلی فەیلی بە ئەسپایی کەوتە ناڵەناڵ، هاشم کەوتە هانکەهانك... هەمدیس گوێ قولاغ بوونەوە، لە پڕ هاشم پرسی:

– ***کێیە ؟***

عەلی فەیلی وەلامی نەدایەوە، هاشم پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– ***کێیە ؟***

عەلی فەیلی بە دەم ئازارەوە بەرسڤی دایەوە:

– *منم، ناوم عەلییە، ئەدی تۆ کێی؟*

– *من ناوم هاشمە، تۆ بۆ لێرەی ؟*

– گیراوم، ئەدی تۆ ؟

– ***منیش گیراوم، باشە لەسەرچی گیراویت ؟***

– ***بە تۆمەتی سیاسی، ئەدی تۆ ؟***

– ***منیش بە تۆمەتی سیاسی گیراوم، باشە بە چ شتێ تۆمەتبار کراوی ؟***

– ***بە تۆمەتی تیرۆرو هەوڵی کوشتنی پاشاو سەرانی عەرەب و هەڵگرتنی دەمانچە.***

– ***جا وایە ؟***

– ***بێگومان بوختان و درۆیە.***

– ***ئەدی لەسەر چی گیراویت ؟***

عەلی فەیلی، دوای دوودڵیەکی کەم، بەرسڤی دایەوە:

– ***چونکە شیوعیم.***

هاشم قسەکەی پێ بڕی :

– ***بە نەفرەت بی، ئێوەی شیوعی شایستەی ئەم سزایەن... چونکە خایەن و نۆکەرن.***

عەلی فەیلی غافڵگیر بوو... بێدەنگ بوو... بێدەنگی بۆ چەند ساتێك باڵی بەسەردا کێشان، عەلی ویستی بیدوێنێ، لێی پرسی:

– ***تۆ سەر بە رێکخراوە ئیسلامیەکانی ؟***

*– بەڵێ، لە خودا بەزیاد بێ، سوپاس بۆ یەزدان کە من وەکو تۆ گومڕا نەبووم کە دۆستو دژمنم لێکدی جیا نەکەمەوە.*

عەلی فەیلی بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا گوتی:

*– یەکەم... من رێگای خۆم باش دەزانم،و دووەم...*

هاشم قسەکەی پێ بڕی:

*– هەرچەندە رەوشو وەزعی ئێستامان هی موناقەشەو گەنگەشەی جددی نیە، هەرچەند من ناتناسمو نەمدیویت، دڵنیات دەکەم، کە ئەو رێگایەی تۆ گرتووتە رێگایەکی دروست نیە... تاقە رێگای دروست ئەو رێگایەیە کە نوری مەعریفەت، نوری ئاوەزو ئیمان روناکی دەکاتەوە..*

عەلی فەیلی بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئازارەکەی خۆی لە بیرکرد، نەیدەویست وەڵامی بداتەوە، بەڵام هەستی کرد، قسەکردن خۆی لە خۆیدا جۆرە پەیوەندی و بەشدارییەکی مرۆڤانیەو، دژواریو سەختی ئەو هەڵوێستو حاڵەتەی کە تێی کەوتووە، لەسەر شان سووك دەکات، بۆیە گوتی:

*– هەموو، هەر لە رێگەی رزگاری دەگەڕێین،و هەر یەکەمان رێگەی خۆی بە تاقە رێگەی دروست دەزانێت، ئیدی هەر کەسەو قەناعەتو باوەڕی خۆی هەیە.*

هاشم، بە جۆرە توندڕەوییەکەوە وەڵامی دایەوە:

*– پێت وایە رێگەی خوانەناسیو نکۆڵی کردن لە بوونی یەزدانی مەزن، رێگەی رزگارییە. رزگاری، بە نەمانی ئەخلاقو ئازادی سێکسیو پابەند نەبوون بە دابو نەریتو بەها ئەخلاقیەکان دێتە دی ؟*

(عەلی فەیلی)ش بە توندی وەڵامی دایەوە:

*– گوێ بگرە، من لە وەزعو حاڵێکا نیم کە بتوانم گوێم لەم قسە پڕوپوچو تورەهاتانە بێت،و تۆ لە نەزانیەوە تۆمەتبارم دەکەی، هەقە بەر لەوەی بە خوتو خۆڕایی خەڵکی تاوانبار بکەی، بچیت بیانناسیتو بچیتە بنجو بناوانی بیرو باوەڕەکانیان.*

هاشم بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، هەستی بە ڕووگیری کرد، بەڕاستی هیچی لەسەر کۆمۆنیزم نەخوێندبووەوە، لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیزم بێئاگا بوو، بەڵام نەیدەویست لە کەری شەیتان دابەزێ و لە قسەی خۆی ژێوان ببێتەوە، بۆیە گوتی:

*– بیروبۆچوونی ئێوە دیارە، خەڵکانێکی خوانە ناسن، باوەڕتان بە یەزدانو رۆژی پەسلان ( قیامەت) نیە.*

عەلی فەیلی بە توندی قسەکەی پێ بڕی:

*– دەتوانی بۆمی بسەلمێنی کە خودا کێیە ؟ لە کوێوە هاتووە، ئێستا لە کوێیە ؟ چۆن دنیای خوڵقاندووە ؟ جا ئەگەر ئەو هەبێ، بۆچی ئەم هەموو زوڵمو نەزانیو نەخۆشیو نەگبەتیە لەسەر زەوی هەیە ؟ بۆچی هێزی شەڕ زاڵە ؟*

هاشم بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، و ئەوسا بە هێمنی گوتی:

– لاحەولە وەلا... تۆ گەرەكتە من ئێستاو لە زندانی ئەشكەنجەدا، وەڵامی ئەو پرسیارانەت بدەمەوە كە سەدان سەدەیە تیرەی بەشەر پێوەی خەریكن و هەزاران كتێب و گۆڤار مژولی وەڵامدانەوەیانن، بەڵام وێڕای ئەوەش هەوڵدەدەم، حەزدەكەم ئەوەت پێ بڵێم كە ئێوەی مەتریالیست دەڵێن مرۆڤ باڵاترین شێوەی پەرەسەندنی سروشت و ژیانە،و ئەقڵی بەشەر بەرزترین قۆناغی پەرەسەندنی سروشت و تەبیعەتە،و بیركردنەوەو هزرین تەنیاو تەنیا خەسڵەتی بەشەرە، بەڵام وەكو دەبینی بەشەر هێشتا لە تاریكییەكانی خودی خۆیداو لە تاریكییەكانی گەردوون و ژینگەی دەوروبەریدا كوێرانە هەنگاو دەنێ و هەنگڵە شەلێیەتی،و نەیتوانیوە وەڵامی مەسەلەو پرسە گەردوونییەكان بداتەوە، كەچی سروشت و تەبیعەت لە حاڵێكا كە بیر ناكاتەوە، بە ملیۆنان ساڵ بەر لە بەشەر بەم سیستەمە وردو عەجیبەی خۆیەوە، پەیدا بووەو هەبووە، باشە ئەم تەبیعەتە بێ بیرو بێ هزرینە، چۆن توانی بەم رێك و پێكییە بەم سیستەمە وردەوە خۆی پەیدا بكات، خۆی دروست بكات. یان دەبێ تەبیعەت خودان بیرێكی ڕەها بێ و لەوپەڕی بلیمەتی دا بێ، ئەوجا بتوانێ بەم سیستەمە وردە هەبێ، ئەمەش دوو پرسیاری لێدەكەوێتەوە كە بریتین لە: سروشت چۆن پەیدا بوو،و لە كوێوە هاتووە؟ هەروەها نابێ بەشەر باڵاترین شێوەی پەرەسەندنی ژیان و سروشت بێ، یان ئەوەتا دەبێ كەسێك هەبێ سروشتی بەم سیستەماتیكە وردە دروست كردبێ، كە ئەویش خودای بەرزو باڵایە.

عەلی فەیلی، قسەكەی پێ بڕی:

– *بەڵام خودا كێیە ؟*

هاشم بە توڕەیی وەڵامی دایەوە:

– *بە ناوی خودا كە دەهەندەو دلۆڤانە: "لە ناو خەڵكا هی وا هەیە،لەمەڕ خودا كێشە دەكا،بێ ئەوەی چی لێبزانێ، نە هیچ شارەزایی هەیەو نە كتێبێ كە بۆی ڕۆشن بكاتەوە"*

– *بەڵام ئەمە جواب نیە.*

هاشم بەرپەرچی دایەوە:

– *بە ناوی خودا كە دەهەندەو دلۆڤانە:"بێژە: بەری خۆ بدەنێ لە ئاسمانان و زەمیندا چها هەیە، كەچی ئەم هەموو نیشانەو تساندنە كارناكاتە سەر گرۆی بڕوا نەهێنان "*

عەلی فەیلی قسەكەی پێ بڕی:

– *بە هەرحاڵ، نامەوێ لەگەڵتا بكەومە موناقەشەیەكی فەلسەفیەوە، من یەك لە باری خۆم، لە هەموو شتێك بە گومانم، چونكە تەنانەت مەتریالیزم و مەتریالیستەكانیش نەیان توانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە كە مادەی یەكەم لە كوێوە هاتووەو چۆن سروشتی دروستكردووە، هەڵبەتە ئایدیالیستەكانیش نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە كە ماهیەتی خودا چیە.*

هاشم بە دەنگێكی بەرز وەڵامی دایەوە:

– *خودا تۆبە، تۆبە خودایە.*

لەم كاتەدا دەرگا كرایەوە، سێ زەلام وەژووركەوتن، گڵۆپیان هەڵكرد.

***

عەبـدوڵڵاو خـانم، لـە تـاریکی ژوورەکـەدا،و لەسـەر تەختـە خەوەکـە پێکـەوە پـاڵ کـەوتبوون.

عەبدوڵڵا لە بن لێوانەوە گوتی:

*– سـبەینێ بـەجێتان دێڵـم و دەڕۆم بـۆ پایتـەخت، ناسـیاوێك لـەوێ کـاری رازگـری، لـەلای کەسایەتیەکی گەورە بۆ دۆزیومەتەوە:*

خانم، ئاهێکی پڕ نیگەرانی هەڵکێشا:

*– بۆ پایتەخت.*

*– بەڵێ خانمەکەم، بەجێتان دێڵمو دەڕۆم بۆ پایتەخت.*

ئەوسا عەبدوڵڵا، ویستی گڵۆپەکە هەڵبکات، بەڵام خانم نەیهێشت. عەبدوڵڵا گوتی:

*– یانی ناتەوێ ئەو یادگارەم لەلا بمێنێ کە جەستە جەوانەکەتم دیتووە ؟*

خانم تەمەشایەکی کردو بەرسڤی نەدایەوە، مێریڤانی و شادمانی نیشتبووە سەر چاوەکانی، لە پڕ لە تەقەی دەرگا درا، عەبدوڵڵا خۆشی نەیزانی چۆن ڕاپەڕی و بازی دا.

***

عەریفەکە، بەخۆو زەرفێکەوە وەژوورکەوت، عەبدوڵڵا کتێبەکەی لە ژێر بالیفەکەدا شاردبووەوە.

عەبدوڵڵا بەرزە پێ هەستا، عەریفەکە گوتی:

*– ئەمـە کیتابەکـەی (نووسـراوی فـەرمی) ئـەو کچـە کوردەیـە، حـازرە. بـەیانی دەبـێ بیبـەی بـۆ فەیلەقی یەك لە کەرکووك.*

عەبدولڵا، زەرفەکەی لە یارۆی عەریف وەرگرت، بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی:

*– باشە عەریفم.*

عەریفەکە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت. عەبدوڵڵا بۆ چەند ساتێك لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتو لە فکران ڕاچوو، زەرفەکـەی نایـە ژێـر بالیفەکـە، کتێبەکـەی دەرهێنـا، لەسـەر قەرەوێڵەکـە ڕاکشـا، کتێبەکەی کردەوە تا لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێ.

((20))

## کەروێشك

عەریفەکە، بە جلکی سوپایی و کڵاوخودو چەکەکەیەوە، هەروەڵەی دەکردو هاواری دەکرد:

*– من خۆ ڕاگرم... خۆ ڕاگر.*

ریزە سەربازێکیش بە دوویدا غاریان دەداو هەمان زاراوەکانی ئەویان دەگوتەوە:

*– من خۆ ڕاگرم... خۆ ڕاگر.*

عەریفەکە هاواری دەکرد تا زیاتر جۆشیان بدات:

*– لە ڕای نیشتمانم*

*– من خۆ راگرم.*

- *سەرباری کۆسپ و تەگەران*
- *من خۆ ڕاگرم.. خۆ ڕاگر.*

عەبدوللا، لە ژووری ئەفسەرەکە وەدەرکەوت، شیرینیش، کە سەراپا تێکشکا بوو، سەری داخستبوو، لۆژە لۆژ بە دوویدا دەڕۆیی.

عەبدوڵلا، ڕوانیە عەریفەکەو سەربازەکان، ئەوانیش روانیانە عەبدوڵلاو شیرین، عەبدوڵلا لە پێشەوەو شیرین بە دوایا، بەرەو دەروازە سەرەکیەکە رۆییشتن. عەریفەکەو سەربازەکان لەسەر مەشق و هەڕوەڵەو وتنەوەی دروشمەکانیان بەردەوام بوون.

***

سەباحی نیگارکێش بە رووت و قووتی،و بە تۆی تەنیا شۆرتێك لەسەر جێگاکەی ڕاکشا بوو کە لە دەرگا درا.

- *کێیە ؟*

پیاوێك وەڵامی دایەوە:

- *خۆمانین.*

یەکسەر هەستا، رۆبێکی سوف بەدیار سەریەوە هەڵواسرابوو، دایگرت و لەبەری کرد، هەرکە دەرگای کردەوە، چوار زەلام وەژوورکەوتن.

- *خێر، چیە ؟*

یەکێکیان گوتی:

- *هیچ نیە مامۆستا سەباح، بەڵکو تا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لەگەڵماندا دێی.*

سەباح شڵەژاو پرسی:

- *بۆ ؟*
- *هیچ نیە، تەنیا پرس وجۆیەکی ئاساییەو تەواو.*

سەباح بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی:

- *با جلەکانم لەبەر بکەم.*

دەوریان داو بردیانە دەرەوە.

- *پێویست ناکات، پێنج دەققەیەو دەگەڕێیتەوە.*

ویستی ئیعتراز بگرێ.

- *ئاخر ئاوا نابێ براینە، رێم بدەن با جلەکانم لەبەر بکەم.*

یەکێکیان بە توندی گوتی:

- *لەسەری مەڕۆ، گوتمان پێنج دەققەیەو دەگەڕێیتەوە.*

داکی تاریق کە گوێی لەو دەنگە دەنگەی قاتی سەرەوە بوو، لە ژوورەکەی خۆی وەدەرکەوت، سەیری کرد، چوار زەلام دەوری سەباحیان داوە، کە رۆبێکی سوفی یەخە کراوەی لەبەردایەو هەموو بەدەنی بە دەرەوەیەو تەنیا شۆرتێکی لە پێیە، بە تۆنێکی ترسئامێزەوە پرسی:

- ***چی بووه... ئێوه کێن... چیتان له سەباح گەرەکە ؟***

یەکێکیان دەڵەکی دایە دواوە:

- ***لاکەوە، ئەمە ئیشی تۆ نیە.***

پیرەژن لەسەری رۆیی:

- ***چۆن ئیشی من نیە، سەباح کرێچی منە ؟***

یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

- ***پێمانگوتیت ئەمە ئیشی تۆ نیە، ئەمە ئیشی حکومەتە.***

بە تەشەر و تورەییەوە گوتی:

- ***ئەمە چۆن حکومەتێکە خەڵکی لە ناو جێگادا بگرێو بە ڕووت و قووتی ببا.***

یەکێکیان هاواری بەسەردا کرد:

- ***زارت داخە، دەنا بە شەق بۆتی دادەخەین.***

گەیینە دەرگای حەوشە، وەدەرکەوتن و دەرگاکەیان لە پاش خۆ داخست. پیرەژنەکەی داکی تاریق لە ناوەڕاستی حەوشەدا مایەوە، ڕوانیە تەیرە زندانیەکانی ناو قەفەزەکە، تەمەشایەکی قاتی سەرەوەی کرد، ئەوسا چاوی داخست و ماوەیەکی زۆر نیگای لە ژوورەکانی عەلی فەیلی و هاشم نەگواستەوە. لە قەفەزەکە ڕاما، دەرگای قەفەزەکەی کردەوە... تەیرەکانی بەرەڵلا کرد.

***

زیلە سوپاییەکە بە خێرایی بەسەر جادە قیرەکەدا، دەرۆیی، جادەکە بە هەورازو نشێوانی دەشت و دەرەکەدا هەڵدەگەڕاو دادەگەڕا. لە دوورەوە چیا سەخت و گەردنکەش و سەر بە بەفرەکان ئاسمانی شینیان گرتبووە باوەش.

عەبدوڵلا، خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبە بوو کە لەگەڵ خۆیدا بردبووی، ناو بە ناو نیگایەکی پڕ لە ژان و هاوسۆزیی شیرینی دەکرد. شیرین وەکو منداڵێك لە منداڵدانی دایکیا بێ خۆی قانگڵە کردبوو، بە بێدەنگی دەگریا.

***

عەبدوڵلا، بە دەستێ جلی ڕەشەوە، بە تاقی تەنیا لە هۆڵی کتێبخانەیەکی گەورەی ئاواو ئاوەداندا خەریکی کۆپی کردنی چەند پەرەگرافێکی کتێبێك بوو... پیاوێکی داڵەگۆشتی نیگاگەشی قژ زەرد، خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، بە بیچم و هەیئەتیا لەوە دەچوو ئەو کەسایەتیە گەورەیە بێ کە عەبدوڵلا وەکو رازگر کاری لەلا دەکرد.

- ***لە ئیملاکەت دڵنیا نیم.***

عەبدوڵلا بە هێمنی گوتی:

- ***پێموایە ئیملاکەم دروستە. باشە.***

پیاوەکە ئاماژەی بۆ وشەیەك کرد کە بە هەڵە نووسرا بوو، و گوتی:

***– کە لە نووسینەکەت بوویتەوە، لە فەرهەنگدا بۆ ئەو وشانە بگەڕێ کە بە تەواوەتی لە ئیملاکەی دڵنیانیت.***

پیاوەکە ڕوانیە سەعاتە دیوارییەکە، سەعات شەش بوو، ئەوجا چاوێکی لە جلەکانی عەبدوڵلا کردو بە تەشەرەوە گوتی:

***– پێم نەگوتیت دەبێ هەموو ڕۆژێ لە سەعات شەشی تەواودا بە جلی شەونشینیو شەو ئاهەنگەوە بیت ؟ ئەمجارەیان قەیناکا، دەی با بڕۆین بۆ هۆڵەکە خێزانو میوانەکان چاوەڕوانمانن.***

ئاغا، بەرەو دەرگا وەڕێکەوتو عەبدوڵلا بە دوویدا، دەستی برد، دەرگاکەی کردەوە.

دەرگای هۆڵەکە کرایەوە، ئاغا وەژوور کەوت، عەبدوڵلا بە دوویدا. هەمووان لە دەوری خوانەکە دانیشتبوون، بەلام هێشتا دەستیان بە نانخواردن نەکردبوو. ئاغا دانیشتو ئاماژەی بۆ عەبدوڵلا کرد کە لەسەر کورسییەکی نزیکی یەکێك لە ئافرەتەکان دانیشێت، ئەوجا عەبدوڵلای پێناساند. ئافرەتێکی بالا بەرزی، بەسامو هەیبەت بوو.

جوانی هۆڵەکە عەبدوڵلای سەرسام کرد، بەلام لە ناو ئەم کۆمەڵگە تازەیەدا خۆی بە غەریبو نامۆ هاتە بەرچاو. هەموویان بە دەنگی نزمو بە ئەتەکێتەوە قسانیان دەکردو ئاگایان لەو نەبوو، لە ناکاو گەنجێکی قۆزی بە سمێڵ، ڕەنگ کاڵ، پۆشتە، سەرچکۆلە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، خێرا هاتو دەستی خانمی خاوەن ماڵی ماچ کرد، خانم گوتی:

***– هەمیشە دوا دەکەوی کوڕەکەم. هەمیشە دەبێ چاوەڕوانت بکەین.***

ڕێك لەم ساتەدا، سەرنجی عەبدوڵلا، لەسەر کیژێکی گەنجی خشکۆكو ڕند گیرسایەوە کە لە بەرانبەری دانیشتبوو. زانی ئەمە کیژی ئاغایە، بەلام نەچووە دڵییەوە، کاتێ زەینی دایێ، وای بە بیراهات کە بە عەمراتی چاوانی هێندە جوانی نەدیتووە، لەبەر ڕۆشنایی شەمدانەکەدا دەبریسکانەوەو پرشنگیان دەدا.

ئاغا ڕووی کردە کوڕەکەی، کە بە درەنگەوە گەییە جێ، عەبدوڵلای پێ نیشان داو گوتی:

***– دەمەوێ بایەخ بەم بەڕێزە بدەیت کە هێناومەتە ناو دار و دەستەی خۆمەوە، پێموایە دەیکەم بە کەسێك کە لە کاتی نووسیندا هەڵەی زمانەوانی نەکات.***

ئەوجا ئاوڕی لەو پیاوەی تەنیشت خۆی دایەوەو گوتی:

***– ئەمە رازگری تازەمە.***

هەموو تەماشای عەبدوڵلایان کرد، ئەویش سەری ڕێزو سوپاسی بۆ میوانەکان دانەواند.

خوانەکە لە ناکاو تەکانێکی خوارد، هەموو قاپو پەرداخەکانی سەری کەوتنە جوڵە، دانیشتووان کورسیەکانو مێزەکەیان گرت.

***

ئۆتومبیلەکە لە پڕ ئوستۆپێکی گرت، تەکانێکی دا... عەبدوڵلا خۆی بە کورسیەکەوە گرتو شیرین خۆی بە دەسکی دەرگاکەوە گرت.

عەبدولڵا، سەرێکی کێشا، ڕوانیە دەموچاوی شوفێرەکەو گوتی:

*- چی بوو، بۆ وەستایت.؟*

شوفێرەکە، لە جامەکەی تەنیشتیەوە سەری بردە دەرێ‌و گوتی:

*- کەروێشکێك هاتە بەر ئوتومبیلەکەو نەمویست بیشێلم .*

دوای تۆزێك ئوتومبیلەکە بە رێگاکەی نێو هەرد وباسکەکاندا کەوتەوە ڕێ‌و لە چاو ون بوو.

((21))

## بەڵێننامە

سەباح بە رووت‌و قووتی لەسەر کورسیەك لە ناوەندی ژووره تاریکەکەداو لە بەردەم رەییس دانرا بوو، ئەو پیاوانەی دی کە دەستگیریان کردبوو، لە نزیکی دەرگاکەو لە تاریکییەکەدا وەستا بوون. رەیس پرسی:

*- یانی تۆ سیاسی نیت ؟*

سەباح گوتی:

*- من سەرو ساختم دەگەڵ سیاسەتدا نیە، من هونەرمەندم، بەلای منەوە....*

رەئیس قسەکەی پێ بڕی:

*- دەیسا ئێمە دەمانەوێ ببی بە حیزبی.*

سەباح هەڵیدایە: *- بەڵام*

رەیس بە توڕەیی بەرپەرچی دایەوە:

*- یەکەم، قسەم پێ مەبڕە، دووەم بێ هیچ ناڕەزاییەك، دەبێ ببی بە حیزبی، دەنا بە جۆرێکی دی مامەڵەت دەگەڵدا دەکەین.*

ئەوجا کاغەزێکی بۆ درێژ کردو داوای لێکرد کە ئیمزای بکات : *- ئێرە ئیمزا بکە.*

سەباح قەڵەمەکەی وەرگرت، لە فکران ڕاچوو، ویستی ئیمزای بکات، بەڵام وەستاو گوتی:

*- باشە، ئەگەر ئیمزای نەکەم؟*

رەییس، بۆ ساتێك بە بێدەنگی لێی مۆڕ بووەوە، ئەوسا بە دەست ئاماژەیەکی بۆ ئەو پیاوانە کرد کە لە تاریکییەکەدا وەستا بوون، لە چاو تروکانێکا وەدەرکەوتن‌و خێرا هاتنەوە ژوورێ. هەردووانیان‌و کەسێکیان ڕادەکێشا، دوو کەسیان لەبەردەم سەباح دا توڕدا، هەردووکیانی ناسییەوە، جووتە دراوسێکەی قاتی دووەمی ماڵەکەی خۆی بوون، دەتگوت گۆشتی جنراون... هێندەیان ئەشکەنجە دابوون، بێ لەزەت بوو بوون.

سەباح بەرگەی ئەو دیمەنەی نەگرت، قەڵەمەکەی گرت‌و بە پەلە کاغەزەکەی ئیمزا کرد،بەڵام سەری نایە سەر کاغەزەکەو هەردوو دەستی بە سەرییەوە گرت‌و لە هۆڕژنی گریانی دا.

***

لە پشت کتێبەکانەوە دەرگایەك هەبوو، کیژەخانمە سپیکەلە قژ زەردەکە لەو دەرگایەوە، بەبێ ئەوەی عەبدوڵلاو ئەو پیاوەی کە ئەو کارەی بۆ دۆزی بووەوە پێی بحەسن، خۆی بە هۆڵی

کتێبخانەکەدا کرد، چەند ڕەفەیەکی کتێبان کەوتبووە بەینیانەوە. کیژەکە زۆر بە عینوان‌و بەرزە نیگا، بە تەبیعەت ساردو سڕ بوو.... بەکەش‌و فش‌و فیزەوە، نیگایەکی عەبدوڵڵاو پیاوەکەی تری کرد، بێئەوەی بیبینێ. عەبدوللا بە پیاوەکەی گوت:

– *باشە، نانخواردن لەگەڵ خانمی گەورەدا، بەشێکە لەم کارەی ئێرەم؟*

پیاوەکە بەسەرسامی گوتی:

– *بە پێچەوانەوە، شەرەفێکی گەورەیە بۆ تۆ کە لەسەر یەك مێزو خوان لەگەڵیاندا دابنیشیت.*

عەبدوڵڵا گوتی: – *بەڵام ئەمەم زۆر لەبەر گرانە، قورسترین بەشی کارەکەمە... بەڕاستی کە دەبینم خانمی گەورە باوێشك دەدا، دڵم تەنگ دەبێت، خەو دامدەگرێت.*

کیژەخانم گوێی لەو قسانە بوو، پێکەنین گرتی، بەڵام خۆی گرت‌و، ئاگای لێنەبوو کە کتێبێك لە یەکێك لە ڕەفەکانەوە کەوت‌و لە نزیکییەوە گیرسایەوە، عەبدوڵڵاو پیاوەکە وەئاگا هاتن‌و پێی حەسیان، پیاوەکە بەسەر سڵاوی بۆ کرد، ئەوجا دەرچوو. عەبدوڵڵا زۆر پەشۆکا، چونکە زانی کە گوێی لە هەموو قسەکان بووە. بەڵام هەر زوو، کەش‌و فش‌و لە خۆبایی بوونەکەی لە روو و روخساریا دەرکەوتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش چاوە جوانە پڕ لە بێزاریە قووڵەکەی بە روخساری عەبدوڵڵاوە گیرسایەوە، بە دەنگێکی زندووی خاڵی لە هەر مێیاتیەك گوتی:

– *بۆ ئاهەنگی دانس‌و سەمای ئەمشەو دەعوەتکراوی؟*

– *نەخێر،کیژە خانم.*

بە تۆنێکی وشك گوتی:

– *دەیسا خۆت بە دەعوەت بزانە.*

بۆ وەڵامەکەی عەبدوڵڵا نەوەستا، لە دەرگا سەرەکیەکەوە وەدەرکەوت، عەبدوڵڵا هیچی نەگوت، توڕەیی سەراپای داگرت، هەستی بە ڕیسوایی کرد.

***

دەرگا یەك لە ناو یەکەکان کرانەوە، عەبدوڵڵا گەییە ناو هۆڵەکە، نەیدەزانی لەسەرسامیدا چ بکات. هۆڵەکە قەرەباڵغ بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان دەڕەقسین، ویستی تێپەڕێ بۆ هۆڵی دووەم، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی بەر دەروازەکە نەیتوانی. دڕی بە خەڵکەکەدا، ڕێگای خۆی کردەوەو توانی بچێتە ژوورەوە، لە نزیکی دەروازەکە (مدخل) کیژەخانمی بینی کە لە سەر کورسییەکی نەرم دانیشتووەو چەند گەنجێکی جوانخاس دەوریان داوە، کیژەخانمش عەبدوڵڵای بینی‌و یەکسەر لێی پرسی:

– *بەڕێز، پێت وا نیە ئەمە جوانترین ئاهەنگ‌و کەرنەڤاڵی ئەم وەرزەیە؟*

عەبدوڵڵا، ڕاستەوخۆ وەڵامی نەدایەوە، کیژەخانم هەستی بە جۆرە ڕوو دەربایسیەك کرد، گەنجەکان ئاوڕیان دایەوە تا بزانن دەگەڵ کێ قسان دەکات.

عەبدوڵڵا بە جۆرە زبرییەك گوتی:

*– من ناتوانم داوەرێکی باش بم کیژە خانم. من هەموو ژیانی خۆم بۆ نووسین تەرخانکردووە، ئەمە یەکەم ئاهەنگی سەمایە کە ئامادەی دەبم.*

گەنجەکان، سەریان سوڕما، کیژەخانم بە ئەسپایی گوتی:

***– وای بۆ دەچم کە تۆ بە چاوی فەیلەسوفەوە دەڕوانیتە ئەم جۆرە ئاهەنگانە، بۆیە ئەم شێتاتیە دەتحەپەسێنێ، بەڵام ئەفسوونت ناکات.***

لەم کاتەدا، پیاوێکی پۆشتەو پەرداخ، جوانخاس لە کیژەخانم نزیك بووەوە، عەبدوڵڵا بە ڕێزەوە دوور کەوتەوە، بەڵام کیژەخانم چاوانی لێ نەدەگواستەوە...تا عەبدوڵڵا لەگەڵ یەکێك لە میوانەکاندا کەوتە قسان، گەنجەکان لە کیژەخانم دوور کەوتنەوە، هەروەها پیاوە پۆشتەکەش ڕۆیی.

دایکی کیژەخانم چووە لایەوەو پرسی:

***– بێتاقەت و ناڕەحەت دیاری.***

کیژەخانم (الانسە)، بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە:

**– سەرم دێشێت... هەوای ئێرە زۆر گەرمە.**

عەبدوڵڵاو میوانەکە هێشتا هەر خەریکی قسان بوون. خانم هەستا، بەرەو لای ئەوان ڕۆیی، پێی نەحەسیان. لە تۆ وایە گوێیان لێدەگرێت.

پیاوەکە، بەدەم ئاماژەوە بۆ یەکێك لە میوانەکان، بە عەبدوڵڵای گوت:

***– ئا ئەم پیاوە دەبینی؟ ئەمە سەفیری وڵاتەکەی منە. یاداشتێکی داوە بە وەزیری دەرەوەی ئێوە، داوای لێدەکات کە ڕادەستی حکومەتەکەیم بکاتەوە.***

عەبدوڵڵا گوتی:

***– چ ریسواییەکە ، داوەشێ.***

کیژەخانم، بە بایەخەوە گوێی دەگرت.

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

**– تۆ هێشتا منداڵی برادەر، دنیات نەدیوە، خەڵکی کۆ لە هیچ نەهەقیەك ناکەنەوە، لە هیچ دڵڕەقی و کاروکردەوەیەکی نامرۆڤانی ناپرینگێنەوە، جا بەبێ ئەوەی هەست بە لەزەتێك بکەن... بەبێ ئەوەی کردەوەکانی خۆیان،و تەنانەت تاوانەکانی خۆیان بیر بکەوێتەوە.. باوەڕبکە دەتوانم لەم ئاهەنگەدا پتر لە دە کەست نیشان بدەم کە ئەگەر بە کردەوەی خۆیان لەگەڵ کرابا، سزاکەیان لە زیندانی هەتا هەتایی کەمتر نەدەبوو، کەچی هەم خۆیان و هەم خەڵکی تاوانەکانیان لە بیر کردوون، دەتوانم بڵێم، لە ناو ئەم هەموو خەڵکەدا،لە ناو ئەم حەشاماتەدا، ڕەنگە تەنیا من و تۆ پاك و بێتاوان بین.**

***– زۆر ڕاستە.***

پیاوەکە، بە حەپەساوی ئاوڕی لە خانم دایەوە. بەڵام عەبدوڵڵا نەك هەر تەمەشای نەکرد، بەڵکو درێژەی بە قسەکانی داو بە چاوانی پڕ لە غەزەبەوە گوتی:

***– ئیدی ئەوە چەرخی دنیایە، یاری شەترەنجە.***

بە چاویا دیار بوو کە چەند لە حوکم ویاسا بێهودەکانی بەشەر بێزارە، چەندی گاڵتە بە بۆچوونە بێهودەکانی بەشەر دێت. لەم کاتەدا نیگای لە نیگای کیژەخانم هەڵەنگوت، هێندەی دی بێزار بوو. کیژە خانم هەستی بە شۆکێکی قووڵ کرد، نەیدەتوانی نیگاو نۆڕینەکەی پشت گوێ بخات، بە خەمینی و توڕەییەکی پەنهانەوە دوور کەوتەوە.

پیاوەکە گوتی:

***– ئامەنگێکی جوانە، بەڵام بێ ناوەڕۆکە، هیچ فکرێکی تیا نیە.***

***

شیرین لەناوەندی ژوورەکەدا ڕەق ڕاوەستا بوو. ئەفسەری خەفەر(ئێشکگر) لەلاوە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، نەقیبێکی پیر بە شیرینی گوت:

***– هەر لە مەمان کەم بوو، تۆ لاڵی، بۆ قسە ناکەیت ؟***

شیرین فزەی نەکرد، ماتو بێدەنگ، نیگای یەك پارچە ژانو کول و کۆڤانو نامرادی و سەرگەردانی بوو.

ئەفسەری ئێشکگر (خەفەر) لەلایەکەوە، لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، نەقیبەکە گوتی:

***– لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا، کچی خۆم قسە بکە.. ئەگەر عەرەبی نازانی، تەرجومانت بۆ دێنین.***

شیرین، زاری لێك نابوو،و بە کێردیش هەڵنەدەپچرا، لە تۆ وایە هەر لەگەڵ ئەویشیان نیە. نەقیبەکە ئاوڕی لای ئەفسەری ئێشکگری دایەوە:

– ڕاپۆرتەکە دەڵێت یەکێکە لە خەتەرەکان، بە نهێنی ئیش لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکات، نامە لە نێوان ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە و شاردا دێنێ و دەبات.

ئەفسەرەکە تەمەشایەکی شیرینی کرد، فیکەیەکی کێشا، بەتەوسەوەو بەوپەڕی گۆساخی و بێ شەرمییەوە گوتی:

***– بەم هەموو جوانییەوە، ئەوەندە خەتەرناکە ؟.***

نەقیبەکە نیگایەکی پڕ بەزەیی کردو گوتی:

***– قسە بکە، کچەکەم، بەرگری لە خۆت بکە، چونکە سبەینێ هەواڵەی زیندانی موسڵت دەکەین.***

تاقە وشەیەك لەو قسانە حاڵی نەبوو... نیگاکانی وێڵو سەرگەردان بوون.

***– عەدنان بیبە بۆ ژووری زیندانو بەو سەربازەش بڵێ با لەسەر مامورییەکەی خۆی بەردەوام بێ و بۆ زیندانی موسڵی ببات.***

ئەفسەری ئێشکگر (عەدنان) هەستا، ئیکلامێکی بۆ نەقیبەکە کرد، بەدەست ئاماژەی بۆ شیرین کرد کە بە گەڵی بکەوێت، سوڕایەوەو بە دووی ئەودا لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

***

کیژەخانم خۆی وەکتێبخانەکەدا کرد، جلێکی ڕەشی لەبەر بوو، عەبدوڵلا پێی نەحەسیا، نقومی خەون و خەیاڵەکانی خۆی بوو، کیژەخانم لە بەردەمیا وەستا، بەڵام ئەو هەستی پێنەکرد. لە ناکاو هەستی پێکرد، وبریقەو پرشنگی خەون لە چاوانیا کوژایەوە... کیژەخانم هەستی بەوە کرد، بە نائومێدییەوە گوتی:

– *تکایە ئەو کتێبەم بۆ بێنە کە دوێنێ لێم پرسیت.*

عەبدولڵا هەستا، پەیژەیەکی درێژی هێنا، عەبدوڵلا پەیژەکەی لە ڕەفەکان نزیک کردەوە، کتێبەکەی هێناو دایە دەستی کیژەخانم. هێشتا نقومی بیرکردنەوەی خۆی بوو، لەکاتێکا پەیژەکەی بۆ شوێنەکەی خۆی دەبردەوە، ئانیشکی کەوت بە سووچی یەکێك لە ئاوێنەکانی کتێبخانەکەدا،و لە شڵپەی کەوتن و شکانی ئاوێنەکە وەئاگا هاتەوە، بە پەلە چوو داوای بوردنی لە کیژەخانم کرد. کیژەخانم ماوەیەکی زۆر لێی ڕاما، پاشان بە ئەسپایی ڕۆیی.

عەبدولڵا، لە پشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشت و دووبارە لە فکران ڕاچوو، کیژەخانم گەڕایەوە، عەبدولڵا هەستی پێنەکرد، کیژەخانم لێی نزیك بووەوە... لە بەردەمیا وەستاو پرسی:

– *بێگومان تۆ بیر لە شتی زۆر گرینگ دەکەیەوە!.*

وەڵامی نەدایەوە، هەستا، کتێبێك لەسەر مێزەکەی بوو، هەڵیگرت تا بیخاتەوە شوێنی خۆی. پشتی لە کیژەخانم کرد، کیژەخانم نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزی کرد . عەبدوڵلا لە پڕ وەرسوڕا، بەرەو لای کیژەخانم چوو و گوتی:

– *مۆڵەتم دەدەی بڕۆم...؟ هیوادارم لێم نەگری کە بە تەنیا بەجێت دێڵم.*

ویستی بە بەردەمیدا ڕەت بێ، توند قۆڵی گرت، بە دەنگێکی لە رزۆك و پڕ لە هەڵچوونەوە گوتی: – *ئەمشەو نامەیەکی منت دەگاتێ.*

ئەوجا بە پەلە دوورکەوتەوە. عەبدولڵا بەسەرسامی وەستا، کیژەخانم دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە تەق داخست.

((22))

### دۆزەخی لاوازی

سەربازێك خۆی بە ژوورەکەدا کرد، سەیری کرد عەبدولڵا لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوەو نقومی دەریای خوێندنەوە بووە، قەرەوێڵەکەی تر هێشتا چۆڵە، عەبدوڵلا بە سەربازەکە حەسیا. سەربازەکە، کابرایەکی لاوازی، دەموچاو گرژو مۆن و نیگا توند بوو، نیگایەکی ڕەوتەنی، بەڵام پڕ سەرنجی عەبدولڵای کرد، ئەوسا چاوی بە هەر چوار نکالی ژوورەکەدا گێڕاو دووبارە نیگای لەسەر عەبدوڵلا گیرسایەوە، لێی نزیك بووەوەو گوتی: – *سڵاوت لێ بێ.*

عەبدوڵلا بەدەم خوێندنەوەوە سڵاوەکەی سەندەوە: – *سەلام سەرچاو.*

وەئاگا هاتەوەو بۆ ساتێك دەستی لە خوێندنەوە هەڵگرت. سەربازەکە لەسەر قەرەوێڵە چۆڵەکە دانیشت، کەوتە داکەندنی پۆستاڵەکەی. عەبدولڵا، بە دەم بێدەنگیەوە تەمەشای دەکردو

چاوەڕوانی ئەوە بوو بە دەم قسانەوە تەعاروف بکەن، بەڵام سەربازەکە، بە خۆیەوە مژول بوو،و بە قووڵی چوو بووە ژێری.

لە داکەندنی پۆستاڵەکانی بووەوەو بێئەوەی تاقە وشەیەکی لەزار بێتە دەرێ لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا. عەبدوللا چاوەڕوانی کرد، بەڵام سەربازەکەی تر هیچی نەوت، عەبدوڵڵاش لەسەر خوێندنەوەی خۆی بەردەوام بوو.

***

یەکێك لە خزمەتچیانی ماڵەکە چوو بۆ لای عەبدوللاو نامەیەکی دایە، دەموچاوی گرژو تووڕە بوو، نامەکەی کردەوەو خوێندییەوە، رووی کرایەوەو شادمانی نیشتە سەر دەموچاوی، بە تاقی تەنیا لە ژوورەکەدا کەوتە ڕەقسین. هەستا، چوو لە پشت مێزەکەوەو لەسەر کورسیەکەی دانیشت، دەستی بە بیرکردنەوە کرد، لە پڕ هەستا، ئەوجا لە ژوور وەدەرکەوت، بە نەرمە غار بەرەو باخچەکە پەل بووەوە. تاریکی شەو باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا بوو، هەڵپڕوانیە پەنجەرەی یەکێك لە ژوورەکانی قاتی دووەمی ماڵەکە، کیژەخانم لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە وەستا بوو، پێدەچوو چاوەڕوان بکات، چوو بۆ سوچێکی ماڵەکە، بە پەیژەیەکی درێژەوە گەڕایەوە، بە ترسەوە ئاوڕێکی دایەوە، ئەوجا لە ژێر پەنجەرەکەدا فرێی دایە عاردی ، دەنگی کۆکەیەکی توند بەرز بووەوە.

***

دەنگی کۆکەکۆکی سەربازەکەی تر بەرز بووەوە، لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتو سەری بۆ عاردی شۆڕ کردەوە. عەبدوڵڵا خوێندنەوەکەی بڕیو تەمەشای کرد. کۆکەکەی بڕا. سەربازەکەش تەمەشای عەبدوللای کرد، میهرو دۆستایەتی لە نیگایدا بەدی دەکرا:

*– ببورە ناڕەحەتم کردیت.*

عەبدوللا بەدەم زەردەیەکەوە کتێبەکەی وەلاناو گوتی:

*– گوێ مەدەیە، ناڕەحەت نیم.*

سەربازەکە بە بێدەنگی چاوی بڕی بووە ئەرزەکە، پاشان ئاوڕی لە عەبدوڵڵا دایەوەو گوتی:

*– تۆش وەکو من بە ماموری هاتووی ؟*

*– بەڵێ، ئەمە یەکەم شەومە لە فەیلەقی یەك، دوێ شەویش لە فیرقەی حەوت بووم،و سبەینێ بۆ موسڵ دەڕۆم.*

*– ئەوەی تۆ باشە. من دوو هەفتەیە گیرم خواردووە.*

عەبدوڵڵا بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

*– دوو هەفتە ؟*

*– بەڵێ، دوو هەفتە، تەواو بێ تاقەت بووم.*

ئەوسا لە پڕێکا ڕوو لە عەبدوڵڵا ئاوڕی دایەوە:

*– ئەوە دوو هەفتەیە بە ماموری هاتووم، ژنێکی سکپڕی کوردیان پێدا ناردووم، سکی چوار پێنج مانگانە، مێردەکەی پێشمەرگە بوو، خەبەرمان بۆ هات کە مێردەکەی بە نهێنی هاتووەتەوە*

بۆ گوندی تا سەری ژنەکەی‌و منداڵەکانی بدات. بە پەنجا سەربازی چەکدارەوە، بە فەرماندەیی سێ ئەفسەر هێرشمان کردە سەر گوندەکە، دەوری ماڵەکەمان گرت، بەر دەستڕێژو تەقەمان دا، پیاوەکەو منداڵەکانی کوژران، ژنە سکپڕەکەی بە تاقی تەنیا مایەوە، ئەوە دوو دانە هەفتەیە لە نێوان لێواو فیرقەدا دەی هێنم‌و دەیبەم، و ئێستاش نۆرەی فەیلەقە، دەگەینە هەر شوێنێك ئەم ژنە سکپڕە زەوت دەکەن، حەفتەیەك لە فیرقەی حەوت هێشتیانەوە، سێ ئەفسەر بردیان، رووت‌و قووتیان کردەوەو هەر سێکیان پێکەوە ئیلاقەیان کرد، ئافرەتی تاین خەریکە شێت دەبێت. تۆزێ لەمە پێش بیستم گوایە دووچاری خوێنرێژییەکی تووش هاتووە. خودایە کوا عەدالەت ؟

دووبارە دەستی بە کۆکین کرد، عەبدوڵڵا زۆر خەمبار بوو، سەربازەکە حەزی نەدەکرد لەسەر قسەکانی بەردەوام بێ، گوتی:

– *ئەرێ جگەرەت پێیە؟*

– *بەداخەوە، جگەرەکێش نیم.*

سەربازەکە، پۆستاڵەکانی لە پێ کرد، ئەوسا بەدەم دەرچوونەوە گوتی:

– *دەچم بزانم جگەرە پەیدا ناکەم، ئەگەر لێیان پرسیم، لە حانوتەکەم.*

ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرکەوت... عەبدوڵڵا بە تاقی تەنیا لە ژوورەوە لەسەر جێگاکەی ڕاکشا بوو.

***

ئەفسەری ئێشکگر خۆی بە ژووری زینداندا کرد – ڕوانیە قەرەوێڵە بە تاڵەکە، شیرین خۆی لە پەتۆکەیەوە پێچابوو و لە ئەرزەکە ڕاکشابوو، بەترسەوە سەری هەڵبڕی، ئەفسەرەکەی بینی، لەلای دەرگاکە بوو، دەرگاکەی داخست‌و پشتی پێوەدا، بە کەماڵی هەوەسبازی لێی روانی، شیرین لە نیازی حاڵی بوو، زیاتر خۆی لە پەتۆکەوە پێچا. ئەفسەرەکە، دەرگاکەی بەکلیل داخست، شیرین بە پەتۆکەوە ڕاپەڕی‌و خۆی لە سووچی ژوورەکە توند کرد..

***

سەربازە لاوازەکە، لە حانوتەکە بوو،و جگەرەی دەکێشا، دەنگی کزی گۆرانیەکی عەرەبی لە رادیۆی حانوتەکەوە دەهات . دەنگی هاوارێکی ژنانە بەرز بووەوە، سەربازەکە گوێ قوڵاغ بووەوە، ئاوڕی لای دەنگەکەی دایەوە، هەستی بە نیگەرانی کرد... بە تووڕەیی جگەرەکەی فڕێ دایە سەر ئەرزەکەو پێیەکی پێدا ناو پلیشانیەوە، بە تاریکییەکەدا بەرەو ژووری زیندانەکە رۆیی.

***

عەبدوڵڵا سەری هەڵبڕی، کیژەخانمی بینی کە هاتە ژوورەوە، لە بەردەمیا وەستاو گوتی:

– *هێشتا گومان لە خۆشەویستیم دەکەی ؟*

عەبدوڵڵا وەئاگا هات، وەڵامی نەدایەوە. کیژەخانم لەسەری رۆیی:

– *سکم هەیە.*

عەبدوڵڵا بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

- *چی؟*

خانم گوێی بە حەپەسانەکەی ئەو نەدا، لەسەر قسەی خۆی ڕۆیی:

- *نامەیەك بۆ باوکم دەنێرم‌و مژدەی دەدەمێ، باوکم، بۆ من لە باوك زیاترە.*

عەبدوڵڵا بە ترسەوە گوتی:

- *خوایە، دەتەوێ چ بکەی؟*

لە کاتێکا چاوەکانی یەکپارچە شانازی‌و شادمانی‌و بە خۆ نازین بوو، گوتی:

- *لەسەرمە ئاگاداری بکەمەوە، ئەمە مافی خۆیەتی، پێویستە بیزانێ، قۆڵ بە قۆڵتدا دەکەم‌و بە ڕۆژی ڕوناك و بە دوو قۆڵی لە دەرگا سەرەکیەکەوە وەدەردەکەوین‌و دەچینە دەرێ.*

عەبدوڵڵا، حەپەسا، گوتی:

- *بەڵام ئەمە شێتاتی‌و گۆساخی و بێ پەروایییە.*

- *ناتوانم ئەمەی لێبشارمەوە، من لەسەرمە پێی بڵێم،‌و ئەویش مافی خۆیەتی کە بیزانێ.*

***

سەربازە لاوازەکە بە عەبدوڵڵای گوت:

- *ئەو کچە کوردەی کە بە مامووری هێنا بووت هاواری دەکرد؟*

عەبدوڵڵا ڕاچڵەکی، چونکە ئاگای لە هاتنە ژوورەوەی سەربازەکە نە بوو بوو، شڵەژا... لە نێوان کتێبەکەو گوتەکانی سەربازەکەدا سەرگەردان بوو.

- *چی، گوتت چی؟*

سەربازەکە، قسەکەی پێ بڕی:

- *پێموایە، ئەفسەری ئێشکگر ئیلاقەی کرد.*

چاوانی عەبدوڵڵا ئەبڵەق بوون، هەر لە جێی خۆیەوە نیوە ئاخێزێکی بۆ کرد، پۆستاڵەکانی لە پێ کردن، وەك ئەوەی خۆی ئامادە بکات بچێتە دەرێ، بەڵام هەر بە دانیشتنەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی مایەوە. سەربازەکەی تر، پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی بۆ عەبدوڵڵا ڕاگرت، بەڵام عەبدوڵڵا لە فکران ڕاچوو بوو، ئاگای لەو نەبوو. سەربازەکەی تر دەستی کێشایەوە، ئەوسا جگەرەیەکی بۆ خۆی پێکرد، دوای تۆزێك بە ئەسپایی گوتی:

- *کورد گوناحن، بە تایبەتی ژنانی کورد.*

عەبدوڵڵا بە ترسەوەو، بە دەنگێکی خاوو نزم گوتی:

- *دنیا هەر هەمووی لە خوێن‌و خوێنڕێژییەوە گلاوە، هەموومان، زاڵم‌و مەزلوم، لە گێژەنی کوشتن‌و بڕیندا دەخولێینەوە، دادو عەدالەت نیە.*

سەربازەکەی دی وەکو ئەوەی قسەکەی عەبدوڵڵا تەواو بکات، بە داخ‌و کەسەرەوە گوت:

*– تەسەور بکە ئەم زەوییە چەند بچووکە، بە ئەندازەی دەنکە زیخێکە لە ناو ئەم گەردوونە گەورەیەدا، بەڵام تۆ تەمەشا چۆن ئێمە بەسەر ئەم دەنکە زیخەوە دابەش بووین، بووین بە گەلان و دەوڵەتانی جیاواز، چۆن یەکتر دەکوژین، چۆن یەکتر سەر دەبڕین.*

لە ناکاو ڕەیس عورەفاکە هاتە ژوورەوە، هەردووکیان بە پێی ڕێوڕەسمی سوپایی بەرزە پێ لە بەری هەستان و ڕەق ڕاوەستان، ڕەیس عورەفاکە رووی کردە سەربازەکەی ترو گوتی:

*– خۆت ئامادە بکە بچینە لای ئەفسەری ئێشکگر.*

سەربازەکە پرسی:

*– هیچ بووە ؟*

ڕەیس عورەفاکە بە خەمسارییەوە گوتی:

*– ژنە کوردە سکپڕەکە مردووە، تووشی خوێنڕێژیەکی تووش بوو، منداڵەکەی لەبار چوو،و بە خۆیشی دوای چەند دەقیقەیەك مرد.*

هەردوو سەربازەکە، بە تایبەتی لاوازەکەیان، بەم هەواڵە تووشی شۆك بوون، ڕەیس عورەفاکە بە هەمان خەمساردی و بە دەم چوونە دەرەوەوە لەسەری ڕۆیی:

*– خۆت ئامادە بکە تا هەر ئێستا بۆ یەکەکەی خۆت بگەڕێیتەوە، تفەنگەکەت لە بیر نەچێت، لە مەشجەب وەری بگرەوە.*

سەربازەکەی تر، خۆی پێنەگیرا، کڵاوەکەی هەڵگرت و بە دەم هاوارەوە گوتی:

*– ترسنۆکینە، فاشیستانە.*

عەبدوڵڵا، بۆ چەند ساتێك بە دانیشتنەوە لە فکران ڕاچوو، ئەوسا دەستی دایەوە کتێبەکە تا لەسەر خوێندنەوەی خۆی بەردەوام بێت.

***

شیرین لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا بوو، دەرپێکەی لەلاقێکی داماڵرا بوو، کراسەکەی تا پشتێنەی هەڵدرابووەوە، بەشێکی تەواو لە ئەستورایی هەردوو ڕانی بە دەرەوە بوو. بە بێدەنگی دەگریا، دەموچاوی سەرباری ئازارو فرمێسك، نیشانەی داروخان و هەرەسی دەروونی تەواوەتی پێوە دیار بوو.

دەرگا کرایەوە، ڕەیس عورەفاکە چووە ژوورەوە، تەماشایەکی شیرینی کرد، بە پەلە دەرگاکەی لە ناوەوە، بە کلیل داخست، لە شیرین نزیك بووەوە. شیرین دیتی... ویستی هەستێت، بەڵام بەلەز هەردوو دەستی گرت، بە خورتی هەردوو ڕانی کردنەوە،و خۆی بە بەینی هەردوو لنگیا کرد. هەردوو دەستی نوشتاندنەوەو بە دەستێکی توند گرتنی، بە دەستەکەی تری کەوتە کردنەوەی دوگمەکانی پانتۆڵەکەی، شیرین، وەکو چۆن قوربانیەك لە ژێر چەقۆدا دەکەوێتە لەقە فرتێ، بەو ئاوایە، نائومێدانە بەرگری دەکرد.

***

عەبدوڵڵا وەژوورکەوت، ئاغای گەورە یەجگار تووڕە بوو، مۆرەیەکی لە عەبدوڵڵا کرد کە پەکپارچە تووڕەیی و ڕق بوو، پاشان بەر دەمرێژی جنێوانی دا:

***– خوێڕی، بودەڵە، گومناو، مێروو، چۆن زاتت کرد ئەوە بکەی؟***

عەبدوڵڵا، هێمن و ئارام، بێ هیچ تووڕە بوونێك وەستا بوو،و ئاسوودەییەکی دەروونی نیشتبووە سەر سیمای... وەکو یەکێك سۆزی بەرانبەر ببزوێنێ یان دان بە تاوانێکدا بنێت گوتی:

***– من فریشتە نیم. بە باشترین شێوە خزمەتم کردیت، تۆش باشترین کرێت دامێ، لە ماڵەکەی تۆدا جگە لە تۆو ئەو کیژە ئازیزە کەسی تر لێم نەدەگەیی.***

ئاغای گەورە هاواریکرد:

***– کێوی، دەبوایە هەر ئەو ڕۆژەی کە ئازیزت بینی هەڵاتبای، ملی خۆت شکاندباو ڕۆشتبای.***

***– ویستم، هەوڵمدا، ئەوسا داوام لە تۆ کرد کە بڕۆم بەڵام ڕێت نەدام، هەنگێ نەمدەتوانی بە ئاشکرا هۆی ئەو داوایەت پێ بڵێم.***

ئاغای گەورە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا لەسەر تانەو تەشەرەکەی ڕۆیی:

***– باشە چ ناوێك لە کیژەکەم دەنێیت، چ لەقەبێك هەڵبگرێت... لەقەبە تووڕەهاتەکەی تۆی گومناو... نا... دەبێ بڕۆی، سەری خۆت هەڵبگری... دەبێ چاڵێ هەڵکەنی و خۆتی تێ بنەی تا غەوری غەزەبم نەکردوویت.***

لەم کاتەدا کیژەخانم (الانسە) وەژوور کەوت، هەردووکیان بۆ ساتێك بێدەنگ بوون، جەوەکە پەشێو بوو، کیژەخانم نەیدەزانی چۆن دەست پێبکات، بەڵام هەستی کرد کە گەنگەشەو مشت ومڕێکی توند لە نێوانیاندا ڕووی داوە، بێ هیچ پێشەکییەك بە بابی گوت:

***– ئەگەر ئەو بمرێت خۆم دەکوژم، خۆ ئەگەر لەبەر خاتری مناڵەکەی ناو سکیشم خۆم نەکوژم، ئەوا چاك بزانە هەتا لە ژیانا بم ڕەشی بۆ دەپۆشم،و تا لە ژیاندا بم لەقەبەکەی ئەو هەڵدەگرم، جا با تۆو لەقەبەکانت هەر عەبیدار بن.***

بابەکە لەوپەڕی تووڕەیی و هەڵچووندا بوو، بەڵام لە پڕ ڕووبەڕووی ئەو تووڕە بوونە توندەی کیژەکەی بووەوە، پشتی تێکردو بە تووڕەییەوە پێی گوت:

***– بە سەنەد دەرامەتێکی ساڵانەی ئەوتۆت بۆ دەبڕمەوە کە خۆت و ئەم هاوڕێیەت لە خەمی برسیەتی بخەلەسن.***

کیژەخانم، پاش ئەوەی هەستی کرد بابی لە هەنبەریا لاوازەو ناتوانێ دەستبەرداری خۆشەویستی کچەکەی ببێت، بە گۆساخی لە ڕووی وەستاو گوتی:

***– من بەوەندە ڕازی نابم، تەماحی زیاترم هەیە، دەمەوێ لە ئاهەنگی زەماوەندەکەماندا ئامادە بیت.***

بە دڵەڕاوکێ و ترسەوە ئاوڕی لێدایەوە: ***– مەحاڵە، ئەمە مەحاڵە.***

ڕوانیە بابی و بە پڕکێشییەوە گوتی:

***– ئەمە مەحاڵ نیە، باوکەو لە زەماوەندی کچەکەیدا ئامادە دەبێت.***

بابەکە بۆ دەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی:

***– خەڵکم ناردووە تاقیبی بکەن و زانیاری تەواوم لە بارەیەوە بۆ بێنن، بەڵام من کاغەزێکت دەدەمێ کە وەکو شاسوار لە تیپی سوارکاران دایمەزرێنن،قسە لە قسەم مەکە و لەوەی زیاترم لێ داوا مەکە، تا زووە برۆ، دەنا لەوە تورە تربم پەشیمان دەبمەوە.***

کیژەخانم، بە مێرڤانی لێی ڕوانی، ئەوسا ئاوڕی بۆ عەبدوڵلا دایەوە، نیگایەکی پڕ سەرکەوتنی کرد، لەم کاتەدا پیاوێك بە نامەیەکی داخراوەوە وەژوورکەوت، بابەکە بە نیگەرانی و پەریشانی روانیە پیاوەکە، پاشان روانیە دەستی، بەلەز لێی چووە پێشێ و گوتی:

***– باش بوو ئاخری هاتی.***

نامەکەی لێوەرگرت، چوو لەلایەکەوە وەستا، نامەکەی هەڵپچڕی و دەستی بە خوێندنەوەی کرد..

بێدەنگی بۆ چەند ساتێك باڵی بەسەردا کێشان، بابەکە لە ناکاو رووەو ئەوان وەرچەرخا، دەمووچاوی لە داخ و تورەییدا دەلەرزی:

***– بە نەفرەت بی سپڵە، نەمکم بتگرێ سپڵەی پێنەزان.***

ئەوسا، ڕوانیە کیژەکەی و گوتی:

***– پێی بڵێ گوم بێ لەبەر چاوم... گۆڕی گوم بکات.***

کیژەخانم غافڵگیر بوو، یەکسەر زانی کە کارەساتێك بەڕێوەیە، پرسی: ***– چی بووە ؟***

بابەکە، بە شپرزەیی گوتی:

***– ئەو خانمەی کە گوایە ئەم مامۆستاو پەروەردەکاری منداڵەکانی بووە، لە وەڵامنایەکدا دەربارەی هەندێ پرسیاری من... نووسیویەتی کە ئەم پیاوە توانیویەتی بە زەبری تەماعکاری و چاوچنۆکی و خۆپەرستی خۆی و شێوازی نادروست و فەندەڵ و فێڵان، ژنێکی زەعیفەی کڵۆڵ لە خشتە بەرێت تا لەو رێگە ناڕەوایەوە ئایندەیەك بۆ خۆی پێکەوە بنێ، و ببێ بە پیاوێکی گەورە... ئەو خانمە نووسیویەتی کە پیاوێکی خوێڕی و بودەڵە و نەفس نزمە.***

لەم کاتەدا لێوانی کیژەخانم لە داخا تەتەڵەیان دەکرد و دەلەرزین، بە تورەییەکی پرسیار ئامێزەوە ڕوانیە عەبدوڵلاو داوای رونکردنەوەی دەکرد، عەبدوڵلا لە داخ و تورەییدا هاتبووە کوڵ و جۆش. هیچی نەگوت، بە تورەییەکی پڕ داخ و کەسەرەوە لێی روانین، و لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی بە تەقوهوڕ لە دوای خۆیەوە داخست. هەموو حەپەسان.

***

دەرگا کرایەوە، ئەفسەری ئێشکگر وەژوورکەوت، عەبدوڵلا غافڵگیر بوو، بە پەلە هەستا، خێرا پۆستاڵەکانی لەپێ کرد و ئیکلامێکی کێشا. ئەفسەرە ئێشکگرەکە تەمەشایەکی کرد، تیژ تێپەڕ چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا، ئەوجا پرسی: ***– دراوسێکەت کێوە چوو؟***

***– چوو تفەنگەکەی لە مەشجەب وەربگرێتەوە ئەزبەنی.***

***– تفەنگەکەی لە مەشجەب وەرگرتەوە، بەڵام دیار نەما، ئۆتومبیلەکە چاوەڕوانی ئەوە... دەبێ بۆ یەکەکەی خۆی بگەڕێتەوە... کێوە چوو؟***

عەبدوڵڵا نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە، بێدەنگ بوو، ئەفسەرەکە تەمەشایەکی کرد، بەدەم دەرچوونەوەو بە خەمساردی گوتی:

*- ئەگەر هاتەوە پێی بڵێ ئوتوبیلەکە لای حانوتەکە چاوەڕوانی دەکات.*

عەبدوڵڵا دووبارە ئیکلامی کێشاو گوتی: *- بەڵێ ئەزبەنی.*

ئەفسەرەکە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت. عەبدوڵڵا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ئەوسا لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت، ڕانەکشا، هەر بە پۆستاڵەکانیەوە دانیشت، کتێبەکەی کردەوەو دەگەڕا تا بزانێ گەییوەتە چ لاپەڕەیەك.

***

زیلە سوپاییەکە بە هاڕەهاڕ لەبەر حانوتەکەدا وەستا بوو، شوفێرەکەی بە توڕەیی جگەرەی دەکێشا.

دوو سەرباز بە تەواوی تەدارەکی سوپاییانەوە هاتن، یەکێکیان لە شوفێرەکە هاتە پێشێ،و دووەمیان لە دواوە سەرکەوتە ناو زیلەکە. سەربازەکە بە شوفێرەکەی گوت:

*- ها، نەهات ؟*

شوفێرەکە بە توڕەیی گوتی: *- نەخێر... سەعاتێکە چاوەڕێی دەکەم.*

*- گوێ بگرە، ئوتومبیلەکە بکوژێنەوەو با بڕۆین تا دێت، لە حانوتەکە چایەك بخۆینەوە، خۆی دەزانێت ئوتومبیلەکە لای حانووتەکە چاوەڕێی دەکات .*

شوفێرەکە مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی داو گوتی: *- تەگبیرێکی باشە.*

سویچی ئوتومبیلەکەی بادا، پرتە پرتێکی کردو کوژایەوە. شوفێرەکە دابەزی، دەگەڵ سەربازەکەدا خۆیان بە حانوتەکەدا کرد.

***

عەبدوڵڵا لەبەر دەرگای حەوشەی ماڵی خانم دا وەستا بوو و چاوەڕوانی دەکرد. کەس لە ماڵەوە نەبوو، پەنجەرەکان داخرابوون، هیچ روناکیەکیان لێوە دیار نەبوو، باخچەکەش تاریك بوو. لە ناکاو تەقوهۆڕی هاتنی ئەسپ و گالیسکە بەرز بووەوە، لەبەر دەرگاکە لاکەت، دوو گالیسکە وەستان، خانم دی لە گەڵ ژنێکی دیدا لە گالیسکەی یەکەم دابەزی، دوو ژن و دوو پیاو لە گالیسکەی دووەم دابەزین. بەکۆمەڵ بەرەو دەرگای ماڵەکە چوون، عەبدوڵڵا لە شوێنی خۆی وەدەرکەوت، خانم بینی، پێی سەیر بوو... بە میهرەبانی و بەزەییەوە تەمەشای کرد، دەتگوت دەیزانی بۆ ئەوە هاتووە تۆڵەی لێ بستێنێ، عەبدوڵڵا بە تەڕدەستی هەڵیکێشایە دەمانچەو پێوەی نا، دەنگی گوللەکە لە کپی و ئارامی شەوەکەدا دەنگی دایەوە.

***

شوفێرەکە، بە دەم چا خواردنەوەوە، بە هاوڕێ سەربازەکەی گوت: *- گوێم لە دەنگی تەقە بوو.*

سەربازەکە بە ترسەوە گوتی: *- منیش گوێم لێ بوو، با بڕۆین بزانین چ بوو.*

بە جووتە هەستان و لە حانوتەکە وەدەرکەوتن، لە سەربازگەکەدا هەراو هەنگامەیەك بوو، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی، زەنگی ئاژیران دنیای هەڵگرتبوو، ئەفسەری ئێشکگر بە نەرمە غار

بەرەو ژووری زندانەکە دەڕۆیی، دوو سەربازەکەش بە غار دووی کەوتن، عەبدوڵڵاش بە هەروەڵە هات... بەدەم ڕێگاوە لە سەربازێکی پرسی: *- ئەرێ چ بووە ؟*

بەپەلە وەڵامی دایەوە: *- سەربازێك لەبەر زیندانەکەدا خۆی کوشتووە.*

عەبدوڵڵا، بە نەرمەغار بەرەو ژووری زندانەکە رۆیی، کۆمەڵێك سەربازی بینی کە ئەڵقاو ئەڵق وەستا بوون، زیاتر نزیك بووەوە، سەری کێشایە ناوەندی بازنەکە، دراوسێ لاوازەکەی درێژاو درێژ لە عاردی کەوتبوو و تفەنگەکەشی بە تەنیشتییەوە بوو، عەبدوڵڵا، زۆری خەفەت خوارد، زۆر نەوەستا، بە خەمینی لە قەرەباڵغیەکە کشایەوەو بەرەو ژوورەکەی خۆی نشێو بووەوە، لە تاریکییەکەدا لە چاو ون بوو.

سەربازگەکە، لە ئاسمانەوە تاریك تاریك دەینواندو لە تۆ وایە لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا نقوم بووە، تەنیا جەستەی سەربازە کوژراوەکە نەبێ کە لە ناو بازنە ڕوناکییەکدا دەبریسکایەوەو پرشنگی دەدا.

((23))

## خۆڵەکەوەی ئاگری ئایندە

عەبدوڵڵا بەتاقی تەنیا لە ناو زندانە بەردینەکەدا بوو، نیگەرانی و پەریشانی بە ڕوویەوە دیار بوو، هەستایە سەرپێ، کەوتە هاتوچۆ بە نێو زیندانە تەنگەکەدا، چەند ساتێك بوری... دووبارە لەسەر هەمان سەکۆ دانیشتەوە کە لە جیاتی قەرەوێڵەو تەختەخەو بوو.

لەو دیوی دەرگای زندانەکەوە، دەنگی کلیلانی هاتە گوێ، کابرای زندانەوان وەژوورکەوت، ئەوجا دوو زەلامی دی بە دوای ئەوا هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان، بە جل و بەرگەکەیدا دیار بوو کە قازی زیندانەکەیە، بەڵام ئەویتریان نووسەری تاقیق بوو.

قازییەکە، بە وردی ڕوانیە عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا خۆی لەبەر نیگا کونجکاوەکانی نەگرت، بە توڕەیی گوتی:

*- من لە بەردە متا دان بەوەدا دەنەم کە بکوژم، بە کەماڵی هوشیارییەوەو بە بڕیاری پێشوەختەوە ئەم کارەم کرد، لەوەی زیاتر چیت گەرەکە.؟*

قازییەکە بە هەمان شێوەی پێشوو تەمەشای کرد، ئەوجا نیمچە بزەیەکی بە ڕوویا داو گوتی:

*- تۆ بکوژ نیت، بەڵکو هەوڵی کوشتنت داوە.*

عەبدوڵڵا، غافڵگیر بوو، لە ناکاو سەرو سیمای گۆڕا، وەك بڵێی لە مەبەستی قازی حاڵی نەبووبێ. قازییەکە تەمەشایەکی کرد، ئەوسا وەرسوڕاو وەدەرکەوت، نووسەرەکەش بە دوویدا. عەبدوڵڵا هێشتا بە حەپەساوی لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو، زیندانەوانەکە، وەستاو بزەیەکی ریاکارانەی بەروویا دا، عەبدوڵڵا لە پڕ لە بوونی زیندانەوانەکە وەئاگا هات، ویستی شتێك بڵێ، بەڵام هەرچی کرد بۆی نەهات، بە دەست ئاماژەی بۆ کرد کە مەبەستی قازیەکەی تێبگەیەنێ، زیندانەوانەکە بە پەلە گوتی:

*- خانم... بە گوللەکە نەمردووە، تەنیا شانی بریندار بووە.*

عەبدوللا، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لە هەمان کاتدا هەم بگری‌و هەم پێبکەنێ. هەستا، بە خۆشییەوە کەوتە سوڕانەوە بە ناو زیندانەکەدا.

*– خودایا، نەمردووە... نەمردووە.. سوپاس بۆ تۆ خودایە، کەواتە دەژی، دەژی تا لەم هەڵە ترسناکەم ببورێ، لەم هەڵە ترسناکەم خۆش بێ.*

عەبدوڵڵا، نیگایەکی پڕ لە منەتباری و سوپاسگوزاری، کابرای زیندانەوانی کرد.

***

شیرین لە سووچێکی پاشەوەی زیلەکەدا، دەستەوئەژنۆ دانیشتبوو، لە پڕ هەستیکرد کە عەبدوڵڵا تەمەشای دەکات، هەوەڵجار بەترسەوە سەیری کرد، پاشان بەرە بەرە ئارام بووەوەو پتر ئاسوودەو دڵنیا بوو، شیرین لەدڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە عەبدوڵڵا یەکەم کەسە کە نەك خراپەی لەگەڵدا نەکرد، بەڵکو هەوڵیشی دەدا یارمەتی بدات، ئەگەرچی زمانی یەکتریان نەدەزانی، بەڵام پاشان کە بیری کردەوە ئەویش وەکو ئەوانی دی کەسێکی عەسکەری‌و چەکدارە، دووبارە چووەوە قاوغەکەی خۆی‌و بە سەر خۆیدا هەڵکوڕما.

عەبدوڵڵا، کە بەو حاڵەوەی دیت، خۆزیای دەخواست بتوانێ تێی بگەیەنێ کە لەگەڵ ئەودایە، هاوخەم‌و هاودەردیەتی، بەڵام ناتوانێ هیچ یارمەتیەکی بدات. زندانەوانی ئەو نیە، بەڵکو وەکو ئەو زیندانیە.

لە پڕ زیلەکە، لەبەردەم چاخانەیەکی سەر رێگاکەدا پێچی کردەوەو لایدا، ئوتومبیلێکی سوپایی پڕ لە سەربازو دوو زرێپۆشی سوپایی لە چەند مەتری چاخانەکە وەستا بوون.

شوفێرەکە دابەزی، دەمانچەیەکی بە قەدەوە بوو، رووەو چاخانەکە رۆیی، عەبدوڵڵاو شیرین لە شوێنی خۆیان مانەوە. عەبدوڵڵا سەرێکی کێشایە دەرێی ئوتومبیلەکە، کە قەرەباڵغیەکەی بینی ویستی دابەزێ، بەڵام شوفێرەکە بەلەز زڤڕییەوە (خێرا گەڕایەوە)و گوتی:

*– دامەبەزە... دەڕۆین.*

*– بۆ. چی بووە؟ با چایەك بخۆینەوە*

*– چای چی‌و حاڵی چی، تەمەشا چ فەرتەنەیەکە.*

*– چی بووە؟*

*– نازانم.*

*– عەرەبێکی باشوور، خوشکەکەی‌و پیاوەکەی کە خۆشی ویستووەو رەدووی کەوتووە، کوشتووە.. دەڵێن یەك ساڵە تاقیبیان دەکات‌و ئێستا لێرە تووشیان بووە.*

*– ئەدی چۆنی زانیوە لێرەن.؟*

*– نازانم.*

ئەوسا شوفێرەکە سەرکەوت، ئوتومبیلەکە بەرەو شارێگاکە وەڕێکەوت .

***

سەباح، لە ژوورەکەی خۆیدا، کە تەنیا شۆرتێکی لەبەر بوو، بە ردێنی نەتاشراوەوە، خەریکی کێشانی تابلۆیەکی هونەری بوو، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك جەستەی بەشەری داوەشیوی بەسەر یەکا کەڵەکە بوو. بە هەڵچوونەوە خەریکی دوا رتووش و تیف تیفەدانی بوو، گوێی لە زەنگی دەرگای حەوشە بوو، فڵچەو پالێتەکەی لەلایەکەوە دانا، لە ژوورەکە وەدەرکەوت تا بزانیّ کێیە. لە ستارە نزمەکەوە کە دەیڕوانیە سەر حەوشەکە، سەری کێشا، بینی دوو کەس لە پیاوانی هەواڵگری خەریکە دێنە ژوورەوە، یەکێکیان بە زەردەخەنەوە تەمەشای کرد، لە خوارەوە گوتی:

– *مەرحەبا مامۆستا سەباح.*

سەباح، بزەیەکی ساردی بۆ کردو چۆوە ژوورەکەی خۆی.

جووتە زەلامەکە، لە پڕ خۆیان بە ژوورەکەی داکی تاریق دا کرد کە خەریك بوو چای دەخواردەوە، بە هاتنە ژوورەوەیان غافڵگیر بوو:

– *ئەمە چیە، ئێوە کێن، تەمەشا تەمەشا، شەرمیش ناکەن بەبیّ ئیزن وەژووردەکەون.*

جووتە زەلامەکە بە روویەوە پێکەنین:

– *ئێوارە باش داکی تاریق.*

– *ئێوارە باش، جەنابتان کێن ؟*

– *ئێمە لە وەزارەتی تەندروستیەوە هاتووین.*

– *بۆچی بۆ لای من هاتوون، چیە سەیری پاك‌و خاوێنی ماڵەکە دەکەن ؟*

– *نەخێر داکی تاریق، هاتووین بۆ ئەدەرسی عەلی فەیلی‌و هاشم کە کرێچی تۆ بوون.*

نیگایەکی گومانامێزی کردن‌و ئەوجا گوتی:

– *بۆ چی بووە ؟ ئەوەی من دەیزانم یەکێکیان حکومەت بردی‌و یەکێکیان چەند رۆژێکە چووەتە سەفەر .*

– *هیچ شتێك نەبووە، بە هۆی رووداوێکی سووکە وە، بردوومانن بۆ نەخۆشخانە،و ئێستا ئەدرەسی کەسوکارەکانیانمان دەویّ تا ئاگاداریان بکەینەوە.*

– *چیە، بۆ خۆیان دەمیان نیە، ناتوانن قسە بکەن ؟ لە خۆیان بپرسن.*

جووتە زەلامەکە، تەمەشایەکی یەکتریان کرد، ئەوسا یەکێکیان گوتی:

– *ئەمڕۆ نەشتەرگەرییان بۆ کردن‌و تا ئێستا لە ژێر بەنج دان‌و وەهۆش نەهاتوونەتەوە.*

– *بەڵام من، راستتان دەویّ، لە قسەکانتان بە گومانم.*

جووتە زەلامەکە تەمەشایەکی یەکتریان کرد، پاشان بیّ ئەوەی وەڵامی داکی تاریق بدەنەوە، وەدەرکەوتن.

***

سەباح، لە ژوورەوە بوو، لە تەقەی دەرگا درا، دەنگێك لەو دیو دەرگاکەوە گوتی:

– *مامۆستا سەباح روخسەت هەیە.*

– *فەرموون.*

جووته زەلامەكە، خۆيان بە ژوورەكەی سەباح دا كرد، مژۆلی نیگاركێشی بوو، یەكێكیان ئاوڕی دایەوە تا ئەو تابلۆیە بدینیٚ كە سەباح دەیكێشا.

*– بەه بەه... چەند جوانە... چ قەشەنگە.*

زەلامی دووەمیش سوڕایەوە تا تەماشای تابلۆكە بكات، دیمەنێكی سروشتی پڕ لە دارو درەختو گوڵو گوڵزار و جۆگەلان بوو.

***

دەرگای زندانەكە كرایەوە، كیژەخانم... وەژووركەوت... عەبدوڵلا پشت لە دەرگاكە وەستا بوو، ئاوڕی دایەوە... غافڵگیر بوو... كیژەخانم غاری داو خۆی هاویشتە باوەشی. سیمای عەبدوڵلا نەك هیچ تاسەمەندییەكی پێوە دیار نەبوو، بەڵكو جۆرە ساردییەك لە چاوانیا بەدی دەكرا، بەڵام كە بینی ماقوول نیە لە هەنبەر ئەم هەموو سۆزو تاسەو گەرمو گوڕییەی ئەودا هیچ كاردانەوەیەكی ئیجابی نەبیٚ، بە هەردوو دەست كەوتە نەوازشی شانەكانی. ئەوجا لە پڕ، هەردوو شانی گرتو روانیە دەموچاوی. دەموچاوی خەمناك بوو پێی گوت:

*– وەك رۆژی رووناك ئاینـدەم لا عەیانە، دڵنیام كە دەمرم،و دەبیٚ لە دوای مردنی من مێرد بكەی، بەڵام وەكو بێوەژنێك ئەم قوربانیانەت بەسە. هاتنت بۆ ئێرە هەڵە بوو، ئەگەر خەڵكی پیٚ بزانن، دەبیٚ بە جەزرەبەیەكی قورس بۆ بابت.*

خانم هەنگاوێك پاشەكشەی كردو گوتی:

**– ئێستا یان لە ئایندەدا هەرچی دەوتریٚ با بگوتریٚ، گرینگ نییە. من ئەركی خۆم بەرانبەر بەو پیاوەی كە خۆشم دەویٚ، ئەنجام دەدەم، ئەوەی تۆ كردت تاوان نیە، بەڵكو تەنیا تۆڵە سەندنەوەیەكی شەریفانەیە،و نیشانەی نەفس بەرزیتە، نیشانەی قارەمانیەتی دڵە گەورەكەتە .**

عەبدوڵلا پشتی تێكردو بە خەمینی گوتی:

*– لە قارەمانێتی بێزار بووم، زیاتر پێویستم بە میهرە تا بە قارەمانێتی، من پێویستم بە جەماوەر نیە، من ئەكتەر نیم.*

كیژەخانم، بە میهرەبانیەكی خەمامێزەوە تەمەشای كردو گوتی:

*– مەیەڵە نائومێدی بداتە دڵت .*

لە ناكاو هاڕەیەكیان هاتە گویٚو بە جووتە ئاوڕیان دایەوە .

***

ئوتومبیلە سوپاییەكە وەستا، عەبدوڵلا لە تەنیشت ئوتومبیلەكەوە سەرێكی كێشا، شوفێرەكەی بینی كە تەوقە دەگەڵ سەربازێكی تردا دەكات، پێدەچوو كۆنە برادەر بنو لە مێژ بیٚ یەكیان نەبینی بیٚ:

*– ئەوە چی گەیاندووتیە ئێرە؟.... ئەدی لە بەغدا نەبووی .*

سەربازەكەی تر بەرسڤی دایەوە:

*– نەقڵیان كردم، ئەوە دوو مانگە لێرەم، ئێستا بۆ كویٚ دەڕۆن ؟*

- *بۆ موسڵ.*

- *موسڵ؟ دەبێ ئەمشەو لێرە، لەم پاسگە سوپاییە بمێننەوە، چونکە ڕێگاکە لە سەعات شەش بە دواوە خەتەرە.*

- *باشە چۆن بگەڕێینەوە، ئەوە سێ دانە سەعاتە بەڕێوەین؟*

- *بەڵام هیچ سەربازگەیەك لە ڕێگادا نیە تا شەو لەوێندەر ڕۆژ بکەنەوە، یانی ئێوە شەو دەگەن‌و ڕێگا خەتەرە، چونکە یاخیانی کورد لە دوای سەعات شەشەوە ڕێگاکە دەبڕن.*

- *ئەدی چارە؟.*

- *نازانم، ئەگەر دەشڕۆن، دەبێ لەسەر مەسئولیەتی خۆتان بڕۆن ها.*

عەبدوڵڵا سەری لە ئوتومبیلەکەوە هێنابووە دەرێ، شوفێرەکە تەمەشایەکی کردو لێی پرسی:

- *تۆ چ دەڵێی؟*

عەبدوڵڵا تۆزێك ڕاماو گوتی:

- *لەسەر مەسئولیەتی خۆمان دەڕۆین.*

ئینزیباتەکە تەمەشایەکی کردن‌و شانەکانی هەڵتەکاند:

- *ئەمە ریسکە، بەپێی فەرمان‌و ڕێنماییان لە سەعات شەش بە دواوە دەرچوون نیە... ئیدی خۆتان مەسئولن، ئوباڵتان لە ئەستۆی خۆتان.*

شوفێرەکە سەرکەوت، دەرگاکەی داخست، ئوتومبیلەکە کەوتە ئیش، شوفێرەکە سەری دەرهێناو بە سەربازەکەی تری گوت:

- *سڵاوم بە کەسوکار بگەیەنە،و پێیان بڵێ دوو هەفتەی دی نۆرە ئیجازەمە.*

سەربازەکە، دەستی دوعاخوازی بۆ تەکانداو گوتی:

- *باشە.*

***

چەند دڵۆپە فرمێسکێك ڕژانە ناو لەپی عەبدوڵڵا، لە پڕ لە خەو ڕاپەڕی، خانم...ی بینی کە بەدەم هاوارەوە خۆی هاوێشتە سەر پێی‌و بەدەم گریانەوە دەیگوت:

- *ئۆخەی وا جارێکی دی دیمیتەوە.. ئەمە ڕاستییە؟*

عەبدوڵڵا پەشۆکاو بە شەرمەزارییەوە گوتی:

- *ببورە، بەڵام من لە ڕوانگەی تۆوە جگە لە بکوژێك هیچی تر نیم.*

گریان لە ئەوکی خانم گیرا، بە دەم هەنسەکەوە:

- *خۆشەویستەکەم، ئازیزەکەم.*

عەبدوڵڵا هەڵیسانەوە، تا لە باوەشی بگرێ.

- *ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە بە خشیووتم؟*

خانمیش باوەشی بەودا کردو گوتی:

- *من داوای بوردن لە تۆ دەکەم، خراپەم دەرهەق کردیت، بەڵام مەجبور بووم ئەو نامە حەیا بەرەیەت بۆ بنووسم.*

عەبدوڵڵا، لە خۆشیا هاواری کرد، توند گوشی بە خۆیەوە، خانم سووکە ئاخێکی کرد، عەبدوڵڵا شڵەژا، خانم پێی گوت:

– *هیچ نەبوو.*

عەبدوڵڵا بەدەم ماچ کردنی دەستەکانی خانمەوە دەیگوت:

– *شانم پێکایت ؟*

خانم، بە دەم ماچ کردنی عەبدوڵڵاوە گوتی:

– *خەتای من بوو،من تاوانبارم.*

عەبدوڵڵا هەردوو دەستی گرت، چاوی بڕیە دەموچاوە جوانەکەیو لە کانگای دڵەوەو بە ئارامی گوتی:

– *چاك بزانە کە هەمیشە خۆشم ویستوی، هەرگیز جگە لە تۆ کەسی ترم خۆش نەویستووە،و تەنانەت کاتێ کە تەقەشم لێکردیت، دەمزانی خۆشم دەوێی.*

چاوانی خانم پڕ بوون لە روندكو مێریڤانی،و پاش تۆزێك بە نازەوە گوتی:

– *ئەدی ئەو کیژەخانمە سپیکەلە قژ زەردە ؟*

– *ئەوە ژنمە، بەڵام تۆ خۆشەویستمیو زیاتریش.*

خانم، عەبدوڵڵای گوشی بە سینگو بەرۆکیەوە.

***

ئوتومبیلەکە لە ڕێگەکە لایداو وەستا، کات زەردەپەڕی ئێواریٚ بوو، شوفێرەکە دابەزی، عەبدوڵڵا لە سووچێکی ئوتومبیلەکەوە سەری دەرهێنا، شوفێرەکە ئاوڕێکی لێدایەوەو گوتی:

– *ئێستا دێم، دەمیزم.*

شوفێرەکە، لە ڕێگاکە دوور کەوتەوەو لە ئەرزەکەدا چۆکی دادا. عەبدوڵڵا بە دڵێکی پاکەوە روانیە شیرین، ئەویش بۆ یەکەمجار بەبیٚ ترس تەمەشای عەبدوڵڵای کرد، ئەوسا لە پڕ نیگای وێڵی بڕییە دووری دوور، عەبدوڵڵاش بە هەمان ئاراستەی نیگای ئەودا هەڵیڕوانی.

***

عەبدوڵڵا ریزێك لە قازیانو پارێزەرانو پیاوانی یاسایی بەدی کرد،و لە پاڵ ئەواندا مولازم سەلاح رەشیدو ئەفسەری خەفەری فیرقەی حەوتو ئەفسەری خەفەری فەیلەقی یەكو چەندین دەرەجەداری سوپایی دیکەی بەدی کرد.

عەبدوڵڵا، بە تاقی تەنیا لە هۆڵێکی گەورەو بەرینی خاڵی لە جەماوەر،و پڕ لە سەربازی چەکداردا بوو، کە هەر هەموویان لوولەی رەشاشەکانیان لە هەموو سوچێکەوە کردبووە ئەو.

عەبدوڵڵا، نیگایەکی ئاگرینو پڕ جورئەتی قازیەکانی کردو بە دەنگی بەرز گوتی:

– *بەڕێزان، ئاغایان، شەرەفمەندم کە سەر بە چینەکەی ئێوە نیم.*

قازییەکان و هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە لە تەنیشتیانەوە دانیشتبوون، هەستانە سەرپێ، و بە تورەیی لێیان روانی، بەڵام پاسەوانە چەکدارەکان رووی رەشاشەکانیان کردە عەبدوڵڵا کە لە قەفەزی تاوانباریدا بوو، و دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

***

فیشەك بەر جامی ئوتومبیلەکە کەوت، عەبدوڵڵا گوێی لە شکانی جامەکە بوو، شیرین راپەڕی و خۆی دایە پەنای عەبدوڵڵا، لە ناکاو پێشمەرگە چوار دەوری ئوتومبیلەکەیان گرت، هەموو بە جلی کوردییەوە سەراپا نوقمی چەك بوون.

یەکێکیان بە عەرەبییەکی ڕەوان تێی خوڕی:

*– دابەزە.*

عەبدوڵڵا هەوەڵجار پەشۆکا، پاشان هێور بووەوە، شیرین سەری هەڵبڕی، هەموو تەمەشایان کرد، یەکێکیان دەرگاکەی دواوەی دادایەوە، عەبدوڵڵا دابەزی، هێشتا تفەنگەکەی هەر بە شانیەوە بوو.

پێشمەرگەکان، کە چاویان بە جل و بەرگەکەی شیرین کەوت زانیان کوردە، یەکێکیان بە کوردی پێی گوت:

*– دابەزە خوشکێ.*

ودەستی بۆ شیرین درێژ کرد، شیرین یەکەمجار دوو دڵ بوو، تەمەشایەکی کردن، ئەوسا دەستی دایە دەستی پێشمەرگەکەو دابەزی.

عەبدوڵڵا کەوتە ناوەڕاستی ئەو پێشمەرگانەوە کە بە شێوەی نیوە بازنەیەك دەوریان داو هەندێکیان تفەنگیان سوارکردو ئامادەی تەقە کردن بوون... شیرین نیازی دڵی خوێندنەوە، یەکسەر لە بەدەرم عەبدوڵڵادا وەستاو خۆی کرد بە قەڵغانی، ویستی قسە بکات، نەیتوانی، گریان ئەوکی گرت، چاوانی پڕ بوون لە رونداك (فرمێسك) و لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە. پێشمەرگەکان تەمەشای یەکتریان کرد، چەکەکانیان داگرت. عەبدوڵڵا لەپڕ بە دەنگی بەرز گوتی:

*– کێتان عەرەبی دەزانن ؟*

یەکێکیان گوتی:

*– من عەرەبی باشوورم، چیت دەوێ ؟*

عەبدوڵڵا وتی:

*– من ناوم عەبدوڵڵا ئادەمە، عەسکەری ئیجباریم، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم، داوایەکم لێتان هەیە، هەڵبەتە نەك لە ترسی مەرگ، یان لە رووبینیم بێ، داواکەم ئەوەیە کە بەگەڵ خۆتانم بخەن، حەزدەکەم یەکێك بم لە ئێوە. پێتان دەڵێن یاخی و موخەرییب، بەڵام من پاش ئەوەی بە چاوانی خۆم زوڵم و زۆرێکی فرەم بینی، بە شانازییەوە حەزدەکەم بێمە ریزی ئێوەوە .*

عەبدوڵڵا هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، گوللەیەك تەقی و بەرسکی کەوت، یەکێك لەگەڵ تەقەکەدا بە عەرەبی هاواری کرد:

*- خایەن.*

پێشمەرگەکان، ئاوڕی لای سەرچاوەی دەنگەکەیان دایەوەو دەستڕێژێکیان کردو شوفێرەکە بە مردوویەتی لە ئوتومبیلەکەوە خل بووەوە.

شیرین، لە عاردەکە دانیشت، سەری عەبدوڵڵای نایە کۆشی، عەبدوڵڵا بەدەم ژانو ئازارەوە تەمەشای کرد، ویستی بە ڕوویا بگرژێتەوە... چاوانی لێڵ بوون... دەموچاوی خانم... بینی شیرین فرمێسکی دەڕشت. ودەموچاوی خانم فرمێسکی لێدەباری.

عەبدوڵڵا لە ئەرزەکە ڕاکشا بوو،و سەری بە باوەشی شیرینەوە بوو، پێشمەرگەکان بە چیچکانەوەو لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا لە ئەرزەکە دانیشتن، عەبدوڵڵا دەستی شیرینی گرتو ماچی کرد... دەموچاوی شیرینی بینی نەك دەموچاوی خانم... دەستی شیرینی گرتو خستیە سەر قۆناغی تفەنگەکەی کە لە لایەوە کەوتبوو، دەستی شیرینی بە تفەنگەکەوە گوشیو گیانی سپارد.شیرین بە دەم گریانەوە دانەوییەوەو تەوێڵی ڕامووسی.

خۆر ئاوا بوو بوو، پێشمەگەکان ئاگریان لە ئوتومبیلەکە بەردا، لە ڕەخێکی جادەکەدا قەبرێك قوت کرایەوە وکەڵەکە بەردێکی لەسەر هەڵچنرا، جەنازەی شوفێرەکەش لە ڕەخەکەی تری جادەکەدا لەو گۆڕە کەوتبوو.

شیرین، تفەنگەکەی عەبدوڵڵای لە شان کردو بەگەڵ پێشمەرگەکان کەوت.

پێشمەرگەکان بە گردێکی بەرزا کە دەیڕوانیە جادەکە، سەرکەوتن، لە کاتێکا کە ئەوان سەر دەکەوتن، شیرین لە سەرتاوێرێکی بەرز وەستا کە دەیروانییە سەر جادەکە و تێر ڕوانیە گۆڕەکەی عەبدوڵڵا.

گڕ لە ئوتومبیلەکە بەرز دەبووەوە...و ڕۆشناییەکەی گۆڕە بەردینەکەی عەبدوڵڵای رونـاك دەکردەوە .

***تەواو***

***مارل- ئەڵمانیا 1987***

## بورهان شاوی

*- ئەدیب، هونەرمەند ، باسکار، پاچڤەوان و راگەیاندنکارە .

*- لە ساڵی 1969وە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لە ساڵی 1971وە لە رۆژنامەوانیی عێراقی و عەرەبیدا کەوتوەتە بڵاوکردنەوەی بەرهەم و نووسین.

*- کوردی فەیلییە، لە ساڵی 1955دا لە شاری کوت لە دایکبووە، لە ساڵی 1978دا بە هۆی گرتن و ئەشکەنجەوە سەری هەڵگرتووەو عێراقی بەجێهێشتووە .

*- لە سالأنی (1979- 1980)دا لە بەیرووت لە بواری رۆژنامەوانی عەرەبیدا کاری کردووە.

*- لە سالأنی (1980- 1986)دا بابەتی سینەمای لە مۆسکۆ خوێندووە و ماجستێرنامەکەی بریتە لە : (کورد وسینەما، وسینەمای کوردی لە تورکیا و ئێران و عێراق.

*- بابەتی راگەیاندنی لە ئەڵمانیا خوێندووەو لە ساڵی 2006 دا دکتۆرانامەی بە ناونیشانی (راگەیاندنی کوردی لە نێوان پرۆپاگەندەی رامیاری و پرسی نوێگەری) دا ئامادەکردووە.
هەروەها لە ساڵی (2010) دا کتۆرانامەی لە زانستە مێژووییەکاندا وەرگرتووە.

*- لە تەلەفیزیۆنی ئەڵمانیادا کاری کردووە، تیپێکی شانۆیی بە ناوی ( زاگرۆس) لە ئەکتەرانی کورد و تورك وعەرەب و ئەڵەمان لە شاری ( دیسبۆرگ) دامەزراندووەو چەندین شانۆنامەی بە ئەڵمانی و کوردی و تورکی بۆ دەرهێناون لەوانە : (پیاوە باشەکەی سیشوان ) بریشت، (ئاندرۆماك) جان راسین، و(ئادەم و خەڵکانی تر) کە لە تراجیدیای شالیری شەکسپیروە ئامادە کراوە.

*- چەند کورتە فیلمێکی سینەمایی دەرهێناوە، لەوانە : (کەوتن بۆ سەرەوە) ، (ئێوارانێك) کە لە رۆمانی (دۆسیەی رووداوی 67) ی ئیسماعیل فەهد ئیسماعیلەوە ئامادەکراوە.

*- لە سالأنی (1997- 2002) لە رۆژنامەی (الاتحاد )ی ئیماراتی دا وەکو نووسەری رۆشنبیری کاری کردووە.

*- لە ئاخر و ئۆخری 2002 تا نیوەی 2003 لە کەناڵی ئاسمانی ئەبووزەبی کاری کردووە.

*- لە ساڵی 2002 وە وەکو مامۆستای میوان لە کۆلیجی زانست و زانیاری و پەیوەندییە گشتییەکان- زانستگەی عەجمان بۆ زانست و تەکنۆۆجیا- لقی ئەبوو زەبی کاری کردووە.

*- لە ساڵی 2005 وە تا نیوەی 2009 وەکو بەرێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی (الحریە) لە بەغدا کاری کردووە. لە ناوەراستی 2009 وە تا پاییزی 2011 بەرێوەبەری جێبەجێکار بووە لە دەستەی راگەیاند ن و پەیوەندی.

*- ئەم کۆ شیعرانەی بڵاوکردووەتەوە : (شیننامەی تەوتەم -1983) ،(خۆڵەمێشی مەجووسی - 1987) ، (رووناکییەکی رەش- 1997) ،( گڵی هەتاو - 1998)، (خۆڵەکەوەی هەیڤ - 1999) ، (چەند مۆمێك بۆ خانمە سۆمەریەکە - 2001) و (هەنگاوەکانی رۆح - 2002)

*- ئەم رۆمانانەی بڵاوکردووەتەوە: (دۆزەخی پیرۆز- 2008) ، ( مشرحە بغداد - 2012) و( ونگەی ئادەم - 2012)

*- ئەم بەرهەمە شیعریانەی لە روسییەوە کردوون بە عەرەبی : (چامەێن بەرد- هەڵبژاردەیەکە لە شیعر و پەخشانی ئوسیب ماندلشام -1989 ، بڵاوەخانەی الجمل، ئەڵمانیا) ، ( گوڵبژێریێك لە چامەو پەخشانە شیعر ،یوسف برۆدسکی 1989 ،بڵاوەخانەی مەدا ، دیمەشق ) و (نوێژێکی جەنائیزی و چەند چامەیەکی دی - ئانا ئاخماتۆفا، بڵاوەخانەی کندی 2002 ئوردن.

*- کۆمەڵێك پاچڤەی دیکە : (زمانی هونەری شێوەکاری - یوماتۆف ، لە روسییەوە ، لە بڵاوکروەکانی بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و رۆشنبیری شاریقە، (مەشقی لیاقەتی بەدەنی ئەکتەر ) لە ئەڵمانییەوە ، لە بڵاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و رۆشنبیری شاریقە، (یەزدان و زانست )- جایتۆن و برایانی بۆگدانۆف، دیالۆگێکی زانستییە لەمەڕ فیزیای گەردوونی ، بڵاوەخانەی عاموون - 2000 و (ئەنسکلۆپیدیای فەزا) لە ئەڵمانییەوە بەرگێکی گەورەیە، چەندین کتێبی لە خۆ گرتووە 2003

*- بەرهەم و نووسینی دیکە : (چەند سیمایەکی رۆشنبیریی ئیماراتی) لە بڵاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و رۆشنبیری - شاریقە، 200 (تیوریانی راگەیاندن و تەماسی جەماوەری) کۆ باس وگوتار - بڵاوەخانەی کندی 2003 ، (پرۆپاگەندەو تەماسی جەماوەری لە مێژوودا) بەرگی یەکەم (مێژووی شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتی کۆن ) 2012 بڵاوەخانەی فارابی.

*- چەندین دەستنووسی، چ نووسین ودانان وچ وەرگێڕان ئامادەیە بۆ چاپ.

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا 2010/8/20راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007
3- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم 1988
4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005
8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی

9- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007

10-شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێڕان.

11- هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان

12 – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006

13- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق

14- دووره وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان

15- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008

16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر

17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985

18- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006

19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوک

20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی

21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوک

22-دیدارو دەقو رەخنە،چ2005،1

23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1

24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوک

25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005

27- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1

28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004

29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006

30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011

31 –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998

32- چینی کۆن، چ1(        )دەزگای موکریانی

---

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

36- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)

37- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

43- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
44- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
47- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
49- ئەفسانەیێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

51- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی – کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی
52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
57- گوگول، نووسەری ریالیست
58- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
60- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008
64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008

65- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لـە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ2004،1،دەزگای سپیرێز
67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی
68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006
70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی
71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006
72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006
74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1
75- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008
76- مـەرگی نووسـەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك
77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009
78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004
80- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
81-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
83-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
84-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، حەمە کەریم عارف
85-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
86-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
87-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
88-ظل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمة جلال زنگابادی
89-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
90-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
91-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
92-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
93- نامەکانی تولستۆی
94- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف
95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد

96- الرحيل الدامی....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی
97- كڵاو سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان
98- ئەو پیاوەی سێبەرەكەی خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
99- دكتۆر...شانۆنامه...برانسیلاڤ
100- خەیام...زانای شاعیران وشاعیری زانایان /جەلال زەنگابادی
101- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
102- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / رۆمان / نودار دومبادزه
* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاكانه بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردی دەكات وبەرهەمی هەمه جۆر (نووسین و ئامادە كردن و وەرگێڕان) بڵاودەكاتەوە..
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هەر كەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بكات...